

# شێوازی ئاشتیانەی بەڕێوەبردنی تەنگژە ئاڵۆزەکان شکۆی سەرۆکی دەوڵەتمەدار تاقیدەکاتەوە

((چۆنییەتی بەڕێوەبردنی تەنگژەکان بۆتە ئەو دیاردەیەی کە ئاستی سەرکەوتن و شکستی حکومڕانی هاوچەرخی پێ دەناسرێتەوە، هەربۆیە لەکاتی تەنگژەکاندا، هاووڵاتیان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگە چاوەڕێی ئەوە لەسەرۆکەکەیان دەکەن ڕێوشوێنی پێویست وەربگرێت بۆ کۆنترۆڵکردنی تەنگژەکە و کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی، بەڵام لەهەمانکاتداو لەبەرامبەر ئەم چاوەڕوانییەی هاووڵاتیان، ڕکەبەرە سیاسییەکان کاتی تەنگژەکە وەك هەلێك وەردەگرن و ڕەخنە لەسەرکردەی حکومڕان دەگرن و سەرکۆنەی سیاسەتەکانی دەکەن، لەم ژینگە سیاسییە ئاڵۆزەدا پێویستە لەسەر ئەوانەی سیاسەتی بەڕێوەبردنی تەنگژەکە دادەڕێژن، هەستێك لای خەڵك دروست بکەن کە بارودۆخەکە ئاساییە، هەروەها دەبێت هەوڵ بۆ ئەوەبدەن کە بەشێوەیەکی جەماعی فێربین سوود لەئەزموونی تەنگژەکانی دیکە وەربگرین.. خاڵی گرنگ لەسیاسەتی بەڕێوەبردنی تەنگژەکان ئەوەیە، چۆن سەرکردە مامەڵە لەگەڵ ستراتیژیەتی ئەو تەحدیانە دەکات کە ڕووبەرووی دەبێتەوە، هەروەها چۆن مەترسی سیاسی و ئەو فرسەتانەی بۆی هەڵدەکەوێت و ئەو هەڵانەی دەیکات لەبەر چاویان دەگرێت و پێکەوە کۆیان دەکاتەوە.. زۆر گرنگە سەرکردە وریا بێت و لەو تەڵەزگانە دوور بکەوێتەوە کە دێنە ڕێی، هەروەها ئەو ڕێگایەشی گرتوویەتیە بەر بۆ کۆنترۆڵکردنی تەنگژەکە پێویستە بەردەوام چاودێری بکات.. سەرکردە و تەنگژە زۆر لێك نزیکن و پێکەوە دیمەنێك نمایش دەکەن، لەهەمانکاتدا خەڵکیش ئەزموونی لەگەڵ تەنگژە هەیە و دەزانن تەنگژە لەپڕ هەڕەشە و ناسەقامگیری لەوڵاتدا دروست دەکات، هەربۆیە تەنگژەی ترسناك، پێویستی بەوەرگرتنی ڕێوشوێنی بەپەلەو پێویست هەیە، ئەمەش ئەو هۆکارەیە کە لەحاڵەتی دروستبوونی تەنگژەدا خەڵك هەموو ئومێدی ئەوەیە سەرۆکەکەی شتێکی بۆ بکات، هەر ئەمەش وایکردووە کاتێك سەرۆك سەرکەتوو دەبێت لەدانانی سنوورێك بۆ تەنگژەیەکی دیاریکراو ڕەوینەوەی مەترسیەکەی، خەڵك وەك سەکردەی ڕاستەقینە سەیری سەرۆکی خۆی دەکات، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەدای سەرکەوتووی سەرۆك لەباری ئاڵۆز و نائاساییدا، دەبێتە تاقیکردنەوەیەك بۆ ئەوەی گەلەکەی شەرەفی سەرۆکی دەوڵەتمەداری پێ ببەخشێت و وەك سەرۆك دەوڵەتێکی سەرکەتوو سەیری بکات. بەڵام وێڕای هەموو ئەمانەش دەبێت ئاماژە بەو ڕاستیە بکەین بەڕێوەبردنی تەنگژە هەرگیز کارێکی ئاسان نییە، خەڵك لەکاتی هەستکردن بەتەنگژەدا نیگەران دەبن و لەهەمانکاتدا نامۆن بەئاڵۆزییەکانی تەنگژەکە و میکانیزمی بەڕێوەبردنی تەنگژەکە)).

ئەرجین بۆین - پاول هارت



ئەگەر لەو خاڵەوە پرسیار بکەین ئایا بەڕێوەبردنی تەنگژە مانای چییە؟ یان ئایا مانای بەڕێوەبردنی سەرکەوتووانەی تەنگژە چییە؟ ئایا تەنگژە هەر ئەو تەنگژانەن کە کاری لەسەر دەکرێت؟ یان بەڕێوەبردنی تەنگژە هۆکاریکە بۆ دوورخستنەوەی تەنگژە و کەمکردنەوەی دەرهاویشتە سلبیەکانی؟ لەم خاڵەوە وەك لەدەسپێکی ئەم ڕاپۆرتەشدا هەردوو پرۆفیسۆر ئەرجین بۆین و پاول هارت ئاماژەیان پێکردووە، چۆنییەتی بەڕێوەبردنی تەنگژە، شێوازی سەرکەوتن و شکستی حکومڕانی هاوچەرخی پێ دیاری دەکرێت، ئەمەش مانای ئەوەیە حکومڕانی هاوچەرخ کە مانای حکومڕانی باش و سەرکەتوو لەخۆی دەگرێت، ئامانجی ئاشتی و سەقامگیرییە و ئەگەر تەنگژەیەکیش هاتە پێشەوە یان مەزندەی دروست بوونی تەنگژەیەك هاتە ئاراوە، ئەوا دەبێت بەشێوازی ئاشتیانە چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە، کەواتە لەم چوارچێوە گشتیەدا، مانای بەڕێوەبردنی تەنگژە واتە بەڕێوەبردنی تەنگژە بەئاراستەی چارەسەری ئاشتیانە و مامەڵە لەگەڵ کردنی لەچوارچێوەی هێزی نەرمدا، ئەم حاڵەتە هەتا ئەگەر تەنگژەکە ڕەگی قوڵی توندوتیژیشی تێدابوو، ئەوا بەڕێوەبردنی

> **خاڵی گرنگ لەسیاسەتی بەڕێوەبردنی تەنگژەکان ئەوەیە، چۆن سەرکردە مامەڵە لەگەڵ ستراتیژیەتی ئەو تەحدیانە دەکات کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە**

تەنگژەکە بەهێزی نەرم ئاراستەی تەنگژەکە لەتوندوتیژییەوە دەگۆڕێت بۆ ئاراستەی ئاشتی و چارەسەری کێشەکان بەرێگەی گفتوگۆ، ئەم لایەنە لەزانستی سیاسیی هاوچەرخدا ناویان لێناوە(وەرچەرخانی تەنگژەکان- Conflict transformation)، بەڵام بۆ ڕۆژگاری ئەمرۆ کە بیرمەندێکی ئەڵمانی ئۆلیریچ بیك لەساڵی ١٩٩٢ ئاماژەی پێکردووە (ئێمە لەناو کۆمەڵگەیەکی مەترسیدا دەژین- Risk society)، پرسیار ئەوەیە کاتێك هەموو کۆمەڵگەکان مەترسیدار بن بەوەی لەپڕ ڕووبەڕووی تەنگژەی ئابووری و نەخۆشی و ئاسایش ببنەوە، ئایا کۆمەڵگەی ئێمە لەو مەترسیانە بەدەرە؟ لەوەڵامی ئەو پرسیارەدا دەڵێین کۆمەڵگەی ئێمە نەك لەو مەترسیانە بەدەر نییە، بەڵکو مەترسیەکی دیکەشی هەیە کە لەناکاو لەزۆبەی کاتدا ڕووبەڕووی دەبێتەوە، ئەویش هاتنی تەنگژەی سیاسییە لەدەرەوە، واتە لەدەرەوەی سنوورەکانی هەرێمەوە دێتە ناو هەرێمەوە، ڕاشکاوانەتر واتە ئەو تەنگژە سیاسیانەی لەعێراق و دەوڵەتانی دراوسێیەوە دێنە ناو هەرێمی کوردستانەوە،

> **مانای بەڕێوەبردنی تەنگژە واتە بەڕێوەبردنی تەنگژە بەئاراستەی چارەسەری ئاشتیانە و مامەڵە لەگەڵ کردنی لەچوارچێوەی هێزی نەرمدا**

هەربۆ نموونە لەماوەی چەند مانگی ڕابردوو هەتا ئێستا چەندین تەنگژەی سیاسیی لەودیو سنوورەکانی هەرێمەوە هاتوونەتە ناو سنوورەکانی ئێمە و سەرۆکی هەرێمی کوردستان ناچار بووە وەك تەنگژەیەکی سیاسیی پێوەندار بەهەرێمی کوردستانەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکات، لەوانە:

١- لەناوچە دابڕاوەکانی هەرێمی کوردستاندا، هاووڵاتیانی کورد لەو ناوچانە هیچ کێشەیەکیان لەگەڵ پێکهاتە جیاوازەکان بەتایبەتی عەرەبی ئەو ناوچانە نییە، تەنانەت هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش کە لەو ناوچانە بوون هیچ کێشەیەکیان بۆ هاووڵاتیانی عەرەبی ئەو ناوچانە دروست نەکردووە، بەڵام لەپڕ لەخانەقین و جەلەولا و سەعدیەو پارێزگای نەینەوا، لەسەر ناسنامەی نەتەوەیی هێرش دەکرێتە سەر کوردی ئەو ناوچانە و کۆمەڵکوژیان دەکەن یان ناچاریان دەکەن هەڵبێن و زێدی خۆیان بەجێ بهێڵن.

ئەم تەنگژەیە کە تەنگژەیەکی سیاسییە لەوانەیە سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان مەزندەی ئەوە نەکات کێشەی لەو جۆرەی بۆ دروست بێت، بۆیە کە دروست دەبێت ڕاستەوخۆ دێتە ناو هەرێمەوە و دەبێت ڕێوشوێنی پێویست بۆ ڕاگرتنی ئەو تەنگژەیە وەربگیرێت، وەرگرتنی ڕێوشوێنی پێویستیش دەبێت بۆ سنووردارکردن و کۆنترۆڵکردنی کێشەکە و کەمکردنەوەی دەرهاویشتە سلبیەکانی بێت، لەبەر ئەوەی ئەوانەی ئەو کارانە ئەنجامدەدەن دەیانەوێت عێراق بگێڕنەوە بۆ سەردەمی دیکتاتۆری و تاکڕەوی و بەرژەوەندی ئەوان لەوەدایە کە ئاژاوە و شەڕی ئیتنی و تائیفی لەنێوان پێکهاتە جیاوازەکان دروست بێت، بەڵام وەك بینیمان سەرۆکی هەرێمی کوردستان وەك فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگە کاتێك فەرمانی دەرکرد بۆئەوەی پێشمەرگە بچێتە ئەو ناوچانە بۆ کۆنترۆڵکردنی تەنگژەکە بوو، نەك ئاڵۆزکردنی.

٢- هەرێمی کوردستان خوازیاری ئەوەیە پێوەندی دۆستانەی لەسەر بنەمای هاوسێیەتی باش لەگەڵ دراوسێکانی هەبێت، کۆماری ئیسلامی ئێران کە درێژترین سنووری لەگەڵ هەرێم هەیە لەحاجی ئۆمەرانەوە تا خانەقین، یەکێکە لەو دراوسێیانەی کە هەمیشە هەرێمی کوردستان هەوڵیداوە کێشەی لەگەڵیدا نەبێت، بەڵام لەهاوینی ڕابردوو تا ئەم دواییەش ڕۆژانە کۆماری ئیسلامی ئێران ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بۆمباباران دەکرد، ئەمەش بەبیانووی ئەوەی چەکدارانی پژاك لەو سەر سنوورە بوونیان هەیە، کۆماری ئیسلامی پێش هەر لایەکی دیکە دەزانێت پاراستنی ئەو سنوورە فراوان و سەختە لەدەسەڵاتی وڵاتەکەی خۆشیدا نییە، لەبنەڕەتیشدا کێشەی پژاك و کۆماری ئیسلامی ئێران کێشەیەکی ناوخۆیی ئەو وڵاتەیەو هیچ پێوەندی بەهەرێمی کوردستانەوە نییە، بەڵام بینیمان ئەویش لەپڕ بووە تەنگژەیەکی ئەمنی و سیاسیی و هاتە ناو هەرێمی کوردستانەوە، بەڵام ئەوەی جێگەی هەڵوەستە لەسەرکردن و بایەخدانە، چۆنییەتی مامەڵەکردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بوو لەگەڵ ئەم تەنگژەیەش، وەك بینیمان بەجۆریك مامەڵەی لەگەڵ کرا، کە نە هێشتی توندوتیژی نێوان هەردوو لایەنە سەرەکیەکە بەو ئاستە بەردەوام بێت، نە هێشتیشی هەرێمی کوردستان لەشەڕێکەوە بگلێت کە لەهیچ لایەنێکەوە لەبەرژەوەندیدا نییە.

٣- تورکیاش کە یەکێکە لەدراوسێ گرنگەکانی هەرێمی کوردستان، دیسان هەمان کێشەی سیاسیی ناوخۆی وڵاتی خۆی زۆر جار هەناردەی هەرێمی کوردستان دەکات و بەناچاری دەبێتە تەنگژەیەکی سیاسیی لەنێوان تورکیاو هەرێمی کوردستاندا، ئەویش گرفتی پەکەکەیە، ئەم تەنگژانە کە لایەنی بەرامبەر لەهەموو لایەکی دیکە باشتر دەزانێت ئەم کێشانە بێجگە لەچارەسەری ئاشتیانە چارەسەرێکی دیکەی نییە، زۆر جار دەکرێتە بیانوو و دەگوازرێنەوە بۆ ناو هەرێمی کوردستان، هەربۆ نموونە ئەگەر هێزەکانی پێشمەرگە ئەو توانایەیان نەبێت ڕێگربن لەوەی چەکدارانی پەکەکە لەسنوورەکانەوە ئاودیوی ئەم دیو ئەودیو بن، خۆ تورکیا یەکێکە لەدەوڵەتە گەورەکانی ناتۆ و خاوەنی سوپایەکی مۆدێرنن و پێشکەوتووترین تەکنۆلۆژیای هەواڵگری و هێزی ئاسمانی و زەمینی هەیە، بۆیە پرسیار ئەوەیە بۆچی تورکیا ناتوانێت لەدیوی خۆیەوە سنوورەکانی خۆی بپارێزێت و ڕێگە نەدات ئەو چەکدارانە لەسنوورەوە بچنە ناو خاکی تورکیاوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئەوەیە پاراستنی ئەو سنوورە سەختەی نێوان

> **ئەزموونی یەکێتی ئەوروپا ئەوەمان پێدەڵێت دەکرێت لەچوارچێوەی جوگرافیایەکی نەگۆڕدا، ئاراستەی کێشە و تەنگژەکان لەتوندوتیژیەوە بۆ ئاشتی بگۆڕێت و شێوازی پێوەندی نێوان گەل و نەتەوەکان لەدوژمنایەتیەوە بۆ ئاشتی و هەماهەنگی و هاریکاری بگۆڕدرێت**



هەردوولا لەتوانای هیچ لایەکدانییە، تێگەیشتن لەم واقیعە و گۆڕینی ئاراستەی چارەسەری سەربازی بۆ کێشەکە بۆ ئاراستەی ئاشتیانە و دیالۆگ لەگەڵ ئەوەی کارێکی ئاسان نییە، بەڵام لەهەمانکاتدا بێجگە لەم ڕێگەیە ڕێگەیەکی دیکە نییە، سەبارەت بەم لایەنە لەژمارەی ڕابردووی گوڵاندا، پرۆفیسۆر ئالۆن بن مایەر کە یەکێکە لەنووسەرە ناسراوەکانی گۆڤاری (تورکیش ویکلی جۆڕناڵ) کە سەر بەسەنتەری یۆساکە و بەزمانی ئینگلیزی لەتورکیا دەردەچێت، لەوتارێکی تایبەتیدا کە بۆ گوڵانی نووسیبوو، ڕاشکاوانە جەختی لەسەر ئەوەکردبۆوە، یەکێك لەهەنگاوە گرنگەکانی پارتی دادو گەشەپێدان دوای سەرکەوتنی لەهەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٢ ئەو پەیامە بوو کە ئاراستەی ستافی ژەنراڵی سوپای کرد بەوەی ٢٠ ساڵە چارەسەری سەربازی بۆ گرفتی پەکەکە تاقیدەکرێتەوە، بەڵام ئاکامەکەی بێجگە لەخوێنڕشتنی زیاتر و ئاڵۆزبوونی زیاتری کێشەکە هیچی دیکەی بەرهەم نەهێناوە، بۆیە کاتێك پارتی داد و گەشەپێدان هەوڵیدا ئاراستەی چارەسەری ئەم کێشەیە لەسەربازییەوە بگۆڕێت بۆ چارەسەری ئاشتیانە، بووە هۆکاری ئەوە گۆڕانێکی جۆری لەسیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەی تورکیا بێتە ئاراوە، هەتا لەساڵی ٢٠٠٩ دەستپێشخەری کرانەوەی دیموکراتی ڕاگەیەنرا کە هەموو ئەو دەوڵەت و لایەنانەی خوازیاری چارەسەری ئاشتی بوون بەهەرێمی کوردستانیشەوە، ئامادەبوون بۆ چارەسەری ئاشتیانەی ئەو کێشەیە هاریکاری تورکیا بکەن، بەڵام ئەوەی نیگەرانی لای چاودێران دروستکردووە، خاوبوونەوەی هەنگاوەکانی پارتی داد و گەشەپێدان بووە لەساڵی ڕابردوو دووبارە پەنابردنەوەی بووە بۆ چارەسەری سەربازیانە، بۆیە لەم حاڵەتەدا وەك زۆربەی پسپۆران ئاماژەیان پێکردووە، شێوازی بەڕێوەبردنی ئەم تەنگژەیە لەلایەن سەرۆك بارزانییەوە بووە هۆکاری ئەوەی کە سنوورێك بۆ کاری توندتیژی و سەربازی لەنێوان هەردوولا دابنرێت و جارێکی دیکە پارتی داد وگەشەپێدان بگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی نەرم و کرانەوە بەرەو دیموکراتی، هەروەك چۆن لەکۆتایی هەفتەی ڕابردوو جارێکی دیکە ڕەجەب تەیب ئەردۆگانی سەرۆك وەزیرانی تورکیا زۆر بوێرانە داوای لێبوردنی لەدانیشتوانی کوردی شاری دەرسیم کرد کە لەسییەکانی سەدەی ڕابردوو کۆمەڵکوژی لەدژیان ئەنجامدرابوو، ئەم هەنگاوە کە خزمەت بەچارەسەری ئاشتیانە و گێڕانەوەی متمانە لەنێوان کورد و حکومەتی تورکیا دەکات، لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانەوە بەگەرمی پیشوازی لێکراو وەك هەنگاوێکی بوێر هەژمار کرا، ئەمە لەکاتێکدایە کە ئەو تەنگژەیە هیچ پێوەندیەکی بەهەرێمی کوردستانەوە نییە، بەڵام وەك تەنگژەیەکی سیاسی مەترسیدار دێتەناو هەرێمی کوردستان و بەردەوام نزیکەی ٤٠٠ گوندی سنوورەکان لەژێر مەترسی بۆمبارانی دەوڵەتانی دراوسێدایە و ڕێگە نادرێت ئەو گوندانە





ئاوەدانبکرێنەوە، بەڵام پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەگەر لۆژیکی سەرۆك بارزانی نەبێت بۆ وەرچەرخانی ئاراستەی ئەم کێشانە لەتوندوتیژیەوە بەرەو ئاشتی، ئایا هەریەك لەم تەنگژانە هەڕەشەیەکی ترسناك لەسەر ئاییندەی هەرێمی کوردستان دروست ناکات؟

## چارەسەرکردنی ئاشتیانە لەجوگرافیای تەنگژەکاندا

کاتێك بیر لەوەرچەرخانی تەنگژەکان دەکرێتەوە، گرنگە جوگرافیای تەنگژەکە لەبەرچاو بگیرێت، لەبەر ئەوەی هەموو شتێك لەهاوکێشەی بەڕێوەبردنی تەنگژەکاندا بتوانرێت بگۆڕێت، بەڵام بەتەنیا جوگرافیا ناگۆڕێت، هەر بۆنموونە هەرێمی کوردستان وەك هەرێمێکی فیدراڵی لەگەڵ بەغدا لەیەکێتیەکی فیدراڵی پێکەوە کۆبکرێنەوە، یان هەرێمی کوردستان بشبێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ، ئەوا جوگرافیای هەرێمی کوردستان و بەغدا وەك یەك دەبێت و، ئەم جوگرافیایە دەتوانێت هۆکارێك بێت بۆ ناسەقامگیری و ئاژاوە بۆ هەرێمی کوردستان و دەشتوانێت ببێتە هۆکارێك بۆ پێکەوە ژیان و گەشەی ئابووری و پەرەپێدانی هەموو عێراق بەهەرێمی کوردستانیشەوە، ئەمە بۆ وڵاتانی دراوسێی هەرێمی کوردستانیش ڕاستە، دەکرێت ئەم جوگرافیایەی کە هەرێمی کوردستان بەدەوڵەتانی دراوسێیەوە گرێیدەداتەوە، ببێتە سەرچاوەی هەڕەشە و ناسەقامگیری بۆ یەکتری، هەروەها دەشکرێت ببێتە سەرچاوەی بەرژەوەندی هاوبەش و تەکامولی ئابووری هەرێمی لەچوارچێوەی گەشەسەندنی ئابووری ناوچەکە و هۆکارێك بۆ سەقامگیری و ئاسایشی هەرێمی لەسەر ئاستی ناوچەکە، لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر سەیری جوگرافیای ئێستای یەکێتی ئەوروپا بکەین لەگەڵ ناوەڕاستی سەدەی ڕابردوو و سەردەمی شەڕی سارد تا ڕووخانی دیواری بەرلین بەراوردی بکەین، دەبینین ئەو جوگرافیایەی ئەمڕۆ سنووری یەکێتی ئەوروپای پێکهێناوە، هەمان ئەو جوگرافیایە کە پێشتر کیشوەری ئەوروپای پێکهێناوە، بۆیە بەدرێژایی ٩٠ ساڵی سەدەی ڕابردوو گەل و نەتەوەکانی نێو ئەم جوگرافیایە هەر یەکەیان ئەوی دیکەی بەهەڕەشە بۆ سەر بوونی خۆی زانیووە و هەر ئەم ترسەش هەردوو شەڕی یەکەم و دووەمی جیهانی بەرهەمهێناو دوای ئەویش شەڕی ساردی بەرهەمهێنا کە نەك هەر بلۆك بەندی لەسەر ئاستی ئەوروپا دروستکرد، بەڵکو ئەم بلۆك بەندیە تەواوی جیهانی دابەشکردبوو، بەڵام ئەوەی جێگەی هەڵوەستە و تێڕامانە بۆ ئێستای جوگرافیای یەکێتی ئەوروپا ئەوەیە، کە لەیۆنانەوە تا پورتوگال هەموو دەوڵەتەکانی ناو ئەم یەکێتیە خۆیان بەتەواوکاری دەوڵەتەکانی دیکە دەزانن و ئامادەن لەچوارچێوەی ئەم یەکێتیدا ئابوورییەکی هاوبەشیان هەبێت و دەستووری هیچ کام لە٢٧ دەوڵەتە ئەندامەکەی ناو یەکێتییەکەش پێچەوانەی دەستووری یەکێتی ئەوروپا نەبێت، کەواتە ئەزموونی یەکێتی ئەوروپا ئەوەمان پێدەڵێت دەکرێت لە چوارچێوەی جوگرافیایەکی نەگۆڕدا، ئاراستەی کێشە و تەنگژەکان لەتوندوتیژیەوە بۆ ئاشتی بگۆڕێت و شێوازی پێوەندی نێوان گەل و نەتەوەکان لەدوژمنایەتیەوە بۆ ئاشتی و هەماهەنگی و هاریکاری بگۆڕدرێت، بەڵام ئەوەی لێرەدا گرنگە ئاماژەی پێبکرێت ئەوەیە کە ڕێکخستنەوەی توخمەکانی نێو ئەم جوگرافیایە بۆ ئەوەی ئاشتی و هەماهەنگی و پێکەوە ژیان بەرهەم بهێنێت کارێکی ئاسان نییە، بێجگەلەوەی پێویستی بەگۆڕینی بیرکردنەوەکان هەیە، لەهەمانکاتدا پێویستی بەگۆڕینی سیستمی چۆنییەتی تێڕوانینیش بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان هەیە، هەر بۆ نموونە لەسەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو کاتێك وەك هاریکارییەکی مرۆیی ناوچەی ئارام بۆ بەشێك لەهەرێمی کوردستان لەلایەن ڕۆژئاواوە دابینکرا، هەموو دەوڵەتانی دراوسێی و دەوڵەتانی عەرەبی پێیان وابوو، ئەمە دەبێتە سەرەتایەك بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان و دروستبوونی دەوڵەتی کوردستانیش دەبێتە سەرچاوەی هەڕەشەیەك بۆ ئاشتی و ئاسایشی هەرێمی و ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی و تا ئێستاش بەشێك لەم بۆچوونە بوونی هەیە، بەڵام لەماوەی زیاتر لە٢٠ ساڵی ڕابردوو سەرکردایەتی سیاسی کورد توانیوویەتی تارادەیەکی گەورە ئەو بۆچوونە پێچەوانە بکاتەوە، ئێستا لەبری ئەوەی هەرێمی کوردستان کە ماوەی ٢٠ ساڵە وەك دەوڵەتێکی دیفاکتۆ خۆی حکومڕانی خۆی دەکات و پابەندبوونە نێودەوڵەتیەکان لەگەڵ دراوسێکانی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی زۆر بەباشی جێبەجێ دەکات، ئەوا وەك دەبینن هەموو هەوڵەکانی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەیە ڕێگە لەشەڕ بگرێت و دەروازەیەك بۆ ئاشتی بکاتەوە،

**سەرۆك بارزانی لەماوەی بیست ساڵی ڕابردوو هەتا ئێستا توانی فۆرمێکی تازەی هاوپەیمانی هەرێمی پێکبهێنێت، واتە گۆڕینی هاوپەیمانی لەچۆنییەتی چارەسەرکردنی کێشەکان لەچارەسەری سەربازییەوە بۆ چارەسەری ئاشتیانە**



ئەم هەوڵەی بارزانی بۆ کردنەوەی دەروازەیەك بۆ ئاشتی لەسەر دوو خاڵی گرنگ دەکرێت هەڵوەستەی لەسەر بکرێت، یان ڕوونبکرێتەوە:

یەکەمیان: لەکۆتایی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو سەرۆك بارزانی پێشنیاری کرد کە پێویستە دیالۆگ لەنێوان نەتەوەکانی نێو ئەم پێگە جوگرافیە دەست پێبکات بۆ ئەوەی چارەسەری کێشەی کورد لەسەر ئاستی تەواوی ناوچەکە لەمەحاڵەوە بگۆڕێت بۆ مومکین، ئەمەش مانای ئەوەیە سەرۆك بارزانی دەمێکە گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی کە تەنیا دانوستاندنی فەرمی لەنێوان نوێنەرانی کوردی پارچەکانی کوردستان و حکومەتەکانیان نابێتە هۆکاری چارەسەری کێشەکان، بەڵکو چارەسەری ئاشتیانەی ئەم کێشەیە یان دانانی سیستەمێك بۆ ئەوەی بەشێوەی ئاشتیانە ئەم کێشەیە چارەسەر بکات، پێویستی بەلێکحاڵیبوونی کورد و ئەو نەتەوانەی دیکەش کە لەچوارچێوەی یەك وڵاتدا پێکەوە دەژین هەیە، ئەمەش واتە وەك چۆن پێویستە دیالۆگی نێوان هەردوو نەتەوەی کورد و عەرەب کە چەندین ساڵە هەنگاوی بۆ هەڵگیراوەو پێویستە بەردەوام بێت، بەهەمان شێوە پێویستە دیالۆگی نێوان کورد و تورك و کوردو فارسیش دەست پێبکات و بەردەوامی پێ بدرێت، بەردەوامی دیالۆگ و جەختکردنەوەی سەرۆك بارزانی لەسەری ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە بارزانی هەستی بەو ڕاستیە کردووە کێشەی نێوان کورد و دەوڵەتی تورکیا و ئێران و عێراق، بەجۆرێك لەنێوان کورد و نەتەوەکانی دیکە قووڵبۆتەوە کە ڕەگەکانی شۆڕبۆتەوە بۆ ناو نەسیجی کۆمەڵایەتی هەموو لایەك و کێشەکە بۆتە بەشێك لەنەسیجی کۆمەڵایەتی کورد و نەتەوەکانی دیکە، بۆتە هۆکاری ئەوەی لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی ئامادە باشی بۆ چارەسەری سەربازی و یەکلاکردنەوەی کێشەکان بوونی هەبێت، بۆیە کاتێك بمانەوێت سیستمی چارەسەری ئەم کێشانە بگۆڕدرێت، ئەوا ناکرێت ئەم پێکهاتە

**ئەگەر لەسەر ئاستی ناوخۆی هەرێمی کوردستان سیاسەتی ئاشتیانەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەیر بکەین، وێڕای ئەوەی بەردەوام تەنگژەی مەترسیدار هەوڵیداوە خۆی بکاتە بەشێك لەتەنگژەی هەرێمی کوردستان، بەڵام تەنیا کاتژمێرێکیش باری نائاسایی لەهەرێمی کوردستان ڕانەگەیەنراوە**

کۆمەڵایەتیە لەبەرچاو نەگیرێت یان فەرامۆش بکرێت، بۆیە بەگرنگی زانیوە ئامادەباشی لەنێو نەسیجی کۆمەڵایەتی کورد و نەتەوەکانی دیکە لەئامادەباشی شەڕ و توندوتیژییەوە بگۆڕێت بۆ ئامادەباشی بۆ ئاشتی و پێکەوە ژیان.

دووەمیان: سەرۆك بارزانی لەماوەی بیست ساڵی ڕابردوو هەتا ئێستا توانی فۆرمێکی تازەی هاوپەیمانی هەرێمی پێکبهێنێت، ئەمەش واتە گۆڕینی هاوپەیمانی لەچۆنییەتی چارەسەرکردنی کێشەکان لەچارەسەری سەربازییەوە بۆ چارەسەری ئاشتیانە، هەر بۆنموونە، پێش دروست بوونی نەوای ئارام کە هاوکات لەگەڵیدا حکومەت و پەرلەمانی هەرێمی کوردستانیش دامەزرا، شێوازی هاوپەیمانی ئیقلیمی نێوان ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکرابوو بۆ چۆنییەتی سەرکوتکردنی کێشەی کورد بووە، بەشێوازێکی دیکە ئەو وڵاتانە هاوکاری یەکتریان دەکرد بۆ ئەوەی لەو کێشە هاوبەشەدا بەشێوەی سەربازی یەکلای بکەنەوە، ئەم بۆچوونە لەگەڵ ئەوەی هەتا ئێستا ئاسەواری هەر ماوە، بەڵام لەگەڵ دروستبوونی هەرێمی کوردستان و دواتریش ئازادکردنی عێراق لەدیکتاتۆریی، جۆرێك لەگۆڕانکاری بەسەرداهاتووەو گۆڕانکارییەکانیش بەو ئاستەن کە زۆر لەتوێژەران و پسپۆران و چاودێرانی سیاسیی لەئاستی ئەم گۆڕانکارییانە سەرسامی دەردەبڕن، بەتایبەتی لەپێوەندییەکانی نێوان تورکیاو هەرێمی کوردستاندا، هەروەها لەدەستپێشخەریەکانی هەرێمی کوردستاندا بۆ چارەسەری ئاشتیانەی کێشەکانی عێراق، هەروەها سەردانی ئەم دواییەی سەرۆك بارزانی بۆ هەریەکێك لەتورکیا و کۆماری ئیسلامی ئاماژەیەکی ڕاشکاوانە بوو بۆئەوەی دەکرێت هاوپەیمانی لەسەر ئاستی ناوخۆ و ئیقلیمی و جیهانی لەنێوان دەوڵەتانی ئەم ناوچەیە بونیاد بنرێت لەپێناوی چارەسەری ئاشتیانەی کێشەکاندا، ئەم هەوڵە کە بەدرێژایی هەموو سەدەی ڕابردوو لەسەر ئاستی ناوچەکە بوونی نەبووە، سیاسەتی هێمن و ئاشتیخوازانەی سەرۆك بارزانی گەیاندویەتە ئەو ئاستەی کە هەنگاوی پراکتیکی بۆ هەڵبگیرێت.

لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر لەسەر ئاستی ناوخۆی هەرێمی کوردستان سیاسەتی ئاشتیانەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەیر بکەین، ئەوا ئەو ڕاستیەمان بەر چاو دەکەویت، وێڕای ئەوەی بەردەوام تەنگژەی مەترسیدار هەوڵیداوە خۆی بکاتە بەشێك لەتەنگژەی هەرێمی کوردستان، بەڵام بەجۆرێك مامەڵە لەگەڵ ئەو تەنگژانە کراوە، کە تەنیا کاتژمێرێکیش باری نائاسایی لەهەرێمی کوردستان ڕانەگەیەنراوە، ئەمەش متمانەیەکی ئەوتۆی لەنێوان گەلی کوردستان و سەرۆکایەتی سەرۆك بارزانی دروست کردووە، کە خەڵك هەست بکات سەرۆکەکەی ئەو توانایەی هەیە لەکاتە سەخت و ناسکەکاندا بڕیاری دروست و لۆژیکانە بۆ بەرژەوەندی گەلەکەی بدات.

## پاتریک دانیال گەفنی بۆ گوڵان:

# کاتێک قەیران سەرهەڵدەدات دەبێت هەموو هەوڵێک بدرێت

**پرۆفیسۆر پاتریك گەفنی ئوستادی ئەنترۆبۆلۆژیایە لەزانکۆی نۆرس داما و تایبەتمەندە لەبواری ئایین و سیاسەت و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و تەنگژە مرۆییەکان لەوڵاتانی ناوەڕاستی ئەفریقیا و میسر و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕوسیا، هەربۆیە شێوازی کارکردنی پرۆفیسۆر گەفنی لەسەر کێشەکان، شێوازی دیاریکردنی کاریگەری توخمەکانی نێو کۆمەڵگەن بۆ چۆنییەتی چارەسەرکردنی کێشەکان، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم لایەنە، پێوەندیمان بەپرۆفیسۆر پاتریك گەفنی کرد و بەمجۆرە بیروبۆچوونی خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو:**

((یەکێك لەبەرپرسیارێتیەکانی سیاسەتمەداری باش یان سەرکردەی سیاسی باش بریتییە لەچارەسەرکردنی گرژی و گەیشتن بەرێککەوتنەکان، هەروەها بوونی



سیستمێکی کۆمەڵایەتی کارا کە ڕێگری بکات لەوەی خەڵك مافی یەکتر پێشێل بکەن. کەواتە ئەمە پێویستی بەگفتوگۆیە، پێویستی بەوە هەیە داوا لەخەڵك بکەیت مەنتیقی بن و بەو شێوەیە لەیەکتر بڕوانین کە هەریەکەمان کەسێکی خاوەن مافین. زۆرێك لەو قەیرانانە، کە گریمانەی من ئەوەیە ئێمە باسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکەین، بەبیرکردنەوە لەسوریا، بەبیرکردنەوەی لەوەی لە«میدان التحریر» ڕوودەدات، بەبیرکردنەوە لەشێوازی جەمسەرگیری فەلەستینی و ئیسرائیلیەکان. ڕەنگە ئەو کەسانە بەڕاستی ڕێز لەیەکتر نەگرن، وەك شەیتان سەیری یەکتر دەکەن، وەك دوژمنێك سەیری دەکات کە ئامادەی دەست هەڵگرتن نییە لەدژایەتیکردن. لەبری هەوڵدان بۆ گفتوگۆکردن و کۆکردنەوەی خەڵك پێکەوە، پەنا بۆ توندوتیژی دەبەن، پەنا بۆئەوە دەبەن خۆیان لەوە لابدەن لەگەڵ یەکتر دابنیشن. کاتێك قەیران سەرهەڵدەدات، دەبێت دوو شت بکرێت، دەبێت هەموو هەوڵێك بدرێت بۆ ئیحتیواکردنی، لەبەرئەوەی تۆ ناتەوێت توندوتیژی بڵاوبێتەوە. دەبێت بەدوای زەمینەی هاوبەشدا بگەڕێیت، دەبێت بەو شێوەیە سەرچاوەکان ڕێکبخەیت کە ڕێگە بە بەردەوامبوونی قەیرانە و بە بەرفراوانبوونی زیاتر یان تەقینەوەی قەیرانەکە نەدەیت. هەروەها دەبێت هەوڵێك هەبێت بۆ دروستکردنی چوارچێوەیەك بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی دەرفەتی نوێ لەئاییندەی نزیك و دووردا، ئەمەش یەکێکە لەکێشەکانی زۆرێك لەوڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کە کەلتوری بەشداری کردن لەژیانی سیاسیدا نەبووە، لەزۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سەرچاوەی هەواڵ سنووردار بووە، لەبەر ئەوە خەڵکی نازانێت چی لەناو حکومەتەکانیاندا دەگوزەرێت، پڕوپاگەندە دەبیستن، گوێیان لەقسە و قسەڵۆك دەبێت، ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانیان بەدەست دەگات کە زۆربەی جار لایەنداری پێوە دیارە، یاخود یەك



## نیکا کارستارفن بۆ گوڵان:

# بەڕێوەبردنی قەیران لەسەر ئاستی کورت مەودا ڕاگرتنە

**پرۆفیسۆر نیکا کارستارفن یەکێکە لە ئەندامانی دامەزرێنەری ئامۆژگای هاوپەیمانیە بۆ وەرچەرخانی تەنگژەکانە( ICAR)و، وتێزی دکتۆراکەشی بەناونیشانی شیکاری تەنگژەکان و دۆزینەوەی چارەسەر بۆیان، هەروەها کاری لەسەر کێشەکانی ئیرلەندای باکور و جۆرجیا و ئەبخازیا و کازاخستان و ڕوسیا و ئوکرانیا و ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا و هەروەها ناوەڕاست و باشووری ئەمریکا کردووە، بۆ قسەکردن لەسەر چۆنیەتی کارکردن لەسەر ئەو تەنگژانە و تایبەتمەندی تەنگژەکان، پرۆفیسۆر نیکا کارستارفن لە لێدوانێکی تایبەتدا بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی:**

((کە باسی بەڕێوەبردنی قەیران دێتەئاراوە، مەسەلەکە پەیوەست دەبێت بە توندوتیژییەك کە پێشوەختە سەری هەڵداوە یاخود توندوتیژییەك کە پێشبینی دەکرێت سەرهەڵبدات، هەربۆیە هەوڵەکان لەم چوارچێوەیەدا دەبێت بۆ وەستانی یاخود نەهێشتنی ڕوودانی ئەو توندیژیە بێت. لە هەر پرۆسەیەکی وەرچەرخانی تەنگژەکاندا، لەسەر دوو ئاست کاردەکرێت، کە یەکەمیان لەسەر ئاستی کورت مەودایە بۆ وەستان یان نەهێشتنی توندوتیژیەکەیە، دووەمیان ئامانجی دوورمەودایە کە هەوڵدانە بۆ گەیشتن بە چارەسەری ئاشتیانەی قەیرانەکە و دۆزینەوەی هۆکاری قەیرانەکەیە، هەربۆیە لەوانەیە وەك هەنگاوی یەکەم بەڕێوەبردنی قەیران بکەوێتە ناو چوارچێوەی ئامانجی کورت مەودا کە ڕاگرتن یان نەهێشتنی توندوتیژییە، بەڵام لەهەمانکاتدا پێویستە بەڕێوەبرەدنی قەیران ئامانجی دوور مەوداش لەخۆی بگرێت کە چارەسەرکردنی قەیرانەکەیە. هەروەها لەبەڕێوەبردنی قەیراندا ڕۆڵی سەرکردەی کارا کە خاوەنی بنکەیەکی فراوانی جەماوەری گرنگە، لەدەرەوەی قەیرانیش ڕۆڵی ئەم سەرکردەیە هەر گرنگە، بەڵام لەکاتی قەیراندا زیاتر ئەم ڕۆڵە دەردەکەوێت، بۆیە، هەبوونی سەرکردەیەکی کارا گرنگە بۆ خستنەڕووی کێشەکان لە پرۆسەی کورت مەودای بەڕێوەبردنی قەیران کە پێویستیی بە وەڵامدانەوەی خێرا هەیە، بەڵام چەندین جۆری جیاواز لە سەرکردایەتی



هەیە، سەرکردایەتی هەیە کە لەڕوانگەیەکی پۆزەتیڤەوە سەیری شتەکان دەکات و هەوڵدەدات بۆ خستنەڕووی کێشەکان لەپێناو بەڕێوەبردن و خۆلادان لە قەیرانەکان، بۆیە مەسەلەکە تەنیا ئەوەندە نییە کە سەرکردایەتی هەبێت، بەڵکو زیاتر پەیوەستە بە جۆری ئەو سەرکردایەتییەی کە پشتی پێ دەبەستن، ئەگەر پشت ببەستن بە سەرکردایەتییەکی شمولی ئەوە لەوانەیە چەند ئامانجێکی کورت مەودا وەدەست بێنن، بەڵام لەوانەیە چارەسەری دوور مەودایان نەبێت، بۆیە مەسەلەکە پەیوەستە بە جۆری ئەو سەرکردایەتییەی کە مەبەستتانە. ڕاپرسی ڕێگەچارەیەکی خێرایە بۆ وەدەستهێنانی وەڵام، هەروەها میدیا-ش ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لەمبارەیەوە، بەڵام وەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد ئەمە پەیوەستە بە جۆری بارودۆخەکان، بۆنموونە ئایا بوار هەیە بۆ

# بۆ ئیحتیواکردنی


لایەنی مەسەلەکەی خستۆتەڕوو، کەواتە ناتوانن بەباشی ڕەخنەبگرن، دواتر دامەزراوە مەدەنییەکان دروستدەبن، یەکێتیەکانی کار، ڕۆژنامەکان و ڕێکخراوە ئاینییەکان، مامۆستایان و پزیشەکان و ئەندازیارەکان دەتوانن خۆیان ڕێکبخەن و دەتوانن بەشداری ئیجابی لەپرۆسەکەدا بکەن، بەڵام ئەمانە بەشێوەیەکی بەربڵاو غائیبن لەوڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. بەداخەوە ئەو کەسانەشی دەسەڵاتیان لەدەستە ئامادەنین گفتوگۆ لەگەڵ هاووڵاتیە بەرپرسەکانی دیکەدا بکەن، من بیر لەسوریا دەکەمەوە لەئێستادا، کە ڕەنگە باشترین نموونە بێت. بەکورتی بۆ چارەسەری قەیران دەبیت گفتوگۆیەکی کراوە لەگەڵ بەشێکی بەرفراوانی دانیشتواندا بکرێت، کەواتە من دەڵێم ئەوە یەکەم شتە، تۆ پێویستت بەکرانەوە هەیە لەئاست خەڵکدا، دووەم دەبێت سەرکردەیەك هەبێت کە لەڕووی ئەخلاقیەوە بەرپرسیار بێت، کە مەبدەئێکی هەبێت و ڕۆڵی خۆی بەو شێوەیە پێناسە بکات کە بریتی نییە لەخزمەتکردن بە بەرژەوەندیەکانی خۆی.

# ـی توندوتیژییە

بەشداریکردن لەگەڵ ئەو گرووپانەی کە هێزی زیاتریان لەبەردەستە، یاخود گرووپەکانی دەسەڵات، هەروەها شتەکە پەیوەستە بەو ئەگەرەی کە ئایا بەشداریکردن لەگەڵ ئەو گرووپانە دەبێتە بەشێك لە بەڕێوەبردنی قەیران و بەشێك لە بەڕێوەبردنی گۆڕانکاری یان نا، ئەم مەسەلەیە پێویستیی بە کارکردن هەیە لەسەر ئاستی ناوخۆیی بۆئەوەی کەمینە و گرووپە ئیتنی و نەتەوە بچووکەکان بتوانن خۆیان بکەن بە گرووپێکی بەهێز و پاشان هەڵستن بە دروستکردنی هاوپەیمانێتی لەگەڵ گرووپی فراوان یاخود گرووپ و کەمینە و نەتەوە بچووکەکانی تر، ئەو وڵاتانەی کە پێکهاتوون لە کەمینە و گرووپی ئیتنی و نەتەوەیی و ئایینیی جیاواز، پێویستە جۆرە ئامانجێك یان بەرژەوەندییەکی هاوبەش بدۆزنەوە، یاخود لەوانەیە چەند پێداویستییەکی هاوبەش لەنێوانیاندا بوونی هەبێت وەکو هەڵکشانی ئابووری یاخود سیاسی یان هەر جۆرێکی تر کە بتوانێت هەموویان پێکەوە کۆبکاتەوە، ئەمە ئەو شتانەیە کە پێویستە لەسەر گرووپەکان دەستنیشانیان بکەن و کاری لەسەر بکەن، بەتایبەتی لەکاتی قەیرانەکان.


**لویس کێسبیرگ بۆ گوڵان:**

# مارتن لۆتەر کینگ بۆیە بڕیارەکەی سەرکەوت لەبەر ئەوەی توانی لەناو سپی پێستەکاندا پشتگیری بۆ یەکسانی ڕەش پێستەکان پەیدا بکات



**پرۆفیسۆر لویس کێسبیرگ ئوستادی زانستی سیۆسیۆلۆژیایە لەزانکۆی شیکاگۆ و تایبەتمەندە لەبواری چارەسەرکردنی کێشەکان و لەساڵی ١٩٨٦- ١٩٩٤ بەڕێوەبەری پرۆگرامی چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکان بووە، بۆ قسەکردن لەسەر چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکان بەڕێگەی ئاشتیانە، پێوەندیمان بە پرۆفیسۆر لویس کێسبیرگ کرد و بەمجۆرەی ڕای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی:**

((بەڕێوەبردنی تەنگژە یان هەوڵدان بۆ وەرچەرخانی تەنگژە بۆ چارەسەرکردنی بەشێوازی ئاشتیانە زۆر گرنگە، لەبەرئەوەی پێش سەرهەڵدانی توندوتیژی جۆرە تێگەیشتنێك فەراهەم دەکات و دەبێتە مایەی ڕێگەگرتن لەسەرهەڵدانی توندوتیژیی گەورەتر. لەم چوارچێوەیەدا ڕۆڵی سەرکردایەتی زۆر گرنگە، بەڵام پێموایە لەوە گرنگتر ئەوەیە کە پێویستە ئەو سیستەمەی کە سەرکردە لەچوارچێوەیدا کاردەکات تا بکرێ خەڵکی زیاتر لەخۆبگرێ لە پرۆسەکانی دروستکردنی بڕیاردا. بەڵام بێگومان هەندێك کات تەنگژە هەیە کە بارودۆخەکەی وا پێویست دەکات، کە بڕیارەکان بەشێوەیەکی تایبەتی بدرێن، لێرەدا قەیرانەکەی «کوبا» دێتە یادم کاتێك سەرۆك «کەنەدی» ڕاوێژکاریی کرد لەگەڵ ژمارەیەکی فراوان لە هاووڵاتیان بۆ ماوەی زیاتر لە دوو هەفتە پێش ڕاگەیاندنی، ئەمەیش ڕێگەچارەیەکی زۆر باش بوو کە سەرۆك «کەنەدی» گرتیەبەر، لەبەرئەوەی بوارێکی فراوانی فەراهەمکرد بۆ داڕشتنی ئەو بڕیارەو و ڕاوبۆچوونی فراوانی وەرگرت و لەئاکامدا خرایە تاوتۆکردن و دۆزینەوەی ئەڵتەرناتیف. بەڵام سەرۆك بوش بەو شێوەیەی نەکرد لە وەگرتنی بڕیاری داگیرکردنی عێراقدا، لەسەر ئاستی دیکەش داڕشتنی بڕیار بۆ چارەسەری تەنگژەکان پێویستی بە دروستکردنی هاوپەیمانێتی لەگەڵ گرووپەکانی دیکە هەیە، لەوانەیە ئەمە کارێکی زەحمەت بێت، بەڵام پێویستە، لەگەڵ دۆزینەوەی هاوپەیمان لەنێو ڕکابەرەکان. بەڕای من زۆربەی ڕێکخراوەکان چەندین لایەنیان لەخۆگرتووە، پێموایە «مارتن لوتەر کینگ» و سەرکردەکانی «خەباتی مافی مەدەنی» لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا زۆر ژیر بوون لە دۆزینەوەی هاوپەیمان لەنێو هاوڵاتییە ئەمریکییە سپی پێستەکاندا، لە باکوور و تەنانەت لە باشووریش، ئەوان هەستیان بە هەڕەشەکرد بۆیە ژیرانە بیریانکردەوە بۆ دۆزینەوەی هاوپەیمان و ئەوە بوو وەدەستیان هێنا، ئەوان هەڵستان بە بانگەشە و داواکاری کە بووەمایەی ڕاکێشانی سەرنجی هاووڵاتییە ئەمریکیە سپی پێستەکان، بانگەشەیان کرد بۆ پرانسیپە سەرەکیەکانی ئەمریکا و مافی یەکسانی بۆ هەموان، کە ئەم شتانەیش بەلای هەموو هاووڵاتیانی ئەمریکا-وە پەسەندن. بۆیە، ئەمانە هەندێك لە ڕێگەچارەکانە کە لەڕێگەیدا هەندێك لە گرووپ و کەمینە بچووك و لاوازەکان دەتوانن بارودۆخە هەستیارەکان ببەزێنن و خۆیان بسەلمێنن. ئەمە پێمان دەڵێت پێویستە هەمیشە سەرکردەکان ئەوەیان لەیاد بێت، کە دەبێت لەکاتی دروستکردنی بڕیاردا ئەو ڕاستیە لەبەرچاو بگرن و لەسەر ئاستی دوورمەودا پشتگیریەکی فراوانی بۆ دروست بێت، لانی کەم زۆربەری جەماوەری وڵات پشتگیری لێ بکات.



ماسیۆ کرۆین بۆ گوڵان:

# یەکێک لە خەسڵەتەکانی قەیران ئەوەیە کە هەم دەرفەتە و هەمیش هەڕەشەیە، لەبەر ئەوەی بوونی قەیران سیستمە سیاسییەکە بەئاگا دەهێنێتەوە

**پرۆفیسۆر ماسیۆ کرۆین کە ئوستادی حکومەتە لەزانکۆی جۆرج تاون، هەتا مانگی تەمموزی ئەمساڵ ڕاوێژکاری تایبەتی وەزیری بەرگری ئەمریکا بووە بۆ پەرەپێدان و جێبەجێکردنی ستراتیژیەتی سیاسەتی بەرگری لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، خاوەنی کتێبی (هەناردەکردنی بۆمبا: گواستنەوەی تەکنۆلۆژیا و بڵاوبوونەوەی چەکی نیوکلیاری)، هەربۆیە سەبارەت بەخەسڵەتی تەنگژە و چۆنییەتی خۆلادان لەتەنگژەکان، پێوەندیمان بەپرۆفیسۆر ماسیۆ کرۆین کرد و لەئاخاوتنێکی تایبەت بۆ گوڵان بەم جۆرە هاتە ئاخاوتن.**

*** ئیدارەکردنی قەیرانەکان بەشێکە لەهونەری سیاسی، ئەوکاتە توانای سیاسەتمەدارەکان دەردەکەوێت کە دووچاری قەیرانێك دەبن بەوەی ئایا دەتوانن ئیدارەی ئەو قەیرانە بکەن و بەئاشتیانە چارەسەری بکەن، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ژیری و توانای سەرکردە یان سیاسەتمەدارەکان چییە لەئیدارەکردنی قەیرانەکاندا؟**

- ئەمە پرسیارێکی باشە، خەسڵەتی قەیران ئەوەیە هەم هەڕەشەیە و هەم دەرفەت، هەڕەشەیە بەو مانایە گرفت و هەڵە لەچەندین شتدا هەیە، دەرفەتیشە بەو مانایەی قەیران بەزۆری دەبێتە هۆی هەژاندنی سیستمە سیاسییەکە کە بوار بۆ سیاسییەکان دەڕەخسێنێت چاکسازی بکەن، یاخود ئەو سیاسەتە بگرنەبەر کە دەیانگەیەنێتە دۆخێکی باشتر لەدۆخی سەرەتا، کەواتە مەسەلەی سەرەکی بەلای سیاسییەکانەوە ناسینەوە و دەستنیشانکردنی دەرفەت و هەروەها هەڕەشەیە لەو قەیرانەی سەرهەڵدەدات.

*** ئەگەر کۆمەڵگەیەك یان دەوڵەتێك دووچاری قەیران هات، ئەمە بەمانای ئەوەدێت کە لەدۆخێکی نائاساییدان، پرسیارەکە ئەوەیە خەڵکی چۆن بتوانن لەسەردەمی قەیراندا بەشداری لەژیانی سیاسیدا بکەن؟**

- ڕوونە کە بەشداری خەڵك زۆر گرنگە، بەتایبەتی لەکۆمەڵگەیەکی دیموکراسیدا، لەکاتی بوونی قەیرانیشدا ئەم مەسەلەیە هەروەك خۆی دەمێنێتەوە، خەڵکی دەتوانن بەشداری بکەن لەڕێی نووسینی وتارەوە، لەڕێی خۆپیشاندانی گشتییەوە، لەڕێی پشتیوانیکردن لەپارتە سیاسییەکانەوە، ئەگەرچی لەسەروەختی قەیراندا زەحمەتە ئەو هەموو تێڕوانینانە لەبەرچاوبگیرێن، لەبەر ئەوەی سیاسییەکان ناچارن لەکاتێکی کەمدا بڕیار بدەن. ڕێگایەکی دیکە کە خەڵکی دەتوانن لەڕێیەوە بەشداری بکەن بریتییە لە پێشبینیکردنی بەرەوپێشچوونەکان و پێشبینیکردنی سەرهەڵدانی قەیرانەکان و لەڕێی گوزارشتکردن لە بۆچوونەکانیان پێش ئەوەی قەیرانەکە سەرهەڵبدات.

*** خاڵی هاوبەشی ئەم وڵاتانە کە وڵاتانی دوای دیکتاتۆریەتین ئەوەیە پارتگەلی سیاسی و بۆچوون و تێڕوانینی جیاواز لەئارادان، پرسیارەکە ئەوەیە خەسڵەتەکانی ئەو سەرکردە سیاسییانە چین کە دەتوانن دۆخەکە بەئاڕاستەی چارەسەرێکی ئاشتیانەدا ببەن؟**

- ئەگەرچی قەیرانی سیاسی جۆراوجۆر هەن، باشترین شت ئەوەیە سەرکردە خۆی

لەخولقاندنی قەیران لابدات، ئەگەر ئەوە مومکین بوو، لەگەڵ ئەوەشدا دۆخگەلێك هەن کە خۆلادان لەقەیران لەسایەیاندا کارێکی مومکین نییە، سەرکردەی باش ئەو سەرکردانەن هەموو ئەگەر و ڕێگاکانی دیکە دەگرنەبەر کە مومکینن و تەنیا وەك دوا ڕێگاچارە پەنا بۆ بەکارهێنانی هێز دەبەن.

*** ئایا دەبێت پەیوەندی نێوان سەرکردە و خەڵك چۆن بێت، لەبەر ئەوەی دەبێت سەرکردە گوێ لەخەڵك بگرێت و خەڵکیش هاوکاری سەرکردەکان بکەن، چۆن بتوانین ئەم کارە بکەین؟**

- ڕاستە ئەوە قورسە و لەکاتی قەیراندا کاتی بڕیاردان زۆر کەمە، هەندێ جار سەرکردەکان بێ گفتوگۆیەکی گشتی بڕیار دەدەن. کەواتە لەکاتی دۆخی سیاسی ئاسایی زیاتر دەبێت سەرکردە بەرپرسیارێتی بگرێتەدەست و دەبێت خەڵکیش لەو فشارانە تێبگەن کە لەسایەیاندا سەرکردە بڕیار دەدات و کار دەکات. ئەگەر خەڵك و کۆمەڵگە ناڕازی بوون لەبڕیاری سەرکردە سیاسییەکان، ئەوا زەحمەتە بتوانن لەکاتی قەیراندا کاریگەربن بەسەر ئەو بڕیارانەوە، بەڵام لەکۆمەڵگەی کراوەدا، ئەگەر ڕازی نەبوون بە دەرئەنجامی بڕیارەکان، ئەوا بەرپرسەکان لەدەسەڵات دوور دەخەنەوە.

*** لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هونەری ئیدارەدانی یان چارەسەرکردنی ناکۆکی نییە، سیاسییەکان ئەم هونەرەیان نییە، کەواتە ئەگەر قەیرانەکە کۆنتڕۆڵ نەکرا، چ ئایندەیەك چاوەڕوانی ئەم ناوچەیە دەکات؟**

- پێم وایە لەڕووی مێژووییەوە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناوچەیەکە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن دووچاری قەیران بووە، هەروەها ئەو هۆکارانەش لەئارادان کە وامان لێدەکەن پێشبینی ئەوە بکەین کە لەرەوتی بەرەوپێشچوونیاندا ئەگەری ئەوە هەیە هەندێ لەقەیرانەکان زیاتر مەترسیدار دەبن، لەکاتێکدا ئێران درێژە بەبەرنامەیەکی ئەتۆمی دەدات و وڵاتانی دیکەش توانای خۆیان زیاتر دەکەن، کەواتە بۆی هەیە قەیرانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەئایندەدا زیاتر مەترسیدار بن. پێموایە ئەو ڕاستیەی دەربارەی قەیران دەیزانین ئەوەیە بەتێکڕا سەرکردە و کۆمەڵگە دیموکراتیەکان بڕیاری باشتر دەدەن، لەبەر ئەوەی سوود لەو گفتوگۆ گشتی و کراوەیە دەبینین کە پێش دەرکردنی بڕیارەکە دەکرێن، خەڵکی گوزارشت لەبۆچوونەکانی خۆیان دەکەن، کەواتە پێشتر ئیجابیەت و سلبیەتی بڕیارەکان دەزانرێت، لەکاتێکدا لەکۆمەڵگە ئۆتۆکراتیەکاندا بەزۆری ئەو کەسانە کار بۆ سەرکردەکان دەکەن کە کاریان تەنیا بەڵێن دووبارەکردنەوەیە و ئەو شتانە بەسەرکردە دەڵێن کە دەیەوێت بیبیستێت، واتە ڕێگاچارە جیاوازەکان و سلبیات و ئیجابیاتەکانی بۆ ناخەنەڕوو، کەواتە یەکێك لەو شتانەی ئیدارەکردنی قەیرانی لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سەختکردووە، بریتییە لەنەبوونی کۆمەڵگەی کراوە و ڕەخنەگری زیاتر لەناوچەکەدا.

*** چۆن چارەسەری عاقڵانەی قەیران ئاراستەی قەیرانەکە دەگۆڕێت و دووری دەخاتەوە لەکارەساتێکی ڕاستەقینە، واتە لەتوندوتیژییەوە بیگۆڕێت بۆ چارەسەرێکی ئاشتیانە؟**

یەکێك لەو شتە سەرەکیانەی- کە چەندین کاری سەرەکی هەیە کە دەکرێت ئەنجام بدرێن- دەکرێت کاری پێبکرێت بۆ خۆلادان لەقەیران و چارەسەرکردنی بەشێوەیەکی ئاشتیانە، یەکەم بریتییە لەخۆئامادەکردنی پێشوەختە کە دەستنیشانی ئەگەری دروستبوونی قەیران بکرێت و پلانی ئیحتیات دابنرێت. دووەم بریتییە لەبوونی سەرکردەی نەتەوەیی، هەروەها دامەزراوەی سیاسی دیموکراتی ناوخۆیی کە بوار بەگفتوگۆی ئازادانە بدەن لەپێش ڕوودانی قەیران و لەکاتی قەیران و لەدوای قەیرانەکەشدا کە ئەمەش هاوکاری سەرکردەکان دەکات بۆ ئەوەی بڕیاری باش بدەن، سێیەم بریتییە لەهاوکاری نێودەوڵەتی و بونیادنانی شەراکەت، بۆ ئەوەی وڵاتان، لەنێویاندا وڵاتە بچووکەکان کار لەگەڵ ئەوانیدیکەدا بکەن بۆ هێنانەدی ئامانجەکانیان.



*** هەندێ جار نەتەوە بچووکەکان دووچاری قەیرانی گەورە دەبن، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن بتوانن ئەو قەیرانانە چارەسەر بکەن؟**

- یەکێك لەو شتانەی گرووپە بچووکەکان یان نەتەوە بچووکەکان لەکاتی قەیراندا دەتوانن بیکەن ئەوەیە شەراکەت و هاوپەیمانێتی لەگەڵ گرووپی گەورەتر یان دەوڵەتی گەورەتردا گرێبدەن کە بەرژەوەندی هاوبەشیان هەبێت و لەکاتی قەیرانەکاندا هاوکاریان بکەن، پێموایە هاوپەیمانێتی و هاوکاری نێودەوڵەتی لەگەڵ لایەنە نێودەوڵەتیەکاندا گرنگیەکی تایبەتی هەیە بۆ نەتەوە بچووکەکان لەکاتی قەیرانەکاندا.

# دۆخی دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا و ئاکامەکانی لەسەر هەرێمی کوردستان

پرۆفیسۆر تید گەلن کارپێنتەر
تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە



لێدوانەکەی سەرۆك ئۆباما لەسەرەتای تشرینی دووەمدا بەوەی لە کۆتایی ئەمساڵدا دوایەمین سەربازی ئەمەریکا لە عێراق دەکێشێتەوە مشتومڕ و گفتوگۆیەکی زۆری لێکەوتەوە هەم لە عێراق و هەم ئەمەریکا. دەستبەجێ ڕکابەرە سیاسییەکانی سەرۆك تۆمەتباریان کرد بەوەی ئایندەی عێراقی دیموکراتی دەخاتە مەترسییەوەو پێگەی ستراتیجی واشنتۆنیش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لاواز دەکات.

بەڵام لێدوانەکەی ئۆباما جێی سەرسوڕمان نەبوو بۆ هیچ کەس. لەبەر ئەوەی تەنیا تەئکید کردنەوە بوو لەسەر ئەو ڕێککەوتنەی سەرۆك بۆش لە هەفتەکانی کۆتایی سەرۆکایەتیەکەیدا لەگەڵ حکومەتی عێراق بە سەرۆکایەتی سەرۆك وەزیران نوری ئەل مالیکی گفتوگۆی لەبارەوە کرد. ڕاستە، ئیدارەی ئۆباما هەوڵیدا بەغدا ڕازی بێت لەسەر درێژکردنەوەی وادەی کۆتایی کشانەوەی هێزەکان، بەڵام کۆششەکە سەرکەوتنی لێبەدی نەدەکرا. واقیعەکە ئەوەیە جگە لە کوردەکان، زۆربەی عێراقیەکان خوازیاری ئەوەن سەربازە ئەمریکیەکان وڵاتەکەیان جێبهێڵن.

بڕیاری ئەمەریکا بە پابەندبوون بە وادەی ٣١ی کانونی یەکەمەوە دوایین ئیعتیرافکردنە بەوەی کردنی عێراق بە قەڵای هێزو نفوزی ئەمەریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا شتێکی مومکین نییە. لە سەرەتای ساڵانی داگیرکارییەکەوە، دوو قوتابخانەی فیکری لە ململانێدا بوون بۆ ئەوەی بەسەر ئیدارەی بۆشدا باڵادەستبن. یەکەمیان بریتی بوو لەوەی عێراقێکی یەکگرتوو مەیلی بۆ ڕۆژئاوا دەبێت و دەبێتە مۆدێلێکی دیموکراتی بۆ تەواوی ناوچەکە. دووەمیان گومانی هەبوو لەوەی عێراق لە مەودای دووردا بە سەرکەوتویی بمێنێتەوەو مشتومڕی ئەوەی دەکرد باشترین بژاردەی واشنتۆن بریتیە لە بوونی پێوەندییەکی نزیك لەگەڵ هەرێمی کوردستانداو کوردستانی عێراقیش سەربەخۆیی ئەمری واقیعی هەبێت و ببێتە هاوپەیمانێکی سیاسی و

سەربازی سەرەکی ئەمەریکا.

هەمیشە ستراتیجیەتی دووەم زیاتر مەنتقی بووە لە بیرۆکەی عێراقێکی سەقامگیری یەکگرتوویی دیموکرات، بە تایبەتی کە کوردەکان تەنیا ئەو بەشەی دانیشتووان بوون کە مەیلێکی بەهێزیان بۆ ئەمەریکا هەبوو و دژایەتی جێگیرکردنی سەربازەکانی ئەمەریکایان نەدەکرد. بەڵام فاکتەرێك هەیە کە بۆتە بەربەستێك- کە قابیلی ئەوەنییە زاڵبێت بەسەریدا- لەبەردەم هەر یەك لەو پلانانەدا. هەر زوو ئەمەریکا شکەت بوو لە ئەرکەکەیدا لە عێراق و حەمماس- یاخود تەنانەت تەحەمولیشی- نەما بۆ ئەگەری هێشتنەوەی ژمارەیەکی گەورەی سەربازی ئەمەریکا بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لە هەر شوێنێکی وڵاتەکەدا بێت. ئەو تێڕوانینە بە تێپەڕبوونی کات

**ڕەنگە سەرکردە کوردەکان بەشێوەیەکی ڕوو لە زیاد دووچاری دژواری ببنەوە لە پاراستنی ئۆتۆنۆمیە سیاسیەکەی کوردستاندا کە بە زەحمەت بە دەستهاتووە**

گەورەتر بوو.

سەرەڕای ئەو ڕاستیەی کە ڕۆیشتنی باقی هێزەکانی ئەمەریکا هەرێمی کوردستان و خەڵکی کوردستانی عێراق دەخاتە دۆخێکی زۆر هەستیارەوە. عێراق وڵاتێکی لاوازە، هەم لە ڕووی یەکگرتویی ناوخۆیی و هەم لە ڕووی توانای بەرهەڵستیکردنی هێز و نفووزی دەوڵەتە دراوسێ بەهێزەکان. هەردوو فاکتەرەکەش کێشە و گرفت بۆ هەرێمی کوردستان دەخوڵقێنن.

ڕەنگە سەرکردە کوردەکان بەشێوەیەکی ڕوو لە زیاد دووچاری دژواری ببنەوە لە پاراستنی ئۆتۆنۆمیە سیاسیەکەی کوردستاندا کە بە زەحمەت بە دەستهاتووە. حکومەتەکەی مالیکی مەیلی خۆسەپاندنی هەیەو سوورە لەسەر بەرفراوانکردنی دەسەڵاتی بەغدا لەسەر

**تەحەددی قورسی بەردەم هەرێمی کوردستان ئەوەیە بتوانێت لە دووربەرێکدا درێژە بە سەرکەوتنی خۆی بدات کە زیاتر و زیاتر مەترسیدارتر و پێشبینی نەکراوتر دەبێت.**

حسابی حکومەتە مەحەلی و هەرێمیەکان. کوردستان وەك سەرکەوتووترین و ئۆتۆنۆمیترین هەرێم، ئامانجی سەرەکیە لە هەوڵەکانی بەهێزکردنی دەسەڵاتەکی حکومەتی مەرکەزی. هەر کاتێك دوایین سەربازی ئەمەریکا وڵاتەکە جێدەهێڵێت، دەبێت پێشبینی ئەوە بکەین حکومەتەکەی مالیکی فشار لەسەر هەرێمی کوردستان دەکات لە بواری کۆنترۆڵکردنی داهاتەکانی نەوت و لە مەسەلەی کەرکوك و زۆرێك لە مەسەلەکانی دیکە.

موبالەغەیە ئەگەر بڵێین واشنتۆن توانای سنووردارکردنی بەغدای نییە لەم مەسەلانەدا. دوای هەموو شتێك، بوونی باڵیۆزخانەیەکی گەورەی ئەمەریکا کە هەزاران دیبلۆماتکار و بەڵێندەری ئەمنی تایبەت لە خۆدەگرێت، ئاماژەیە بە نیازی ئەمەریکا بۆ مومارەسەکردنی نفووزێکی بەردەوام لەسەر حکومەتی عێراق. بەڵام بێ بوونی ژمارەیەکی گەورەی سەرباز، ئەوا ڕەنگە بێتەهۆی ئەوەی نفووزی ئەمەریکا زیاتر سنووردار بێت لەوەی بەرپرسە ئەمریکیەکان باوەڕیان پێیەتی.

سەرەڕای فشارە زیادەکانی سەر هەرێمی کوردستان لەلایەن بەغداوە، ڕەنگە ئەو

**عێراق وڵاتێکی لاوازە، هەم لە ڕووی یەکگرتوویی ناوخۆیی و هەم لە ڕووی توانای بەرهەڵستیکردنی هێزو نفووزی دەوڵەتە دراوسێ بەهێزەکان. هەردوو فاکتەرەکەش کێشەو گرفت بۆ هەرێمی کوردستان دەخوڵقێنن**

گرژی و ئاڵۆزیانەش سەرهەڵبدەن کە دوو دەوڵەتی دراوسێی دوژمن لە خۆدەگرن، ئێران و تورکیا. ئیلتیزامی سەربازی ئەمەریکا وەك سنووردارکردنێك بوو بۆ ئەنقەرە، بە ڕادەیەکی کەمتر، بەڵام گرنگ، بۆ تەهرانیش. بۆ نموونە، هیچ گومانێك لەوەدانییە فشاری ئەمەریکا بووەهۆی سنووردارکردنی مەودای سنووربەزاندنی سوپای تورکیا بۆ ناو خاکی کوردستانی عێراق لە ڕاوەدونانیاندا بۆ پەکەکە کە هەندێ جار ئەو خاکەی وەك نەوایەکی ئارام بەکار دەهێنا. بە دڵنیاییەوە لە غیابی بەرهەڵستی واشنتۆندا، ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی تورکیا بەربڵاوتر و درێژخایەنتر دەبوون.

ئێستاش بەکشانەوەی یەکجاری هێزەکانی ئەمەریکا، ئەو سنووردارکردنەی سەر ئەنقەرە لاوازتر دەبێت. هەروەها

**هیچ گومانێك لەوەدانییە فشاری ئەمەریکا بووەهۆی سنووردارکردنی مەودای سنووربەزاندنی سوپای تورکیا بۆ ناو خاکی کوردستانی عێراق لە ڕاوەدونانیاندا بۆ پەکەکە**

ئەگەری ئەوە هەیە تەهرانیش پێشێلکاری زیاتر بکات لە خاکی هەرێمی کوردستاندا، لەبەر ئەوەی متمانەی هەیە ئەمەریکا لە پێگەیەکدا نابێت کارێکی زۆری لەدەست بێت.

پوختەی مەسەلەکە ئەوەیە لە دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا کەشە سیاسی و ئەمنیەکە بۆ هەرێمی کوردستان کەشێکی دوژمنکارانەتر دەبێت. هەرچەندە، لەبەرچاوگرتنی ڕای گشتی ئەمەریکا، هەرگیز ئەگەری مانەوەی درێژخایەنی سوپای ئەمەریکا لە ئارادا نەبووە بۆ ئەوەی ئەمنیەتێکی زیاتر بۆ کوردستان دابین بکات. تەحەددی قورسی بەردەم هەرێمی کوردستان ئەوەیە بتوانێت لە دووربەرێکدا درێژە بە سەرکەوتنی خۆی بدات کە زیاتر و زیاتر مەترسیدارتر و پێشبینی نەکراوتر دەبێت.



### داوای لێبووردنی ئەردۆگان لەهاووڵاتیانی دەرسیم

# پیادەکردنی سیاسەتی سفرکردنی کێشەکانە لەسەر ئاستی ناوخۆ

ئەحمەد داود ئۆغلۆ وەزیری دەرەوەی تورکیا لەمانگی ئایاری ٢٠١٠ و لەوتارێکیدا بەناونیشانی (سفرکردنی کێشەکان لەسیاسەتی دەرەوەی تورکیادا Turkey>s Zero-Problems-Foreign Policy)، ئاماژە بەوە دەکات ئەزموونی تورکیا بۆ کاریگەری لەسەر ژینگەی ناسەقامگیری دوای شەڕی سارد ئەوەیە کە تورکیا هەموو کێشەکانی لەگەڵ دراوسێکانی کۆتایی پێ بێنیت و، پرسی گرنگیش لەم دیپلۆماتیەدا ئەوەیە کە تورکیا هەوڵدەدات هارمۆنیەتی هێزە کاریگەرەکانی ناو تورکیا لەگەڵ ئەم ژینگە تازەیەی دوای شەڕی سارد بگونجێنێت، تورکیا لەگەڵ ئەوەی بەپیادەکردنی ستراتیجیەتی (سفرکردنی کێشەکان لەگەڵ دراوسێکانی) جۆرە ئاڵۆزییەکی لەڕاگرتنی هاوسەنگی لەگەڵ هاوپەیمانیە ستراتیژییەکانی بۆ دروست بووە، بەڵام پابەندە بەو ستراتیژەی خۆی و توانیوویەتی هەم هاوسەنگی لەگەڵ هاوپەیمانیە ستراتیژییەکانی خۆی ڕابگرێت و هەموو پێوەندییەکانیشی لەگەڵ دراوسێکانی ڕێکبخاتەوە.

ئۆغلۆ وەك کاریگەری سیاسەتی ناوخۆی تورکیا لەسەر ئەم سیاسەتی (سفر کردنی کێشەکان) لەگەڵ دراوسێکانی، ئاماژە بەوە دەکات پێکهاتەی دیموگرافی ئێستای تورکیا کاریگەری لەسەر دارشتنی ئەم ستراتیژە هەبووە، بەمجۆرە ئاماژەیان پێدەکات:

- ژمارەی ئەو بۆسنایانەی ئێستا لەتورکیا دەژین زۆر زیاترن لەوەی کە لەبۆسنە و هەرسك هەن.
- ژمارەی ئەو عەلەوییانەی لەناو تورکیا دەژین، زۆرترن لەئەلبانەکانی کۆسۆڤۆ.
- ژمارەی چیچانیەکانی لەتورکیا دەژین زیاترن لەچیچانیەکانی ناو چیچان.
- ئەبخازییەکانی ناو تورکیا زیاترن لەئەبخازییەکانی ناو هەرێمی ئەبخازیا لەجۆرجیا.
- ژمارەیەکی هێجگار زۆر لەخەڵکی ئازەربایجان و جۆرجیا لەناو تورکیا دەژین.

ئۆغلۆ هۆکاری بوونی ئەم هەموو جالیەیەی وڵاتانی دەوروبەری تورکیا لەناو تورکیا، وەك ئەو ڕاستیە پیشاندەدات کە بەردەوام سیاسەتی ناوخۆی تورکیا ڕووبەڕووی داوایەکی جەماوەریی فراوان دەبێتەوە، بۆ ئەوەی سیاسەتێکی دەرەوەی چالاك و سەقامگیرمان هەبێت لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێمان.

کەواتە ئەوەی ئۆغلۆ لەو وتارە دەیەوێت پیشانی ڕای گشتی جیهانی بدات، ئەوەیە کە تورکیا وڵاتێکی دیموکراتیە و کە وڵاتێکیش دیموکراتی بوو، ئەوا دەبێت داواکارییەکانی کۆمەڵگە لەگەڵ سیاسەتی دەرەوەیدا یەکبگرێتەوە.

لەم چوارچێوەیەدا وەك ئاماژەکردنێك بەگەورەترین کێشەی ناوخۆی تورکیا کە چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کوردە، دەکرێت ئاماژە بەو ڕاستیە بکەین، ژمارەی ئەو کوردانەشی لەتورکیا دەژین زیاترن لەهەموو ئەو کوردانەی لەبەشەکانی دیکە دەژین، بۆیە لەبەر لەبەرچاوگرتنی خواستی کوردەکانیش ئەوە دەخوازێت کە تورکیا یەکەمین جار لەسەر ئاستی ناوخۆ ئەم کێشە چارەسەر بکات و دواتریش وەك گرێدانەوەی ئەم خواستە لەگەڵ سیاسەتی دەرەوەی تورکیا، تورکیا دەیتوانی هاوپەیمانیەکی گەورە لەگەڵ سەرجەم کوردی ناوچەکە گرێبدات و ئەمەش هۆکارێکی دیکە بێت بۆ ئەوەی تورکیا بتوانێت لەجیهانی دوای شەڕی ساردا ئەو ڕۆڵە محیوەرییە بەتەواوەتی بگێڕێت و هەموو نەتەوەکانیش وەك دەوڵەتێکی گەورەی ئیقلیمی ڕێزی لێ بگرن، بێگومان زەمینەش بۆ ئەم هەنگاوە لەبارە، بۆیە ئەگەر ئاساییبوونەوەی پێوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان گرێبدەینەوە بەتێڕوانینی تازەی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا و سیاسەتی تازەی دەرەوەی تورکیاش گرێدراوی خواستە کۆمەڵایەتییەکانی ناوخۆی وڵات بێت، ئەوا ئەم پێوەندیانە ئاماژەن بۆ ئەوەی تورکیا تێڕوانینی خۆی بەرامبەر چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەناو وڵاتی خۆی گۆڕیووە، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە



ئایا حکومەتی تورکیا لەماوەی سێ هەڵبژاردندا کە پارتی داد و گەشەپێدان(AKP) هەڵبژاردنەکانی بردۆتەوە و حکومڕانی تورکیا بووە، سیاسەتی خۆی بەرامبەر چارەسەری کورد گۆڕیوە؟ لەوەڵامدا دەڵێن لەماوەی ساڵانی ٢٠٠٢- ٢٠١٠ ئەو وەرچەرخانەی لەماوەی ئەو ٨ ساڵە لەسیاسەتی تورکیا بەرامبەر کورد گۆڕانکاری بەسەردا هات و گەیشتە ئەوەی حکومەتی ئەردۆگان دەستپێشخەری کرانەوە و دیموکراتی ڕابگەیەنێت، ئەم گۆڕانکارییە لە٨٠ ساڵی ڕابردووی پێش (AKP) بوونی نەبووە، بەڵام قسەی ئێمە لەسەر ئەو ٨ ساڵە نییە، بەڵکو لەسەر دوای ساڵی ٢٠١٠ و دوایین هەڵبژاردنی ئەو وڵاتەیە کە هەست دەکرا جۆرە پاشەکشەیەك لەو سیاسەتە کراوە. ئەمەش نەك ئێمەی وەك کورد نیگەران کردبوو، بەڵکو تەواوی دیموکراتخوازان و ئەوانەی تورکیا وەك نموونەیەك بۆ دیموکراتی جیهانی ئیسلامی سەیر دەکەن لەسەر ئەو مەسەلەیە نیگەران بووبن، بۆیە لەماوەی پێشوو لەناوەندەکانی توێژینەوە و لەوتارەکانی ئەو نووسەرانەی بایەخ بەکێشەی تورکیا دەدەن، ڕاشکاوانە ئاماژە بەوە دەکرا چۆن دەبێت تورکیا لەسەر ئاستی دەرەوە سیاسەتی سفرکردنی کێشە پیادە بکات و لەسەر ئاستی ناوخۆش ئامادە نەبێت سیاسەتەکانی خۆی بەشێوەیەکی ئاشتیانە چارەسەر بکات، بەڵام هەنگاوی بوێرانەی ڕەجەب تەیب ئەردۆگانی سەرۆك وەزیرانی تورکیا بەداوای لێبوردن لەکۆمەڵکوژی سییەکانی سەدەی ڕابردوو کە دژی هاووڵاتیانی کورد لەشاری دەرسیم کراوە، بووە جێگەی خۆشحاڵی کوردی تورکیا و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانیش ئەو هەنگاوەی تەقدیر کرد و بەرز نرخاندی، ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە کە حکومەتی ئێستای تورکیا جارێکی دیکە ئامادەباشی ئەوەی تێدایە کێشەکانی بەزمانی دیالۆگ چارەسەر بکات. ئەمەش لەسەر ئاستی کورد و حکومەتی تورکیا متمانە بونیاد دەنێتەوە بۆ ئەوەی دەستپێشخەری کرانەوە و دیموکراتی بەردەوام بێت و کێشەکان بەرێگە چارەی ئاشتیانە چارەسەر بکرێت.

**((ڕۆژی ٢٠١١/١١/٢٣بەڕێز ڕەجەب تەیب ئەردۆگان سەرۆک وەزیرانی تورکیا لەمیانەی کۆبوونەوەی پارتی داد و گەشەپێدان هەڵوێست و لێدوانی زۆر بوێرانەی نواند سەبارەت بە ڕووداوەکانی مەرگەساتی ساڵانی (١٩٣٦-١٩٣٩)ی دەڤەری دێرسم و بەڕێزیان لەوتەکەیدا بەناوی دەوڵەتی تورکیاوە داوای لێبوردنی لەخەڵکی ئەو ناوچەیە کرد و مەرگەساتەکەشی بەگەورەترین ڕووداوی تراژیدی لەمێژووی نوێی تورکیا وەسفکرد، ئێمە بەڕێز و ستایشەوە پێشوازیی لەو لێدوانانەی بەڕێز ئەردۆگان دەکەین و پێمانوایە لێدوانی بوێر و ئازایانەی لەمجۆرە، نووسینەوەی سەرلەنوێی واقعییەتی مێژوویێکە کە تێیدا مەرگەساتی نەخوازرا و دەرهەق بەکورد ڕوویانداوە، ئەم هەنگاوە هەروەها زیاتر ڕێگا لەبەردەم ئەو سیاسەتی کرانەوەیە خۆش دەکات کە تورکیا گرتوویەتیە بەر)).**

***

**وتەبێژێک بەناوی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانەوە**

### ئیحسان داغی بۆ گوڵان:

# داوای لێبوردنی ئەردۆگان لە کۆمەڵکوژی دەرسیم ڕووداوێکی بێ پێشینەیە، پێشتر ئەمە بۆ سەرۆک وەزیران نەک زەحمەت بوو بەڵکو مەحاڵیش بوو

*** هاتنی پارتی داد و گەشەپێدان لەم ڕووەوە گۆڕانکاری دروستکردووە، یەکێك لەو گۆڕانکاریە گەورانە، دووبارە دارِشتنەوەی سیاسەتی دەرەوەیە کە لەگەڵ جیهانی سەردەم یەکبگرێتەوە، ئایا تۆ چۆن سەیری ئەم گۆڕانکارییانە دەکەیت؟**

- پێموایە ئەم نەهجەی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا لەسەر بناغەی ئەو تێگەیشتنە دارِێژرا کە هاوکاری سیاسی و ئابووری بە قازانجی هەموو لایەنە پێوەندیدارەکانی ناوچەکە دەشکێتەوە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی هاوکاری لەنێوان تورکیا و دەوڵەتە دراوسێکاندا دەست پێبکات، بەڵام بەدڵنیاییەوە ئەم هاوکاریە بەرِێگای داخراو گەیشت بەهۆی گۆڕانکارییەکانی ناوچەکەوە، بەتایبەتی بەهۆی خۆپیشاندانەکان لە سوریادا. پێموایە سیاسەتی «نەمانی کێشە» شتێکی نوێ بوو و بەشداربوو لەهێنانەدی ئاشتی و هاوکاری لە ناوچەکەدا، بەڵام گۆڕانکاریە خێراکانی ناوچەکە دژواری دروست کرد لەبەردەم درێژەپێدانی ئەم سیاسەتەدا، لەبەر ئەوەی لە دەوڵەتە دراوسێکاندا ناکۆکی سەریهەڵدا، بە چەشنی ئەو ناکۆکیەی لە سوریادا هەیە.

*** وەزیری دەرەوەی تورکیا سەبارەت بەم کرانەوەی تورکیا لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێیوایە لەهەندێك حاڵەتەدا ئەم سیاسەتە لەگەڵ سیاسەتی هاوپەیمانەکانی ڕۆژئاوا بەرامبەر کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یەکناگرێتەوە، هەروەك ئەمەمان لەوەی پێی دەڵێن بەهاری عەرەبی بینی، ئایا چۆن ئەم لێکجیابوونەوەیە جارێکی دیکە پێکەوە گرێدەدرێتەوە؟**


- پێشتر و لەکاتی شەڕی عێراقیشدا ئەولەویەتەکانی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا و تێڕوانینەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا هەموو کات یەکانگیر نەدەبوون. تورکیا سەربەخۆ لە ئەمریکا لە هەوڵی هێنانەدی بەرژەوەندییەکانی خۆیدا بوو لە ناوچەکەدا، بە تایبەتی لە شەڕی عێراق، هەروەها لە کرانەوەی بەرووی سوریا و گۆڕینی سیاسەتی لە ئاست ئیسرائیلدا، لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا لە هەموو ئەو بەرە گرنگانەدا لەگەڵ سیاسەتی ئەمریکا و ڕۆژئاوا بەگشتی یەکانگیر نەدەبوون. لەبەر ئەوەی ئەمریکا دەیوست تورکیا ببێتە بەشێك لە شەڕی عێراق و تورکیاش ڕەتی کردەوە، ئەمریکا هاوڕانەبوو لەگەڵ نزیکبوونەوەی تورکیا لە ئەسەد و ئاشتبوونەوە لەگەڵیدا،

**بۆئەوەی تورکیا دەستی باڵای هەبێت و بۆئەوەی بتوانێت کاریگەر بێت لەسەر بەرەپێشچوونەکانی ناوچەکە، دەبێت کێشە ناوخۆییەکانی چارەسەر بکات**

هەروەها لەپێوەندیدا بە ئیسرائیلەوە، ئەمریکا نەیدەویست دوو هاوپەیمانی بکەونە ناکۆکیەوە لەگەڵ یەکدا. پێموایە لە ئێستادا ئەو جیاوازیانە بەرەو کۆتایی دەچن، بۆ نموونە لە عێراقدا، ئەمریکا و تورکیا سیاسەتێکی زۆر هاوشێوەی یەکتر پیادە دەکەن، بە هاوکاری کردنی یەکتر لە هەرێمی کوردستان لە باکووری عێراقدا، یاخود بەگشتی بەرژەوەندی و تێڕوانینەکانی ئەمریکا و تورکیا هاوشێوەن و یەکدەگرنەوە و یەکتر بەهێز دەکەن. لەپێوەندیدا بە سوریاوە، لە ڕاستیدا، لە ئێستادا بۆچوونی جیاواز نییە، تورکیا خوازیاری گۆڕانێکی خێرای ڕژێمی سوریایە، ئەمە هەڵوێستی ئەمریکا و هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکانیشیەتی. ئەوەی بە پەیوەست بێت بە سیاسەتی سوریاوە، ئەوا حکومەتی تورکیا و جامیعەی عەرەبی و ڕۆژئاوا پێکەوە کاردەکەن و من جیاوازییەکی گەورە لە سیاسەتەکانی ئەو گەمەکارانەدا نابینم لە ئاست سوریادا، لە لیبیا هەڵوێستی تورکیا تۆزێك جیاوازتر بوو لە هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکان و ناتۆدا. لە ئێستادا پێوەندی و هاوکاری تورکیا لەگەڵ ئەمریکا و هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکانی بە ئاراستەیەکی ئیجابیدا بەرەوپێشچووە بە بەراورد بە دۆخی ساڵی پێشوو، واتە لەساڵی پێشوو بۆ ئێستا تورکیا و هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکانی باشتر هاوکاری لەگەڵ یەکتردا دەکەن.

*** یەکێك لە ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا ئەوەیە، کە تورکیا دەیەوێت ڕۆڵێکی گرنگتر لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پرۆسەی ئاشتی عەرەب ئیسرائیلدا بگێڕێت، بەڵام لەم کاتەدا تورکیا لەگەڵ ئیسرائیل ناکۆکە، ئایا دەتوانێت ئەم ڕۆڵە گرنگە بگێڕێت؟**

- پێموایە بە پێچەوانەوە، پێوەندی گۆڕاوی تورکیا لەگەڵ ئیسرائیلدا کاریگەری هەبووە لەسەر پێگەی تورکیا لە ناوچەکە و بۆتە هۆی زیاتربوونی کاریگەری تورکیا لە ئاست ئیسرائیلدا، لە ئەنجامدا پێوەندی تورکیا لەگەڵ لایەنە عەرەبیەکانی پرۆسەکەدا باشتربووە، بە تایبەتی لەدوای ڕووخانی ڕژێمی موبارەك لەمیسر، لەگەڵ گۆڕینی هەڵوێستی تورکیا لەئاست ئیسرائیلدا، ئیسرائیل خۆی لە دۆخێکی زۆر گۆشەگیردا دەبینێتەوە، ئەو گۆشەگیریە بەهۆی ڕووخانی ڕژێمەکەی موبارەکەوە بێت،



پرۆفیسۆر ئیحسان داغی ئوستادی پێوەندییە نێودەوڵەتیەکانە لەزانکۆی میدل ئیست تەکنیکاڵ لە ئەنقەرا و هەروەها یەکێکە لە نووسەرە دیارەکانی ڕۆژنامەی تودەی زەمانی چاپی ئیگلیزی لە تورکیا و تایبەتمەندە لەسەر پرسی کورد و سیاسەتی دەرەوەی تورکیا و لە نووسینەکانیشدا زیاتر جەخت لەسەر ئەم لایەنە دەکاتەوە، پرۆفیسۆر داغی یەکێکە لەو تۆژەرانەشی کە دیراسەت لەسەر دەسەڵاتی AKP لە تورکیا دەکات و وەك مۆدیلێکی تازە سەیری دەکات و دوایین توێژینەوەشی بەناونیشانی (دەسەڵاتی پارتی داد و گەشەپێدانە لەتورکیا) بۆ قسەکردن لەسەر ڕۆڵی تورکیا لەسەر بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و چارەسەرکردنی کێشەی کورد بەشێوازی ئاشتیانە لە تورکیا پێوەندیمان بە پرۆفیسۆر داغی کرد و چەندین پرسیارمان ئاراستەکرد و بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە، کە ئەمە دەقەکەیەتی.

یان بەهۆی قەیرانی لەگەڵ تورکیادا بێت، ئەوا ئیسرائیل هەست دەکات لە ژێر فشارێکی زیاتردایە بۆ گەیشتن بە چارەسەری کۆتایی بۆ کێشەی فەلەستین، پێموایە قەیرانی تورکیا لەگەڵ ئیسرائیل دەبێتەهۆی ئەوەی حکومەتی ئیسرائیل بە هەندێ داواکاری فەلەستینییەکانی ڕازی بێت، لەبەر ئەوە ئەمە دەبێتەهۆی باشترکردنی پێگە و مەکانەتی تورکیا لەچاوی عەرەبەکانی ناوچەکەدا و بەدڵنیاییەوە لەنێویاندا فەلەستینییەکان.

*** لایەنێکی دیکە کە ئێستا چاودێران بە نیگەرانییەوە سەیری دەکەن، ئەوەیە هەست دەکرێت تورکیا لە سیاسەتی کرانەوە و دیموکراتی لەسەر ئاستی ناوخۆ پاشەکشەی کردووە یان ئەم سیاسەتەی ڕاگرتووە، ئەمەش کاریگەری هەبووە لەسەر چارەسەری کێشەی کورد لەتورکیادا، ئایا تاچەند ڕاگرتنی سیاسەتی کرانەوەو دیموکراتی بەرامبەر کورد زیان بە تورکیا دەگەیەنێت؟**

- بە دڵنیاییەوە بۆئەوەی تورکیا دەستی باڵای هەبێت و بۆ ئەوەی بتوانێت کاریگەر بێت لەسەر بەرەوپێشچوونەکانی ناوچەکە، دەبێت کێشە ناوخۆییەکانی چارەسەر بکات، ئەمە پێشمەرجە بۆ ئەوەی تورکیا دەسترۆیشتووتر بێت لە سیاسەتی ناوچەکە، چارەسەرکردنی کێشەی کورد، بەلای کەمەوە دەستی تورکیا واڵا دەکات بۆ پیادەکردنی سیاسەتی خۆی لە ناوچەکەدا، لەبەر ئەوە لەم ڕووەوە گرنگە. هەروەها کەسانێك هەن لە تورکیا، لە نێویاندا حکومەت کە دەیانەوێت کێشەی کورد کۆتایی پێبێت و سەرەتایەکی نوێ دەستپێبکەن، بەڵام ئەمە کێشەیەکی ئاڵۆزە و لە ڕاستیدا ئێمە نازانین تا چ ڕاددەیەك دەبێت گلەیی لە حکومەتی تورکیا بکرێت و تا چ ڕاددەیەك پەکەکە ئامادەنییە بۆ گەیشتن بە چارەسەری کۆتایی، کەواتە ڕوون نییە کە ئۆباڵەکە دەکەوێتە ئەستۆی کام لا. کەواتە ئێمە دڵنیانین لەوەی ئایا پەکەکە ئامادەیە کە بگاتە ڕێککەوتن و چەك دابنێت؟ بۆیە دڵنیاشنیم لەوەی دەتوانین گلەیی لە حکومەتی تورکیا بکرێت. بەڵام جگە لە کێشەی کورد، ئەوا کرانەوەی سیاسەتی تورکیا لە ئاست ناوچەکەدا تەنیا بەهۆی حکومەتەوە نییە، واتە تەنیا بەهۆی پارتی داد و گەشەپێدانەوە نییە کە ئێستا تورکیا وەك گەمەکارێکی چالاك لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەرکەوتووە، بەڵکو بەهۆی کۆمەڵگەی مەدەنی و کۆمپانیا

## تورکیا
## خوازیاری گۆڕانێکی خێرای ڕژێمی سوریایە،
## ئەمە هەڵوێستی ئەمریکا و هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکانیشیەتی

تایبەتیەکانیشەوە، پێموایە ئەو هۆکارە ئابووری و کۆمەڵایەتییانە ڕۆڵێکی زۆر گرنگیان بینیوە لە کرانەوەی تورکیا لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئاستێکی زیاتری بازرگانی و ئاستێکی زیاتری چالاکی کۆمەڵگەی مەدەنی هەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کەواتە ئاشتبوونەوەی تورکیا یان کرانەوەی تورکیا تەنیا پەیوەست نییە بە دەستپێشخەری حکومەتەوە، بەڵکو دەستپێشخەری کۆمەڵگەی مەدەنی و لایەنە ئابوورییەکانی تورکیاش لەخۆدەگرێت.

*** ئەگەر بڵێین پیادەکردنی سیاسەتی سفر کێشە لە سیاسەتی ناوخۆ پیادەبکرێت، دەبێتە هێزێك بۆ سیاسەتی دەرەوە و پێگەی تورکیا بەهێزتر دەکات، بەتایبەتی دوای چارەسەری کێشەی کورد، دەروازەیەکی باشتر بۆ تورکیا لە یەکێتی ئەورووپا ناکرێتەوە؟**

- مەسەلەکە تەنیا ئەو دوو ڕەهەندەی نییە، چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکان لەلایەن تورکیاوە، بە کێشەی کوردەوە بەدڵنیاییەوە دەبێتەهۆی باشتربوونی دیموکراسی تورکیا و دەبێتە هۆی باشتربوونی پێوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەتی عێراق و سوریا و ئێران و..تاد، هەروەها ببوە هۆی باشتربوونی پێوەندییەکان لەگەڵ یەکێتی ئەورووپادا. من ڕەشبین نیم، لەبەر ئەوەی لەم ساتەوەختەدا تورکیا سەرقاڵی هەندێ چالاکی ئیجابییە، بۆ نموونە دوو ڕۆژ پێش ئێستا ڕەجەب تەییب ئەردۆغان وەك سەرۆك وەزیران بە ئاشکرا داوای لێبوردنی کرد بەرامبەر ئەوەی لە دەرسیم و لە ساڵی ١٩٣٨دا لە دژی عەلەویەکان و کوردەکان کرا، ئەوە هەنگاوێکی زۆر باشە و کارێکی بێ پێشینە بووە لەلایەن حکومەتی تورکیاوە، لەبەر ئەوەی لە ڕابردوودا ئیعتیرافکردن بە کۆمەڵکوژی عەلەویەکان و کوردەکان لە ساڵی ١٩٣٨دا بۆ سەرۆك وەزیران تەواو نەك تەنیا زەحمەت بووە، بەڵکو مەحاڵیش بوو، بەڵام ئەگەر کار بگاتە ئەوەی داوای لێبوردن بکرێت لەوەی دەوڵەت بەرامبەر عەلەوی و کوردەکان لە ساڵی ١٩٣٨دا کردی، ئەوا ئەمە پەیامی ئیجابی دەنێرێت کە ئەم حکومەتە سەرەڕای هەموو شتێك حکومەتێکە کوردەکان دەتوانن گفتوگۆی لەگەڵدا بکەن بۆ دۆزینەوەی ڕێگایەك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەیان.



عوسمان بەهادیر دێنچەر کە ئێستا کاندیدی دکتۆرایە لەزانکۆی بیلکنتە بۆ پێوەندییە نێودەوڵەتیەکان، یەکێکە لەتوێژەرەکانی دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بزافە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەئامۆژگای یۆساك بۆ دیراساتی ستراتیژی و یەکێکە لەڕۆژنامەنووسەکانی گۆڤاری تورکیش ویکلی جۆرناڵ تایبەتمەندە لەسەر هەواڵ و ڕووداوەکانی وڵاتانی عەرەبی و یەکێکە لەنووسەرە دیارەکانی یۆساك گۆندەم( USAK Gundem)، بۆ قسەکردن لەسەر ستراتیژیەتی سیاسەتی بەسفرکردنی کێشەکان لەسیاسەتی دەرەوەی تورکیا و هەوڵدان بۆ پیادەکردنی لەسیاسەتی ناوخۆدا بۆ چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکان، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی توێژەر و ڕۆژنامەنووس عوسمان بەهادیر دێنچەر کرد، ئەویش بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە کە ئەمە دەقەکەیەتی.

*** تورکیا وەك وڵاتێکی گرنگ سیاسەتی دەرەوەی لەسەر بناغەی نەمانی کێشە دارشتووە، پرسیارەکە ئەوەیە تا چ ڕاددەیەك ئەم سیاسەتە بۆتەهۆی کرانەوەی زیاتری سیاسەتی دەرەوەی تورکیا؟**

- سیاسەتی سفرکردنی کێشە، سیاسەتێکی زۆر گرنگی تورکیایە و ئێستاش ئەو بەرەوپێشچوونانەی ئەم دواییەی سوریا و وڵاتانی دیکە بەمانای تێکشکانی ئەم سیاسەتە یاخود پەککەوتنی ئەم سیاسەتە نایەت، لەبەر ئەوەی ئەمە سیاسەتی گشتیی تورکیایە و ئێمە باوەڕمان وایە تورکیا لەکۆتاییدا ئامانجەکانی خۆی بەدەست دەهێنێت، بەڵام لەو ماوەیەدا تورکیا چەندین کێشەی دەبێت نەك هەر لەگەڵ سوریا، بەڵکو لەگەڵ وڵاتانی دیکەشدا، بەڵام لەکۆتاییدا ئێمە ئامانجمانە پەیوەندیگەلێکی باشمان هەبێت لەگەڵ ئەو خەڵکانەدا و ئێمە باوەڕمان وایە ئەگەر داواکاری سیاسی خەڵك، خەڵکی سەر شەقام بهێنرێنەدی، یاخود ئەگەر گرووپەکانی موعارەزە بێنەسەر دەسەڵات، ئەوا پێوەندی نێوان تورکیا و ئەم وڵاتانە باشتر دەبێت، لەبەر ئەوەی پێشتر ئێمە مامەڵەمان لەگەڵ ڕژێمگەلێکی خۆسەپێندا کردووە، بەڵام باوەڕمان وایە لەساڵانی دواییدا پێوەندییەکان باشتر دەبن، لەپێوەندیدا بەتورکیا و بەسیاسەتی نەمانی کێشەوە.

*** تورکیا خۆی بەهاوپەیمانێکی گرنگی ئەمریکا و ناتۆ دەزانێت، بەڵام دەبینین کە لەچوارچێوەی کرانەوەی تورکیا هەندێ جار هاوهەڵوێست نییە لەگەڵ ئەمریکا یان ناتۆدا. هەروەك لەکێشەی لیبیا و ئێستاش لەکێشەی سوریادا بەدی دەکەین، پێتوایە ئەم سیاسەتەی تورکیا ماوەی نێوان تورکیا و ئەوروپا زیاتر دەکات؟**

- هەروەك ئێوە ئاماژەتان پێکرد تورکیا ئەندامێتی گرنگی ناتۆیە و هەروەها هاوپەیمانی جیهانی ڕۆژئاوایە، لەبەر ئەوە لەڕۆژان و لەمانگەکانی داهاتوودا تورکیا بەهەماهەنگی لەگەڵ هاوپەیمانەکانیدا کار دەکات، بەڵام ئەمە بەمانای ئەوە نایەت تورکیا هاوڕایە لەسەر هەموو وشەیەك کە ئەم وڵاتانە دەیڵێن، چونکە تورکیا سیاسەتی خۆی هەیە، بەڵام کاتێك دەێتەسەر بنەما بنەڕەتییەکان ئێمە ناکۆکیمان لەگەڵ هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکاندا نییە. کاتێك هەندێ کێشەشمان دەبێت، هەروەك لەحاڵەتی لیبیادا هەبوو یان لەکێشەکانی دیکەدا، ئێمە سیاسەتی تایبەت بەخۆمان پیادە دەکەین، ڕۆژئاواش لەتورکیا دەڕوانێت و هەوڵدەدات

**لە ٢-٣ ساڵی داهاتوودا تورکیایەك کە کێشەی ناوخۆیی چارەسەرکردبێت کاراتر دەبێت لەسیاسەتی دەرەوەیدا**

لەوە فێربێت کە تورکیا هەوڵی ئەنجامدانی داوە، لەبەر ئەوەی دەزانن تورکیا وڵاتێکە لەناوچەکەدا و کەلتوری هاوبەش و ئایینی هاوبەشی هەیە لەگەڵیاندا، کەواتە بێ بوونی هاوپەیمانی تورکیا ناتوانن سەرکەوتوو بن، ئەوان ئەمە دەزانن و تورکیاش دەزانێت لەڕۆژانی داهاتوودا هاوپەیمانی لەگەڵ ڕۆژئاوا لەبەرژەوەندی ئەو دەشکێتەوە.

*** تورکیا ڕۆڵێکی گرنگی بینیوە لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەڵام لەهەمان کاتدا تورکیا هەوڵدەدات ڕۆڵی گرنگی هەبێت لەپرۆسەی ئاشتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەمە لەکاتێکدا چەند کێشەیەکی لەگەڵ ئیسرائیلدا هەیە، ئایا گرژییەکانی نێوان تورکیا و ئیسرائیل ڕۆڵی تورکیا لەپرۆسەی ئاشتیدا کەم دەکاتەوە؟**

- ئەوە ڕاستە کە لەمەودای کورتدا گرژی نێوان تورکیا و ئیسرائیل زیان بەپێوەندی تورکیا دەگەیەنێت لەگەڵ وڵاتانی دیکەدا، بەڵام لەمەودای دووردا ئەم پێوەندیانە پەیوەست نین بەپێوەندی تورکیا و ئیسرائیلەوە، لەبەر ئەوەی هەروەك لەسەرەتاوە ئاماژەم پێکرد هەر کاتێك خواست و ئیرادەی خەڵك زیاتر و زیاتر لەبواری سیاسیدا ڕەنگی دایەوە، ئەوا ئیسرائیل گۆشەگیر دەبێت و هەست دەکات ناچارە هەڵوێستی خۆی بگۆڕێت. کەواتە لەمەودای کورتدا هەندێ کێشەمان دەبێت کە کاریگەری لەسەر پێوەندی تورکیا و وڵاتانی دیکەوە دەبێت، بەڵام لەمەودای مامناوەند و دووردا ئەوە ئیسرائیلە کە دەبێت

## عوسمان بەهادیر دینچەر بۆ گوڵان:

# ئەگەر تورکیا کێشە ناوخۆییەکانی چارەسەر بکات بەتایبەتی کێشەی کورد دەبێتە هێزێکی هەرێمی گرنگتر

خۆی بگۆڕێت، لەبەر ئەوەی هەموو ئەو گرژییانەی لەئارادان بەهۆی تورکیاوە نییە، بەڵکو بەهۆی سیاسەتی ئیسرائیلەوەیە و تورکیاش دژی ئیسرائیل نییە، بەڵکو دژی سیاسەتی ئیسرائیلە. پێموایە لەکۆتاییدا و بەهۆی ڕاپەڕینی عەرەبەوە ئیسرائیل خۆی دەگۆڕێت.

*** لەپێوەندیدا بەکرانەوەی تورکیا، تورکیا ئەمە بە بەرهەمی پارتی داد و گەشەپێدان دادەنێت و بەرنگدانەوەی کاروباری ناوخۆیی دادەنێت، تا چ ڕادەیەك گرژی و کێشە ناوخۆییەکانی تورکیا زیان بەپێگەی تورکیا دەگەیەنن؟**

- بەدڵنیاییەوە ئەگەر بمانەوێت ببینە هێزێکی ناوچەیی دەبێت کێشە ناوخۆییەکانمان چارەسەر بکەین، تورکیاش هەندێ، نەك هەندێ، بەڵکو کێشەگەلێکی ناوخۆیی سەرەکی هەیە، وەك کێشەی کورد و کێشەی پەکەکە و هەندێ کێشەی دیکە، کە ئەمانە ئاستەنگن لەبەردەم تورکیادا بۆ پیادەکردنی سیاسەتی دەرەوە لەئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و لەماوەی ٢٠ ساڵی ڕابردوودا تورکیا لەڕووی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری و کەلتورییەوە گۆڕاوە، پێم وایە ئەگەر تورکیا بتوانێت لەماوەی ٥ بۆ ١٠ ساڵی داهاتوودا کێشەی ناوخۆی چارەسەر بکات، ئەوا دەبێتە هێزێکی ئیقلیمی گرنگتر.

*** لەساڵی ٢٠٠٩ و ٢٠١٠دا تورکیا دەستپێشخەری کرد بۆ چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد، بەڵام ئەوە نزیکەی ساڵێکە تورکیا ئەم دەستپێشخەرییەی فەرامۆش کردووە، تا چ ڕادەیەك فەرامۆشکردنی کێشەی کورد زیان بەپێگەی تورکیا دەگەیەنێت؟**

- لەماوەی سێ ساڵی ڕابردوو و بەتایبەتی لەماوەی ساڵی ڕابردوودا تا ڕادەیەکی دیاریکراو تورکیا کرانەوەی لەئاست کوردەکاندا پیادەکردووە، یاخود دەستپێشخەری کورد، یان دەستپێشخەری دیموکراتی فەرامۆشکرد، بەڵام ئەوەی من بەدیم کردووە لەماوەی دوو بۆ سێ مانگی ڕابردوو دووبارە تورکیا پەرەی بەسیاسەتی خۆیداوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد، لەبەر ئەوە ئومێدی من ئەوەیە لەساڵی داهاتوودا زۆرێك لەکێشەی کورد چارەسەر کرابێت، یاخود بەلای کەمەوە باشتر بێت، پێم وایە لە٢-٣ ساڵی داهاتوودا تورکیایەك کە کێشەی ناوخۆیی چارەسەرکردبێت کاراتر دەبێت لەسیاسەتی دەرەوەیدا. من هاوڕام لەگەڵتاندا کە لەماوەی ساڵێك یان دوو ساڵی ڕابردوودا تا ڕادەیەکی دیاریکراو تورکیا ئەم کێشە گرنگەی فەرامۆش کرد، بەڵام ئێستا دەبینین حکومەتی تورکیا و بەرپرسانی تورکیا جارێکی دیکە لەواقیعەکە تێدەگەن.

**هاوپەیمانی تورکیا لەگەڵ یەکێتی ئەورووپا دەبێتە یەکێك لەهێزە گرنگەکانی بەدیموکراتیکردن و چارەسەرکردنی کێشەی کورد**

*** دەکرێت بڵێین ئەگەر تورکیا سیاسەتی ئەمانی کێشە لەسەر ئاستی ناوخۆیی پیادە بکات، ئەمە یەکەم دەبێتەهۆی بەرەوپێشچوونی دیموکراسی لەناو تورکیادا و دووەم دەبێتەهۆی نزیکبوونەوەی تورکیا لەیەکێتی ئەورووپا بەهۆی چارەسەرکردنی کێشەی کوردەوە، ئایا هاوڕایت لەگەڵ ئەمەدا؟**

- بەڵێ بەدڵنیاییەوە بەرەوپێشچوونی دیموکراسی تورکیا کاریگەری لەسەر پێوەندییەکانی لەگەڵ یەکێتی ئەورووپا دەبێت، هەروەها پێموایە هاوپەیمانی تورکیا لەگەڵ یەکێتی ئەورووپا یاخود پێوەندی لەگەڵ یەکێتی ئەورووپا دەبێتە یەکێك لەهێزە گرنگەکانی بەدیموکراتیکردن و چارەسەرکردنی کێشەی کورد. کێشەی کورد دوو لایەنی هەیە، دەبێت هێزی سەخت بەکاربهێنین، وەك ئۆپەراسیۆنی ئەمنی، دووەم دەبێت ئەوەمان لەیاد بێت دەوڵەتەکەمان لەسەر ئەساسی یاسا و سەروەری یاسا بونیادنراوە، لەبەر ئەوە دەبێت هەندێ گۆڕانکاریی یاسایی بکەین و هەندێ کرانەوەی ئازادی پیادە بکەین لەئاست کوردەکان و ئەوانی دیکەدا، نابێت لایەنی ئەمنی فەرامۆش بکەین، بەڵام دەبێت زیاتر و زیاتر چارەسەری یاساییش بگرینەبەر.

# کێشەی کورد لە ڕوانگەی هەڵوێستەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە



کازم حەبیب *
تایبەت بۆ گوڵان نووسیویتی

**ئەگەر متمانەی هاوبەش لە نێوان نەتەوەکان و هێزو حزبە دەسترۆیشتووەکان دروست نەبێت هیچ فیدراڵیەتێك سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت کە ئێستا لە زەمینەی واقیعدا ئەو متمانەیە بوونی نییە**

پاش جەنگی دووەمی جیهانی، مەسەلەی کورد لە لایەن ئەمریکاوە، چەندین هەڵوێستی هاوشێوەو لێکچووی بەخۆوە بینیوە، هەندێك جار هەڵوێستەکان بە کەمبایەخی و زۆرجاریش لەڕووی مەبدەئییەوە بەرانبەر هەرحیساب بۆکردنێك لەو مەسەلەیەدا هەڵوێستی ئەمریکا بە دووفاقیانە دەناسێنرا، لە کۆتاییەکانی جەنگی یەکەمی جیهانییەوە لەوکاتەوەی نەتەوەی کورد دابەشی سەر چوار دەوڵەت کراوەو پێشتریش بە پێی ئەو ڕێکەوتننامەیەی لە دوای شەڕی چاڵدێرانی ساڵی ١٥٣٤ کە لە نێوان هەردوو دەوڵەتی فارسی و عوسمانی مۆرکرابوو، نەتەوەی کوردیان بەسەر دوو دەوڵەتدا دابەش کردبوون..

هەڵوێستە لەرزۆکەکانی ئەمریکا لە بەرانبەر مەسەلەی کورددا پێویستی بە لێکۆڵینەوەو شرۆڤەو تاووتوێی قووڵ هەیە، ئەوەش بە ئامانجی گەیشتن بەزانینی ئەو هاندەرانەی دەبنە هۆی دروست بوونی ئەو شێوازە ناجێگیرانەی چۆنیەتی هەڵوێست نواندن و، دواتریش چۆنیەتی کەوتنەوەی ئاکامە ئەرێنی و نەرێنییەکانی..

وودرۆ ویڵسنی سەرۆك کۆماری ئەمریکا لە ٨ی کانونی دووەمی ساڵی ١٩١٨ لە ڕاگەیاندنێکی بەناوبانگیدا کە وەك بنەمایەك بۆ سەقامگیری و تەناهی و بونیادنانەوە دەریچواندبوو، بە ١٤ بنەماکەی ویلسن ناسرابوو، ئەوەی لێرەدا گرینگ بێت بە لامانەوە خاڵی ١٢یەمینە هەروەها خاڵی ١٤یەمینە کە تێیاندا هاتوون:

خاڵی ـ ١٢ـ زامن کردنی سەروەرێتی بەشەکانی تورکیاو پێدانی مافی چارەی خۆنووسین بە نەتەوەکانی تری ناوچەکەو ئازادی هاتوچۆکردن بۆ هەموو کەشتییەکان لەناو تەنگەکاندا بە زەمانەتێکی نێودەوڵەتییەوە..

خاڵی ـ١٤ـ دامەزراندنی کۆمەڵەی نەتەوەکان((عصبة الامم))

ئەوەی سەیروسەمەرەیە لێرەدا ئەوەیە کە هەموو نەتەوەکانی کە ددانپیانانی خۆیان بۆ ئەم ڕاگەیاندنە خستۆتەڕوو بەو خاڵەیانەوە پابەند نەبوون کە پێوەندی بەو نەتەوانەی دیکەی ژێردەستی ئیمپراتۆری عوسمانییەوە هەبوو، کە کەوتبوونە ژێر دەسەڵاتی تورکیاوە، لەوانەش بەشێکی گەلی کورد، بە دابەشکردنەکەی پێشووی ئەو گەلەوە نەوەستان، بەڵکو لە پاش دامەزراندنی کۆمەڵەی نەتەوەکان کوردیان دابەشکردەوە بەسەر چوار دەوڵەتدا، واتە عیراق و سووریاشی بۆ زیادکرا، مامەڵەکردن بەو بنەمایانەی ویلسنەوە کەوتە ژێر چەندو چوون و موساوەمەی نێوان ولاتانی زلهێزی وەك بەریتانیاو ئەمریکاو فەرەنسا ئەوەش لە پێناوی سوودوەرگرتن لەو سامانە نەوتییەی عیراق، لەم بارەیەوە ئەمریکا لە بەرانبەر ئەو دابەشکردنە هەڵوێستی بێدەنگی هەڵبژارد، بەڵام دوای ئەوەی فەرەنساو بەریتانیا بەپێی ڕێکەوتنێ سەبارەت بە ئیمتیازەت پێدانی نەوت کەلە ساڵی ١٩٢٤ مۆرکرا، ڕەزامەندی خۆیان بە بەخشینی ڕێژەی ٣٣٪ی پشك لە کۆمپانیای نەوتی عیراقەوە بۆ کۆمپانیا ئەمریکیەکان دەربڕی، ئیتر ئەمریکاش پشتگیری لە دابەشکردنەکە کرد، ئەوەش یەکەمین هەڵوێستی نەرێنی بوو لە دژی ئەو گەلانەی کە لەژێر جەوروستەمی عوسمانییەکان ڕزگاریان بوو دواتریش کەوتنە ژێر ستەمی داگیرکاری بەریتانی ـ فەرەنسییەوە.

وێڕای بەردەوام بوونی خەباتی گەلی کورد لە هەرچوار پارچەکەدا بۆ وەدەستهێنانی مافە ڕەواکانیی و لە پێشیانەوە مافی بڕیاردانی چارەنووس، بەو شێوەیەی لە راگەیاندنەکەی کۆمەڵەی نەتەوەکاندا هاتووە، بەڵام بەر لە دامەزراندنی نەتەوەیەکگرتووەکان کە لە پاش جەنگی دووەمی جیهانییەوە دامەزراو دواتریش ئەجێندای ولاتە گەورەکان لە ١٩١٨ تا١٩٧٥ کە هەردەم بریتی بوون لە پشتگیری کردنی سیاسەتەکانی ئەو ولاتانەی کوردیان بەسەردا دابەشکردون و هەموویان دژایەتی مافی چارەی خۆنووسینی گەلی کوردیان دەکرد، لە بەرانبەر ڕێزدانەنان بۆ مافە گشتی و بنەڕەتییەکانی کورد ئەو ولاتە گەورانە هیچ هەڵوێستێکیان نیشان نەئەدا، کاتێك گەلی کورد لە هەرێمی کوردستانی ئێران بەهۆی شۆڕشەوە لەنێوان کانونی یەکەمی ١٩٤٥ تا کانونی یەکەمی ١٩٤٦ توانییان کۆمارێکی سەربەخۆ دابمەزرێنن کە بەکۆماری مەهاباد ناسرا، هاوکات بەرپابوونی ڕاپەڕینی گەلی کوردی بەشی کوردستانی عیراق بەڕابەرایەتی مەلامستەفای بارزان ((ماوەکانی ١٩٤٥تا١٩٤٦ ))ولاتانی دەوروبەر بۆ لەباربردنی دەوڵەتەکوردییەکە لە ناو لانکەی خۆیدا هاوئاهەنگ بوون، لە عیراقیشەوە ئەو چوار ئەفسەرە کوردەی سوپای عیراقی کە بەشدارییان لە دامەزرانی کۆماردا کردبوو دواتر خۆیان بە دەستەوەی ڕژێمی عیراق دابووەوە لە سێدارەیان دان، ئەوانیش بریتی بوون لە شەهیدان مستەفا خۆشناو، عیزەت عەزیز، خێروڵا عەبدولکەریم و محەمەد قودسی، لە ئێرانیشەوە زۆربەی سەرکردەکانی شۆڕش بە قازی محەمەدی سەرۆك کۆمارەکەشیانەوە لەسێدارەدران( محەمەدی قازی عەلی کوڕی قاسمی کوڕی میرزا ئەحمەد کەساڵی ١٩٠١ لە مهاباد لەدایك بوو هەر لەوێش ساڵی ١٩٤٧ شەهید کرا/نشوء الوعی القومی و تطورە عند الکورد، د.زهدی الداوودی ـ ٢٠١١/١٠/٢٨) ولاتانی زلهێز لەوانەش ڕووسیا ئەوکات هەڵوێستی تەماشاچی وەرگرت، هەروەها پشتگیری حکومەتی عیراقی کرد بۆ دامرکانەوەی شۆڕشی گەلی کوردی عیراق بە ئاگرو ئاسنەوە.

بەدرێژایی ماوەکانی جەنگی دووەمی جیهانی لێکچوون هەبوو لە خەباتی گەلی کوردی هەر چوار پارچەکە، بە پێی ڕەفتارو سیاسەتەکانی فەرمانڕەوایانی هەر دەوڵەتێك شێوازو میکانیزمەکانی خەباتی ئەو گەلە دابەشکراوە بە جۆرێك دەکەوتەوە، هەڵوێستی ولاتانی زلهێز دەرهەق بە چارەنووسی کورد، بە تایبەتیش هەڵوێستی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پاش ڕووخانی ڕژێمی پاشایی لە عیراق و دامەزرانی ڕژێمی کۆماری پشتگیرییەکی ئاشکرا بوو نەك وەك پشتگیری لەگەلی کورد بەڵکو پشتگیری بوو بۆ هەڵوێستیان لە دژایەتی کردنی کۆماری عیراقی ئەوسا، بەم شێوەیە بەردەوام بوون لەسەر پیادەکردنی سیاسەتە ناواقیعیەکانی خۆیان هیچ هەڵوێستێکی وایان لە دژی سیاسەتە چەوتەکانی حکومەتەکانی سوریاو ئێران و تورکیا وەرنەگرت کە لە بنەڕەتی سیاسەتی ئەو ولاتانەدا دان بە بوونی کورددا نەدەنرا، تورکیا پێی دەوتن تورکانی چیا، بەعسیەکانی سوریا بە عارەبانی چیا ناویان دەهێنان، لە ئێرانیش گەرچی ناسنامەی کوردیان بە تەواوی ڕەت نەکردەوە بەڵام لە مافی چارەی خۆنووسین بێبەشیان کردن، حکومەتەکانی سوریا تەنانەت مافی پێدانی ڕەگەزنامەیان لە بەشێکی زۆری کوردەکان لەوتاندبوو بە بیانووی ئەوەی لە تورکیاو عیراقەوە هاتوون، ئەم سیاسەتانە بوونە هۆی هەڵگیرساندنی ئاگری خەبات لە هەموو بەشەکانی کوردستانی بەشکراوو بەشێوازو ماوەو هێزی جیاواز لە یەکتر، گەرچی ئەمریکا لە نێوان ساڵانی١٩٧٢ـ ١٩٧٥ پشتگیرییەکی گەلی کوردی لە کوردستانی عیراق دەکرد، بەڵام

هەمان پشتگیری بۆ گەلی کوردی پارچەکانی تری کوردستانی گەورە نەبووە، لە هودنەیەکی تەواودا بوو لەگەڵ سووریا، بەڵام دوای ڕێکەوتننامەی جەزائیر ساڵی ١٩٧٥ ئەمریکا خیانەتێکی گەورەی لە مەسەلەی کوردی کوردستانی عیراق کردو پشتگیری ڕاستەوخۆی لە بەندو خاڵەکانی ئەو ڕێکەوتننامەیەی نێوان عیراق و ئێران کرد کە بەهۆیەوە شای ئێران و وڵاتی ئەمریکا هەموو هاوکارییەکیان لە شۆڕشەکەی گەلی کورد ڕاگرت، ئەم هەڵوێستە نابەرپرسانەی ئەمریکا ڕاستەوخۆ دژ بە بنەماکانی ویلسن بوو، ئاکامەکەشی کاری کردە سەر نسکۆیەکی کاتیی شۆڕشی چەکدارییانەی کوردی عیراق و بوو بە هۆی زاڵبوونی هەژموونگەریی بەعسییەکان بەسەر هەموو عیراقەوە، نسکۆی ئەو شۆڕشە فاکتەر بوو بۆ دامرکانەوەی ڕۆحی شۆڕشگێڕی و چۆکی بە خەباتی هەموو بەشەکانی تری کوردستان دادا.

ئەم نسکۆ کاتییە پشکۆی لە ژێر خۆڵەمێشەکەدا بە بریسکاوەیی هێشتەوە، ئەمجارەیان لە هەموو پارچەکانەوە هێزی شۆڕشگێڕانەو ورەی جەماوەریی و گرووپی سیاسی بۆ هاوبەشی کردن و سەرهەڵدانی نوێ کەوتنەوە خۆسازکردنەوەو سەرلەنوێ چەکیان کردەوە شان، ئەم هێزەچەکدارییەی کورد لە تورکیاو ئێرانیشەوە پەرەی سەند، کەچی وێڕای ئەو دوژمنایەتییە سەرسەختەی لەنێوان ئێران و ئەمریکا هەبوو کەچی خەباتی گەلی کورد لە ئێران هیچ پشتگیری لە لایەن ئەمریکی بە دەست نەهێنا، هەروەها بۆ کوردی تورکیاش بە هەمان شێوە ئەوانیش هەر بێ پشت و پەنا مانەوە، بەڵکو ئەمریکا بە سەرتاپاگیریی نەك تەنیا ڕەفزی پەکەکەی دەکردەوە بەڵکو ڕەفزی هەموو حزبە کوردستانییەکانی هەرێمی کوردستانی تورکیا دەکاتەوە، تەنانەت لە ماوەی جەنگی نێوان ئێران و عێراقدا هیچ پشتگیری لە گەلی کوردی عیراق نەکرد، وێڕای ئەو هەموو جینۆسایدکردنەیان کە لەلایەن ڕژێمی ئەوسای عیراقەوە بە کیمیاوی و پرۆسەی ئەنفالکردن بەربووە وێژەی ئەم گەلە ستەمدیدەیە، ئەمە بۆ خۆی پەڵەی شەرم و حەیاچوونە بە ناوچەوانی هەموو ئەوانەی هەڵوێستیان وەرنەگرتووە بەرانبەر ئەو جینۆسایدانەی دژ بە کورد کراون، بەڵکو ئەمەریکاش وەك زۆر لە وڵاتانی ترخۆیان بە گومان دەکرد لەوەی حکومەتی عیراق چەکی کیمیاوی بەکارهێنابێت و ئەگەری ئەوەیان دەکرد کە ئێران بەم کارانە هەستابێت، لە کاتێکدا ئەمریکا لە هەمووان باشتر ئاگاداربوو کە ڕاستەوخۆ عیراق ئەم تاوانانەی ئەنجام دەدا..


دواتر کاتێك عیراق وڵاتی کوەیتی داگیرکردو لەگەڵ ئەمریکاش کەوتە ململانێ ئیتر هەڵوێستی ئەمریکیەکان لە بەرانبەر خەباتی گەلی کورد گۆڕانکاری بەسەردا هات، کەچی هەمان هەڵوێستی بەرامبەر خەباتی گەلی کوردی تورکیا نەبوو، چونکە تورکیا لە ناتۆدا هاوپەیمانی ئەمریکا بوو تەنانەت هەمان هەڵوێستی کە بۆ کوردی عیراق نواندی بۆ خەباتی کوردی ئێرانیشی نەبوو، لە کاتێکدا کە ئێران دوژمنی سەرسەختی ئەمریکاو خۆرئاوایە، بە هەمان شێوەکوردی سوریاشی فەرامۆشکردووە. ئەم پشتگیرییەی لەمەسەلەی کورد دوای جەنگی دووەمی کەنداو دروست بوو، بەڵام هەر خودی ئەمریکا تا ئێستا خەباتی چەکداری گەلی کوردی کوردستانی تورکیای بەتیرۆر ناوزەد دەکات، تەنانەت هەڵوێستی وڵاتانی ئەوروپاشی لە بەرانبەر ڕێکخراوە کوردییەکانی کوردستانی تورکیا گۆڕیوە، ئەمەش ڕەفتارێکە بە پێچەوانەی لۆژیکەوەیە، بەڵکو جۆرێك لە دوو فاقی و دووڕوویی لەم هەڵوێستەدا دیارە، ئەم دوو فاقییە لە هەڵوێستی ئەمەریکادا بەرامبەر بە کێشەی کورد وەك ئەو پەندە کوردیە دێتە بەرچاو کە دەڵێت بانێکە و دوو هەوا، وتەیەکی بەناوبانگیش هەیە کە دەڵێت پێوەندی نێوان وڵاتان لە دۆستایەتی و ڕێزلێگرتنی هاوبەشەوە دروست نابێت بەڵکو لە بەرژەوەندی هاوبەشەوە پێکدێت، ئەمەریکا کێشەی کوردی لە عێراقدا بەبەرژەوەندیەکانی خۆیەوە بەستووەتەوە، ئەگینا ئەو کێشەیە لەپارچەکانی تریش هەمان کێشەیە. هەڵوێستی ئیجابیانەی ئێستای بۆ فیدراڵیبوونی کوردستانی عێراق هەروەها هەڵوێستی ئیجابیانەی لەبەرامبەر مافی ڕەوای وەرگرتنی ڕەگەزنامەو وەدەستهێنانی مافە بنەڕەتییەکانی دیموکراتی بۆ کوردانی سوریا لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە هەڵوێستی دژایەتیکردنی مافەکانی کوردی تورکیاو بێدەنگبوون لەبەرامبەر ئەو دژایەتی و زوڵمەی کە لەگەلی کورد دەکرێت هیچ هەڵوێستێکی سیاسی تەندروست نیشان نادات، بەڵکو سیاسەتێکی تەکتیکیەو متمانەو ئیعتوبار لەناو سیاسەتی ئەمەریکیدا ناهێڵێت، چونکە ئەم جۆرە هەڵوێستانە قابیلن بە گۆڕان، لەهەر ساتە وەختێکدا بێت بە پێی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکیی دەگۆڕدرێن، بەپێی بەرژەوەندیەکانی سیاسەتی ئەمەریکا ئەمسەرو ئەوسەریان پێ دەکرێت، کەواتە پێویستە گەلی کورد لە خەباتیدا بۆ وەدیهێنانی مافەڕەواکانی پشت بە توانای خۆیی و ڕای گشتی جیهانیی ببەستێت، گەر لە هەر دەوڵەتێکی دۆستیش سوود وەربگرێت ئەو سوود وەرگرتنە ڕەوایە، بە مەرجێك متمانەی تەواوی خۆی پێ نەدات، واتە هەموو کارتەکانی نەخاتە یەك دۆسییەوە کە ئەویش ئێستا دۆسیەی ئەمەریکایە.

ئەم ئاگادارکردنەوەو هۆشیاریدانەم بە گەلی کورد لەهیچ حاڵێکدا واتای ئەوە ناگەیەنێت کە لەپشتگیری ئەمەریکایی یا هەر دەوڵەتێکی تری گەورەی جیهان واز بهێنرێت، بەڵکو پێویستە پێوەندییەکانی خەبات لەگەڵ گەلان و هێزە دیموکراتی سیاسیەکانی ناو هەر چوار دەوڵەتەکەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە توندوتۆڵتر بکرێت ئەوەش بەئامانجی وەدەستهێنانی دەستکەوتی تازە، بۆ تۆکمەبوونی پێوەندییەکانیش خەباتی ئاشتیانەی پێویستە تا بەپێی بارودۆخی بابەتییانە کاری بۆ بکرێت بەپێی ئەو هەلومەرجەی کە بزافە رزگاریخوازە نیشتمانیەکانی خۆرهەڵاتی ناوەندو جیهانی پیادا تێپەڕ دەبن. زۆرخەڵك هەن لە دنیادا هەست بە گرفت و گرێی سایکۆلۆجی گەلێك ناکەن کە دەوڵەتی سەربەخۆیی نیشتمانی خۆی نییە، نەتەوەی عەرەب ٢٣ دەوڵەتی هەیە، وڵاتی قیزم ژمارەی دانیشتوانیی چەند سەد هەزار کەسێکن و دەوڵەتی هەیە، کەچی گەلی کورد زیاتر لە ٣٠ ملیۆنەو ئەم گرێ سایکۆلۆجیەی بێ دەوڵەتیی هەیە، ئەزموونی دەوڵەتی فیدرالی لە عێراق شکستی نەخواردووە بەڵام یەك هەنگاویش نەچۆتە پێشەوە، هەر بۆیە پێویستە چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە. تا ئێستا گەلی کورد بابەتی دەوڵەتی نەتەوەیی سەربەخۆی بە ڕاشکاوانە باس نەکردووە، بەڵکو جەخت لە گرنگێتی دەوڵەتی فیدراڵی دەکاتەوە، ئەوەش بەمەرجێك حوکمی مەرکەزی نەگەڕێتەوە بۆ عیراق، هەردوو حکومەتی ئیتحادی و هەرێمی کوردستان بۆ دیاریکردنی پەیوەندیەکانی خۆیان و چارەسەر کردنی ناکۆکیەکانی نێوانیان دانانی چەند یاسایەکی ڕێکخراویان دەکەوێتە ئەستۆ، واقیعی ئێستا نادروستەو زیان بەهەمووان دەگەیەنێت، پێویستە هەموو لایەك لێبڕاوانە مەترسیەکانی شکستی فیدرالیەت درك پێ بکەن، مەترسییەکە نەك تەنیا لەسەر گەلی عێراق و ئیتنیەکان بەڵکو پزیسکەکانی زیان بەخەباتی گەلی کوردی پارچەکانی تریش دەگەیەنێت .بۆیە پێویستە بێگوێدانە هەڵوێستەکانی ئەمەریکا کە چییەو چۆنە، لە پێناوی سەرکەوتنی ئەزموونی دەوڵەتی فیدراڵیی و ئیتحادیدا و بۆ خاتری بەرژەوەندی گشت نەتەوەکانی ناو عێراق خەباتی کورد بەردەوام بێت، لە دنیادا هیچ فیدراڵیەتێك سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت ئەگەر هاتوو متمانەی هاوبەش لە نێوان نەتەوەکان و هێزو حزبە دەستڕۆیشتووەکان دروست نەبێت کە ئێستا ئەو متمانەیە لە زەمینەی واقیعدا بوونی نییە

**لە دنیادا زۆرخەڵك هەن هەست بە گرفت و گرێی سایکۆلۆجی نەتەوەیەك ناکەن کە دەوڵەتی سەربەخۆی نیشتمانی خۆی نەبێت. نەتەوەی عەرەب ٣٣ دەوڵەتیان هەیە. وڵاتی قزم ژمارەی دانیشتووانیی چەند سەدهەزار کەسێکەو دەوڵەتی خۆی هەیە. کەچی گەلی کورد زیاتر لە ٣٠ ملیۆنەو گرێ سایکۆلۆجیی بێ دەوڵەتیی هەیە**




# چارەسەرنەکردنی کێشە سیاسییەکان کارە خزمەتگوزارییەکانی حکومەتی عێراقی پەکخستووە




به بەراوردکردنی ژمارەی دانیشـــتووانی عێراق لەگەڵ ئەو بودجەیەی ســـاڵانە بۆی دابیندەکرێـــت، عێراق لەریـــزی ئەو وڵاتانە دەژمێردرێت کـــە بودجەیەکی بەرزی هەیە هاوشـــانی وڵاتانی خاوەن پەتـــرۆڵ، بەڵام کاتێـــك لـــەرووی کاری خزمەتگـــوزاری و ئاســـتی بەرەوپێشـــەوەچوونی پەرەپێـــدان بەراوردی دەکرێت، ئـــەوا وەك ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی ساڵانە ئاماژەی پێدەکرێت، عێراق دەکەوێتە لوتکەی ئەو لیســـتەی کە بەرزترین ئاستی گەندەڵی تۆمـــار دەکات و ســـۆماڵ و مینیمـــار لە پێشـــەوەین، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت عێراق هێندەی لە دەوڵەتێکی فاشیل نزیکدەبێتەوە، هێندە هەنگاو هەڵناگرێت کە بتوانێت لەسەر ڕێگەیەکی ڕاست بونیاد بنرێتەوە، هۆکاری ســـەرەکیش بۆ نەبوونی ئیمکانییەت نییە، بەڵکو بوونی ئەو هەموو کێشـــە سیاسیانەیە کە تـــەواوی عێراقی گرتۆتـــەوە، ئەمەش بەرادەیەك ڕەنگی داوەتەوە کە هیچ کەسێك نەتوانێت نکۆڵـــی لەکەمی خزمەتگوزارییە ســـەرەکیەکان بکات، تەنانەت بەرپرســـانی لیستی دەوڵەتی یاساش کە لیستی سەرۆك وەزیرانە ناتوانن شکســـتی حکومەتی عێراق بشـــارنەوە، هەروەهـــا لەنێـــو هاوپەیمانی نیشتمانیشـــدا ڕەخنەیەکی توند سەبارەت بە نەبوونی خزمەتگوزارییەکان هەیە.

## حکومەتی عێراق کێشەی کارەبا و ئاوی پێ چارەسەر ناکرێت

ئێســـتا لە بەغـــداو شـــارەکانی دیکەی باشـــوور و ناوەڕاســـتی عێراق گەورەترین دوو کێشەی ســـەرەکی کێشەی نەبوونی ئاو کارەبایە، ســـەبارەت بەم کێشەیە عەلی شەلا پەرلەمانتاری لیستی دەوڵەتی یاسا هۆکاری چارەسەر نەکردنی کێشەی کارەبا دەیگێڕێتەوە بۆ هۆکاری دەوڵەتانی دراوســـێی و هەوڵدان بۆ شکست پێهێنانی حکومەتەکەی مالیکی، لەم چوارچێوەیەدا و لەلێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان عەلی شەلا بەمجۆرە لەسەر ئەم پرسە هەڵوەســـتەی کردو وتی: ((پێموایە خراپیی بەڕێوەبردن بوونی هەیە، هەروەها خواستێکیش بۆ شکســـتهێنان بە هەندێك لە وەزارەتەکان و هەروەها شکستهێنان بە حکومەت و سەرۆکی حکومەت بوونی هەیە، من لێرەدا کارەبا وەك نموونەیـــەك دێنمـــەوە، هەوڵدانێکی بچووك هەبوو بۆ بەرەوپێشەوەبردنی کارەبا و لەهەمان کاتیشـــدا هەوڵ هەبوو بۆ شکستهێنان بەم هەوڵە نەك تەنیا لەســـەر ئاستی ناوخۆیی، بەڵکـــو تەنانەت لەســـەر ئاســـتی وڵاتانی دراوسێشـــەوە، هەوڵدان لەئـــارادا هەبوو بۆ شکستهێنان بە حکومەت لە دۆسیەی کارەبا، بۆنموونە لەبارەی ئەو وەزیرەی کە ئیقالەکرا هـــەوڵ هەبوو نەك تەنیا بۆ دزینی پارەکانی دەوڵەت، بەڵکو هەوڵدان بۆ دزینی دوو ساڵ لە گەلی عێراقی لەرووی کارەبا لەڕێگەی بەفیڕۆدانی کات و پاشان هات و وتیان ئەو کۆمپانیـــا گەورانە نەیانتوانـــی کارەکانیان جێبەجێ بکەن، ئەویش لەبەرئەوەیە کە ئەوان نایانـــەوێ بەم زووانـــە کارەکانیان جێبەجێ بکەن، بەداخەوە ئەمە کێشەیەکی عێراقییە کە بوونی هەیە، کە هەندێك کەس هەوڵدەدەن بۆ شکستهێنان بە حکومەت لەپێناو وەدیهێنانی مەبەستی سیاسی، بەڵام لەلایەنێکی دیکەوە گەندەڵی هەیە لەگەڵ ترس لە تووشـــبوون بە گەندەڵی لەگەڵ جێبەجێنەکردن، مەبەستم هەندێـــك کەس پـــارە ئیختیـــلاس دەکەن و هەندێك کەســـی دیکە جێبەجێکردنیان نییە لەبەرئەوەی دەترســـن بە گەندەڵی تۆمەتبار بکرێن، بەڕای من ئەوانیش هۆکارن لەپشت پەکخســـتنی بونیادنانی دەوڵەت و هاوکات ئەوەیش گەندەڵییەکـــە، لەبەرئەوەی کاتێك کە بودجەیان جێهێشـــت بەبێ ئەوەی خەرج بکرێت و دێن و باسی نەزاهەت دەکەن، ئەمە لەکاتێکدا نەزاهـــەت بریتییە لەجێبەجێکردن نەك لە ترسی ئەنجامدانی هەڵە)).

عەلی شەلا بەشێوەیەکی ناڕاستەخۆ و بۆ بەرژەوەندی حکومەتەکەی د.نوری مالیکی شکستی حکومەت لەبوارە خزمەتگوزارییەکان گرێدەداتەوە بە مەرامی سیاسیی بۆ شکست پێهێنانـــی حکومـــەت، ئەمە لـــە کاتێکدا خودی حکومەتەکـــەی د.مالیکی-یە لەبەر هۆکاری سیاســـی هەموو ڕێککەوتنەکانی پەکخستووە و هێشتاش نەیتوانیووە پێکهاتەی حکومەتەکەی تەواو پێکبهێنێت و بەتەواوی سەقامگیری لەوڵاتدا بچەسپێنێت، سەبارەت بـــە کاریگەری لایەنـــی ئەمنی کە ئەویش لایەنێکـــی دیکەی شکســـتی حکومەتی عێراقە، شـــەلا لەدرێـــژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان بەمجۆرە لەســـەر ئەم پرســـە قسەی کردو وتی: (بێگومان ئەوە شـــتێکی ئەکیدە کە ناســـەقامگیری کاریگـــەری گەورەی هەبووە، چەندین کۆمپانیای گەورە عێراقیان بەجێدەهێشـــت و ڕایاندەکـــرد لەبەرئـــەوەی کرێـــکار و فەرمانبەرەکانیان دەرفێندران یان دەکوژران یانیش هەڕەشـــەیان لێ دەکرا، ئەم شـــتەش کاریگەریی هەیە لەسەر کوالیتیی جێبەجێکـــردن، ئەمە مەســـەلەیەکە کە پێی تێپەڕیوین و هەموو گەلی عێراقی لێی

## کازم شەمەری بۆ گوڵان:



# نەبوونی خزمەتگوزاریی هێندە نائومێدی کردووم زۆر جار بیر لەوە دەکەمەوە دەست لەکاربکێشمەوە

بەئاگان، فاکتەری ئەمنــی گەورەترین بەربەست بوو لەبەردەم بونیادنان، لەبەرئەوەی تیــرۆر وایکــرد تەنانەت لــە هەندێك لە گەندەڵکارەکانیش ببورین، بەو بیانویەی کە ئەمە خۆی دەکات بە قوربانی و ژیانی خۆی خستۆتە مەترسییەوە، هەربۆیەش ناکرێ بەم شێوەیە لێی وردبینەوە، بۆیە من پێموایە کە تیرۆر بەربەستی سەرەکی بوو)).

### ڕێگرییەکان زۆرن و بودجەی وەبەرهێنان کەمە

عێــراق لەگــەڵ ئــەوەی ئــەو بودجە گەورەیەی هەیە، بەڵام بودجەی وەبەرهێنانی بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان کەمە، بۆیە لــەم چوارچێوەیەدا کە بودجە کەم بێت و ئەزموونــی بەڕێوەبردنیش کەم بێت، ئەوا ئاســتی خزمەتگوزارییەکان لەمەی ئێستا باشتر نابێت، بۆ زیاتر هەڵوەستەکردن لەسەر ئەم لایەنە پێوەندیمان بە ئیحســان یاســین عــەوادی پەرلەمانتاری لیســتی دەوڵەتی یاســا و ئەندامی لیژنــەی ئاوەدانکردنەوەو خزمەتگوزارییەکانی پەرلەمانی عێراق کرد و ئەویش وێڕای ئەوەی جەختی لەسەر نەبوونی خزمەتگوزاریــەکان کــردەوە، ئاماژەی بەو هۆکارانە کرد کە بوونەتە ئاستەنگ لەبەردەم خزمەتگوزارییەکان و لەمبارەوە لەلێدوانێکی تایبەتی بــۆ گوڵان وتــی: (لەماوەی ٨ ســاڵی ڕابردوودا بواری خزمەتگوزارییەکان بەرەوپێشەوەچوونی بەخۆیەوە نەبینیووە، لەبەر چەندین هۆکار، لەزمنیشــیان سەرقاڵبوونی حکومەت بە جەنگی تیرۆر و تەحەدداکانی تر، هەربۆیە لەســاڵی ٢٠٠٨ـەوە دەستیکرد بــە تەرخانکردنی بڕە پارەیەکــی باش بۆ مەسەلەی خزمەتگوزارییەکان، بەڵام بودجە کەمەکەی وەبەرهێنان، بەرەوپێشــەوەچوونی ئەم بوارەی ســنووردارکردووە و شکستی بەم دۆســیەیە هێناوە، بێگومان چەندین فاکتەر هەن، من بەشــێوەیەکی خێــرا ئاماژەمکرد بە ســنوورداربیەتی بودجــەی وەبەرهێنان (وەبەرهێنانی عێراقی):

یەکــەم: ڕاســتە کە بودجەی گشــتیی دەوڵەت گەورەیە، بەڵام بودجەی وەبەرهێنان کەم و سنووردارە.

خاڵی دووەم: ئەو پاشــماوە قورسەی کە ماوە، ئەگەر ئەمڕۆ هــەر وەزارەتێك بێت و لەچوارچێــوەی ئەم بودجە ســنوورداره کار بکات، ئەوە ناتوانێت شتێکی بەرچاو وەدەست بێنێت لەبەرئەوەی کێشەی زۆر هەیە لەگەڵ کەموکورتیی گەورە.

خاڵی سێیەم: مەســەلەی دەسەڵاتەکان و کێشــەی سەرپەرشتی لەســەر پڕۆژەکان و نەشــارەزایی کۆمپانیاکان بەگشــتی و هەوڵدانــی کۆمپانیای بیانــی بۆ هاتنیان بــۆ ناو خاکی «عێراق» و بۆ پارێزگاکانی «عێراق».

خاڵی چوارەم: بوونی گەندەڵییە.


ئەمانــە هەموویان بەربەســتن لەبەردەم بونیادنــان، بەڵام خاڵی ســەرەکی بریتییە لە کەمــی بودجەکــە، ئەگەر بــە وردی قسەی لەســەر بکەین بۆنموونە مەسەلەی ئــاوەڕۆ، ئەمــڕۆ هــەر ١٥ پارێزگاکانی «عێراق» پێویســتییان هەیــە بە نزیکەی حــەوت هەزار ملیار دینار بۆ جێبەجێکردنی خزمەتگوزارییەکانــی ئــاوەڕۆ، لەگــەڵ پێنج هەزار ملیار دینــار بۆ جێبەجێکردنی خزمەتگوزارییەکانی ئاوی خواردنەوە، بەواتای پارێزگاکانی «عێراق» پێویستیان بە دوانزدە هەزار ملیار دینــار هەیە بۆ جێبەجێکردنی خزمەتگوزارییەکانــی ئاو و ئــاوەڕۆ، کە ئەمە ئەو دوو خزمەتگوزارییە سەرەکییانەیە کــە هەموو هاووڵاتییەك پێویســتیی پێیان هەیە، بێگومان ئەم مەســەلەیە پەیوەستە بە وەزارەتی شارەوانییەکان، ئەمڕۆ تەرخانەکانی ساڵانەی وەزارەتی شــارەوانییەکان لە یەك هەزار ملیــار دینار تێناپەڕێــت، بۆنموونە بۆ ئەمســاڵ ســاڵی ٢٠١١، لە بودجەی دیاریکراو بۆ وەزارەتی شــارەوانییەکان تەنیا هەزار و ســەد و بیست ملیار دینار تەرخان کرابــوو، بۆیە ئەگەر بێــت و بەراوردبکەین هەست بە خەلەلێکی بەرچاو دەکەین لەڕووی خزمەتگوزارییەکان و بێگومان ئەم شــتەیش کاریگەریــی نێگەتیڤانەی دەبێت لەســەر ئەدای کارەکانــی وەزارەت، ئەمە و وێڕای فاکتەرەکانی دیکە کە ئامــاژەم پێیانکرد. لەلایەکی دیکەوە مەسەلەی کارەبا دەکەوێتە ســاڵی داهاتوو، لەبەر ئــەوەی ئەم پرۆژەیە لەنێو پرۆژەی یاسای (دفع السريع) دانراوە، هەرچەندە کەرتی کارەبا لە دەســت وەزارەتی وزەیە، بەڵام دەتوانم بڵێم کە پێویستبوون هەیە بە ١٢ هەزار یەکە، کە بریتییە لە ١٢ هەزار مێگا، ئەوەی کــە ئەمڕۆ عێراق بەرهەمی دێنێت نزیکەی ٥ — ٦ هەزارە)).

ئەو لایەنانەی کە پەرلەمانتارانی لیستی دەوڵەتی یاســا ئامــاژەی پێدەکەن، لەگەڵ ئەوەی بە شێوەیەکی زمنی دان بەوەدا دەنێن کە حکومەتی عێراق لــە هەموو بوارەکانی خزمەتگــوزاری شکســتی هێنــاوە، لــە هەمانکاتدا بیانوو پاکانە بۆ شکســتەکانیش دەهێننەوە.

### گەندەڵی ئیداری و دارایی هەموو کارێکی پەکخستووە

کەس ناتوانێت نکۆڵی لەئاســتی بەرزی گەندەڵی بەهەموو شێوەکانییەوە لە عێراقدا بکات، لەبەر ئەوەی وەك پێشتریش ئاماژەمان

## عەلی شەلا بۆ گوڵان:



# خراپیی بەڕێوەبردن بوونی هەیە، هەروەها خواستێکیش هەیە بۆ شکستهێنان بە هەندێک لە وەزارەتەکان و هەروەها شکستهێنان بە حکومەت و سەرۆکی حکومەتیش

پێکرد عێراق لەڕووی گەندەڵییەوە بەپلەی دووەم و سێیەم دێت لە ڕاپۆرتی ساڵانەی ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی، هەروەها لەم بوارەشدا هەموو وەزارەتەکان بە دامەزراوەکانی سەرۆکایەتیەکانیشەوە لەم دیاردەیە بێ بەری نین، سەبارەت لەم لایەنە جومعە عەتوانی پەرلەمانتاری هاوپەیمانی نیشتمانی جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە گەندەڵی ئیداری و دارایی گرنگترین هۆکارن بۆ پەکخستنی خزمەتگوزارییەکان و لەمبارەوە و لەلێدوانێکی تایبەتدا بە گوڵانی ڕاگەیاند: (بێگومان ئاستی خزمەتگوزارییەکان بەپێی خواستی هاووڵاتیان نییە، هاوکات چەندین کێشە خزمەتگوزارییەکان بۆ هاووڵاتیانی «عێراق». هەربۆ نموونە هەڵبەتە ئاو و کارەبا بەشێکن لە سیستەمێکی موتەکامل و هەر یەکێکیان پەیوەستە بەوەی دیکە، لەبەرئەوەی بۆنموونە ئەگەر بێت و ئەمڕۆ کارەبا دابین نەکرێت ئەوە کەموکورتی دروستدەبێت لەڕووی پەمپکردنی ئاو، کاتێك کە ئێمە باس لە خزمەتگوزارییەکان دەکەین ئەوە بەگشتی مەبەستمان لە هەموویەتی و هیچ لایەنێك تەفزیل ناکەین لەسەر لایەنێکی تر، لە هەموو لایەنەکان تەعتیلبوون هەیە و بێگومان ئاو و کارەبا بەو ئیعتوبارەی کە ڕاستەوخۆ پێوەندیی بە ژیانی هاووڵاتیانەوە هەیە، بەڵام لەهەمان لەگەڵ حکومەتە لۆکاڵەکان، حکومەتە لۆکاڵەکان هەرە زەرەرمەندن لەمبارەیەوە، ئەمە لەکاتێکدا حکومەتی ناوەندی دەیەوێ بەرپرسیارەتییە گەورەکە بخاتە ئەستۆی ئەوانەوە، ئەنجومەنەکانی پارێزگاکان و حکومەتە لۆکاڵەکان تەنیا لە نیوەی ساڵدا پارە تەرخانکراوەکانیان دەگاتە دەست و پێش کۆتایی هاتنی ساڵ، بۆنموونە لە مانگی ١١، پێویستە لەسەر حکومەتە لۆکاڵەکان حیساباتەکانیان یەکلابکەنەوە و پێشکەشی بکەن لەبارەی ئەو کارانەی کە ئەنجامیانداوە و هەڵبەتە ماوەی ٤ یان ٥ مانگ بەس نییە بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەکان، لەلایەنێکی دیکەوە هەندێك







لەئارادا هەبوو کە هۆکاری سەرەکی بوون لەپشت پەکخستنی ئەم خزمەتگوزارییانە، بێگومان لەسەرووی هەموویانەوە کێشەی گەندەڵیی ئیداری و دارایی هەیە کە زیانی بە دامەزراوەکانی دەوڵەت گەیاندووە، منیش پێموایە کە گەندەڵیی ئیداری و دارایی بۆتە دامەزراوەیەکی تر کە هاوتەریب بێت لەگەڵ دامەزراوەی حکومی و تەنانەت لە دامەزراوە حکومییەکان زۆر کاریگەرترە، هاوکات ململانێی سیاسی هەیە لەگەڵ یەکلاکردنەوەی حیساباتەکان لەنێوان لایەنە سیاسییەکان کە هاوکات هاوبەشن لە پرۆسە سیاسییەکە، ئەمەیش ڕۆڵێکی سەرەکیی هەیە لە تەعتیلبوون لە دابینکردنی کاتدا ناکرێ جیابکرێتەوە لە کێشەکانی تری وەکو گەندەڵی و ململانێ سیاسییەکان هەروەها لەڕووی دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لەنێوان حکومەتی ئیتیحادی و حکومەتە لۆکاڵەکان، ئەم هەموو شتانە هۆکارن لە تەعتیلبوونی ئەم بوارە)).

لەلایەکی دیکە و سەبارەت بە داواکردنی پارێزگاکان بۆ زیادبوونی دەسەڵاتەکان و داواکردنیان بۆ دروستکردنی هەرێمی تایبەت، بەوەی تاچەند ئەم داوایە کاردانەوەی شکستی کارە خزمەتگوزارییەکانی حکومەتە؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەشدا عەتوانی لە درێژەی قسەکانیدا بۆ گوڵان وتی: (بەڕای من پێویستە ڕەوا بین پڕۆژە هەن کە پەیوەستن بە حکومەتی ناوەندی بەتایبەتی لە وەزارەتی نیشتەجێ و وەزارەتی شارەوانییەکان هەربۆیە حکومەتە لۆکاڵەکان بەهیچ شێوەیەك بەرپرسیار نین لەسەر کارەکانی ئەم وەزارەتانە، بۆیە سستی لە کارەکانی وەزارەتی شارەوانییەکان ڕەنگدانەوەی نێگەتیڤانەی هەیە لەسەر خزمەتگوزارییەکان لە هەندێك لە پارێزگاکان، لەلایەنێکی دیکەوە مەرکەزییەتێکی توند لەئارادا هەیە کە حکومەتی ئیتیحادی پیادەی دەکات لەبەرامبەر حکومەتە لۆکاڵەکان کە هەموویان لەئاکامدا بوونە هۆی تەعتیلبوون لە خزمەتگوزارییەکان لە زۆربەی پارێزگاکانی «عێراق»)).

ئیحسان یاسین عەوادی بۆ گوڵان:

# لە ساڵی ٢٠٠٣ەوە تائێستا بە هۆی کەمی بودجەی وەبەرهێنان و گەندەڵییەوە کەرتە خزمەتگوزارییەکان شکستیان هێناوە



**هیچ ئومێدێك بۆ باشتر بوونی بارودۆخەکە بەدی ناکرێت**

ئـــەم بارودۆخـــەی ئێســـتا عێراقی پێدا تێدەپەڕێت خەڵکێکی زۆری نائومێد کردووە، هۆکاری ئەم نائومێدییەش ئەوەیە حکومەتی ئێستای عێراق لەبەری ئەوەی پابەندبێت بە ڕێککەوتنەکان و دەستووری عێراقەوە زیاتر کێشەکە ئاڵۆزتر دەکات، سەبارەت بەم لایەنە پرسیارمان لە کازم شەمەری پەرلەمانتاری لیســـتی عێراقیە کرد و دەربارەی ئەم لایەنە وتی: ((من وەڵامەکەی ئێوە بە پرســـیارێك دەســـت پێدەکەم و دەپرســـم ئایا ئەو بودجە گەورەیەی بۆ کەرتـــی خزمەتگوزارییەکان تەرخانکراوە هیچ ڕەنگدانەوەیەکی هەبووە؟ من ڕاشـــکاوانە دەڵێم نەیبووە، دۆســـیەی خزمەتگوزارییەکان هێشـــتا دۆســـیەیەکی لاوازە، بـــڕە پارەیەکی زۆر و بودجەی زۆر و ملیارەها لە شەقامەکان بەفیڕۆ دەدرێت، لە مەسەلەی کارەبا شتێکی ئاشکرایە و هەمووان دەیزانن، هەروەها مەســـەلەی «تەناوب»ی وەزیرەکان لەسەر ئەم وەزارەتە هەروەها لەگەڵ گۆڕین لە سیاسەتەکانی وەزارەت و گۆڕین لـــە تەرخانکردنی پارەکان، ئەمە شـــتێکی زانراوە، بەڵام ســـەبارەت بە مەسەلەی ئاوی خواردنەوە، زۆربـــەی ناوچەکانی «عێراق» بەهۆی نەبوونی ئـــاوی خواردنەوە دەناڵێنن، هەرچەنـــدە کـــە چەندین پـــڕۆژەی گەورە پێشکەشـــکراوە و فەرمانگـــە پێوەندارەکان چەندین پڕۆژەیان ئەنجامداوە لەڕووی ئاوی خواردنەوە، بەڵام وێڕای ئەوە تاکو ئەمڕۆیش کێشـــە هەیە لە نەبوونێکی بەرچاوی ئاوی خواردنەوە، سەبارەت بە مەسەلەی ئاوەڕۆکان، تاکو ئەمڕۆیش نەمانبینیی زێرابی گەورەی ئاوەڕۆیەکی ڕاســـتەقینە جێبەجێ بکرێت، ئەوەی کـــە ئەمڕۆ هەیە تەنیا زێرابی ئاوی بارانە و تۆڕەکانی سەرفکردن و ئەمانە بەس نین و بەپێی پێویست نییە)).

شـــەمەری ئەو مەســـەلانەی بەستەوە بە گەندەڵی و هۆکاری خـــراپ بەکارهێنانی دەســـەڵاتەکانی حکومەت، بۆیە ســـەبارەت بە نەبوونی سەقامگیری پرسیاری ئەوەمان لێکـــرد ئایا تاچەند ئـــەم لایەنە کاریگەری هەبووە؟ لەوەڵامدا شـــەمەری بەمجۆرە بە گوڵانی ڕاگەیاند: (نەخێر، لەو بڕوایەدانیم هۆکارەکـــەی بگەڕێتەوە بۆ لایەنی ئەمنی، بـــەڕای مـــن هـــۆکارەکان دەگەڕێنەوە بۆ خراپیـــی بەڕێوەبردن و پلاندانـــان بەهۆی نەبوونی کەســـانی خاوەن کەفائەت و شیاو لە حکومەتـــە لۆکاڵەکان هەر لە پارێزگاکان و جێگرەکانـــی پارێـــزگاکان و ئەندامانی ئەنجوومەنەکانـــی پارێـــزگاکان، زۆربەی ئەندامانـــی ئەنجوومەنەکانـــی پارێزگاکان خـــاوەن کەفائەت نین، دێن مامۆســـتایەك یان فەرمانبەرێك کاندید دەکەن لەبەرئەوەی ســـەر بە پارتی «فلان»ـە و دێت و دەبێت بە پارێزگار، پێویســـتە چارەسەر و پێشنیار پێشـــکەش بکات لەبارەی کێشەکان، مەحاڵە ئەم شـــتە ســـەرکەوێت، بۆیە من دەڵێم کە هـــۆکاری ســـەرەکی بریتییە لـــە خراپیی بەڕێوەبردن و خراپیـــی پلاندانان و هۆکاری دووەم گەندەڵییە کە لە فەرمانگەکان بڵاوەی







## جومعە عەتوانی بۆ گوڵان:



# دواکەوتنی بودجە بۆ ماوەی ٦ مانگ کاریگەری گەورەی لەسەر پرۆژەکانی خزمەتگوزاری هەیە و پارێزگاکان ناتوانن بە ٤-٥ مانگ کاری ساڵێک ئەنجامبدەن

کـــردووە، ئەمڕۆ ئەندامێکـــی ئەنجوومەنی پارێزگا دێت دەکرێت بە ئەندام و بۆ ڕۆژی دوایـــی خانوو دەکڕێت و بۆ ڕۆژی ســـێیەم ئۆتۆمبێل دەکڕێت و.. تاد)).

ئەو لایەنانەی پەرلەمانتارەکەی لیســـتی عێراقیـــە ئامـــاژەی پێکـــردن، جۆرێك لە نائومێـــدی دروســـت دەکەن، بۆیـــە لێمان پرســـی ئایا تاچەند گەشبینیت بەوەی ئەم کەموکورتیانە لەئاییندە چارەســـەر بکرێن؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەشدا شەمەری پێی وتین: (ئەمـــڕۆ هاووڵاتی دووچاری هیوابڕانێکی گەورە بوونە، تاراددەیەکی زۆر پشـــتیان بەو سیاسەتوانانە بەست، هەر لە ٢٠٠٣ـەوە تاکو ئەمڕۆ سیاسەتوانەکانمان جگە لە خولقاندنی قەیـــران هیـــچ داهێنانێکی تریـــان نەبووە، هیچ سیاســـەتوانێك نەیتوانیـــوە قەیرانێك چارەســـەر بکات، ئێمە خـــاوەن کۆمەڵەیەك سیاســـەتوانین کـــە وڵات و هاووڵاتیانیان خســـتە گێژاوێك، هەموو ڕۆژێك قەیرانێك ســـەرهەڵدەدات و ڕۆژانە کێشە ڕوودەدات، بۆیـــە دەکـــرێ دەوڵەتێك وەکـــو «عێراق» تیمێك پێکبێنێت، خۆم لە باڵیۆزی ئیماراتم بیســـتم و بۆی گێڕامەوە کە لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، شـــێخ زاید ناردی بەشوێن «عەدنان پاچەچی» و «زیا جەعفەر»، کە هەردووکیان عێراقین، پێیانی وتبوو «من پارەم هەیە و دەمەوێت لەم دوورگەیە (مەبەســـتی ئیماراتـــی عەرەبی-یە)، دەمەوێ دەوڵەتێکم بۆ بونیاد بنێن. ئەوانیش دەســـتیان پێکرد و ئیماراتی ئێســـتایان بونیادنا، لەمە مەبەستم ئەوەیە لەڕێگەی پیشەسازی و ئەندازیارانی عێراقیەوە ئەوە دروســـت بوو، تائێستاش ئەو کەسانە لە ژیاندا ماون، بۆیە «عێراق»یش دەتوانێت داوایان لێ بکات بۆ داڕشتنی پلان بـــۆ خزمەتگوزارییـــەکان بۆنموونە لەڕووی کارەبا و چۆنییەتـــی دابینکردنی تەزووی کارەبا، هەروەها چۆنیەتی دابینکردنی ئاوی خواردنەوە، لەگـــەڵ چۆنییەتی دابینکردنی پەروەردە و تەندروســـتی، پێویستە بۆ هەموو کەرتێك پســـپۆر و شـــارەزا بێنین بۆ ئەوەی پلان دابنێن، بەڵام مەســـەلەکە پەیوەستە بە «مـــەزاج» و گرووپچێتـــی، خەمخواردن نییـــە، بەڵکو خەمخواردنەکـــە بۆئەوەیە کە چـــۆن لایەنەکەی خۆم ســـەربخەم و چۆن بتوانـــم بەرگـــری لە «عێراقیـــە» بکەم و چۆن بەرگری لە «هاوپەیمانی نیشتمانی» بکەم و چـــۆن بەرگری لـــە «هاوپەیمانی کوردستانی» بکەم، لەسەر ئەو بنەمایە نییە کـــە بەرگری لە هاووڵاتیـــی کەمدەرامەت بکـــەم، ئایـــا تاکو ئەمڕۆ چی پێشـــکەش بـــە هاووڵاتیی کەمدەرامـــەت کراوە؟ چی پێشکەشکراوە؟ دەوڵەت چیی بۆی کردووە؟ پڕۆژەکان تەنیا قسەیە و ئەمڕۆ هاووڵاتیان بە هیوابڕانێکی گەورەوە دەژیەن، نەك تەنیا هاووڵاتیـــان، تەنانەت ئێمەیـــش کە پێمان دەووترێت «سیاسەتوان»، ئێمەی ئەندامانی ســـەربەخۆی ئەنجوومەنـــی نوێنەران کە نە هێزمان هەیە و نە توانا دووچاری هیوابڕان بووینە و خودی خۆم هەندێك جار بیردەکەمەوە دەستلەکارکێشـــانەوەم پێشـــکەش بکـــەم، دووبارەی دەکەمەوە و دەڵێم پێناچێت کۆتایی ئەم ڕێچکەیە بگاتە ڕووناکییەك)).





# نەوت و هاوسەنگی هێز لە عێراقدا



دەیڤید ڕۆمانۆ*

مانگی جارێک
تایبەت بە گوڵان دەینووسێت

له ١٥ی تشرینی دووەمدا، حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕاگەیاندنێکی ڕۆژنامەوانی بڵاوکردەوە کە لەگەڵ کۆمپانیای ئێکسۆن مۆبیل،کە گەورەترین کۆمپانیای نەوتی ئەمەریکیە، گرێبەستی دۆزینەوەی نەوتی ئیمزاکردووە.

دەسەڵاتەکانی هەولێر باسیان لەوەکرد «حکومەتی هەرێمی کوردستان ٤٥ گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیاکاندا ئیمزاکردووە کە سەر بە ١٧ وڵاتن. له ساڵی ٢٠١٢دا، کوردستان ١٧٥،٠٠٠ بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا هەناردەی دەرەوە دەکات.»هەرچۆنێك بێت، لە حەوت گەورە کۆمپانیاکەی نەوت لەسەرئاستی جیهان، ئێکسۆن مۆبیل یەکەم گەورەترین کۆمپانیای نەوتە کە دێتە کوردستان. ئەمەش بێگوێدانە وەزارەتی نەوتی بەغدا، کە گرێبەستەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە نایاسایی دادەنێت.

تەنانەت لە پێش پەسەندکردنی دەستوری ٢٠٠٥یشەوە ناکۆکی نێوان بەغداو هەولێر لەسەر نەوت بەردەوامە. بە پێی خەمڵاندنەکان کوردستان یەك لەسەر پێنج یان یەك لەسەر سێی تەواوی نەوتی یەدەگی عێراقی تێدایە. بە تێکرا عێراق سێیەم گەورەترین یەدەگی نەوت لە جیهاندا لە خۆدەگرێت، ئەمەش بەو مانایە دێت کە گەمەکارە نێودەوڵەتییەکان لە نزیکەوە چاودێری ناکۆکیەکەی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندی بەغدا دەکەن.

هەرچۆنێك بێت، ئەو ڕاستیەی زۆرێك لەو چاودێرانەی سەرنج و بایەخی پێویست نادەن و تێیناگەن ئەوەیە مشتومڕی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەغدا لەسەر داهاتەکانی نەوت نییە. سەرکردەکانی هەردوو حکومەتەکە کۆکن لەسەر ئەوەی لە هەر شوێنێك نەوت بەرهەم بهێنرێت، لە نێویاندا کوردستان، ئەوا لە ڕێی دەوڵەتەوە ڕەوانەی بازاڕەکانی دەرەوە دەکرێت، داهاتەکانیشی بە یەکسانی و بە پێی ژمارەی دانیشتووان لە ناو عێراقدا دابەش دەکرێن، پشکی کوردستانیش لە تەواوی داهاتەکان لە سەدا ١٧یە.

لەبری دابەشکردنی داهاتەکان، بەرپرسەکانی کوردستان و بەغدا مشتو مڕیان لەسەر ئەوەیە کێ مافی ئەوەی هەیە گرێبەستی دۆزینەوەو بەرهەمهێنانی نەوت دابڕێژێت و گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیاکاندا بکات و کێ مافی ئەوەی هەیە ئیدارەی پرۆسەی بەرهەمهێنان بکات. سەرکردەکانی کورد بانگەشەی ئەوە دەکەن مافی ئەوەیان هەیە ئیدارەی ئەو کێڵگانە بکەن کە کەوتونەتە کوردستانەوە، لە کاتێکدا بەرپرسەکانی حکومەت لە بەغدا ئەوە دوپات دەکەنەوە حکومەتی مەرکەزی مافی ئیدارەکردنی هەموو لایەنە گرنگەکانی کەرتی نەوتی هەیە بۆ قازانجی هەموو عێراقییەکان.

پێدەچێت دەستوور لە بەرژەوەندی هەڵوێستی کوردەکان بێت. بە پێی ماددەی ١١٠ی دەستوور حکومەتی فیدراڵی (مەبەستی بەغدایە) دەسەڵاتی حەسری هەیە لە سێ بواری گرنگدا: بەرگری، سیاسەتی دارایی و پێوەندییە دەرەکییەکان، هەروەها هەندێ پرس و بابەتی بچووکتر وەك سەرژمێری، پێوانەو کێشانەو دارشتنی سیاسەتی گشتی وەبەرهێنان و یاسای بودجە. ماددەی ١١٥ی دەستوور چارەسەرە بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم ناکۆکییە:» هەموو ئەو دەسەڵاتانەی وەك دەسەڵاتی حەسری حکومەتی فیدراڵی ناویان نەهاتووە دەگەڕێنەوە بۆ دەسەڵاتی هەرێم و ئەو پارێزگایانەی لە چوارچێوەی هەرێمێکدا ڕێکنەخراون. ئەوەی پەیوەست بێت بە دەسەڵاتە هاوبەشەکانەوە لە نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمدا، ئەوا لە حاڵەتی ناکۆکیدا، دەبێت

ئەولەویەت بدرێتە یاسای هەرێم وئەو پارێزگایانەی لە چوارچێوەی هەرێمێکدا خۆیان رێکنەخستووە.»

ئەوەی پێوەندی بە نەوتەوە هەبێت، دەستوور تەنیا لە ماددەکانی ١١١ و ١١٢دا باسیکردووە. ماددەی ١١١ دەڵێت «نەوت و غاز موڵکی سەرجەم خەڵکی عێراقن لە هەموو هەرێم و پارێزگاکاندا.» هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد، بەغداو هەولێر کۆکن لەسەر ئەوەو لە دەرئەنجامدا لەسەر ئەو سیغەیەی دابەشکردنی داهاتیش رێککەوتن. کەواتە پێدەچێت، ماددەی ١١٢، خاڵی مشتومرەکە بێت. کە لە دوو بەشدا هاتووەو لەبەرئەوەی مایەی مشتومرە ئەوا تەواوی دەقەکەی وەردە گرین:

یەکەم: حکومەتی فیدراڵی لەگەڵ هەرێم و پارێزگا بەرهەمهێنەرەکان نەوت و غازی بەرهەمهێنراوی کێڵگەکانی ئێستا بەڕێوەدەبات بە مەرجێك داهاتەکانیان بە شێوەیەکی دادپەروەرانەو بە گوێرەی دابەشبوونی دانیشتووان لەسەرجەم پارچەکانی وڵاتدا دابەش بکرێت لەگەڵ دیاریکردنی پشك بۆ ماوەیەك بۆ ئەو هەرێمە زیان لێکەوتووانەی ڕژێمی پێشوو بێبەشی کردبوون وئەوانەش کە پاشتر زیانیان لێکەوت تاجۆرێك لەگەشەسەندنێکی هاوسەنگ بۆ ناوچە جیاوازەکانی وڵات مسۆگەر بکات و ئەمەش بە یاسا ڕێکدەخرێت.

دووەم: حکومەتی فیدراڵی هەرێمەکان و پارێزگا بەرهەمهێنەرەکان بە یەکەوە هەڵدەستن بە ڕەنگرێژکردنی سیاسەتی ستراتیجی پێویست بۆ بەرەوپێشبردنی سامانی نەوت و غازبەجۆرێك کە بێتەمایەی دەستخستنی زۆرترین سوودو کەڵك بۆ گەلی عێراق ئەویش بەپشتبەستنی بە نوێترین تەکنیکی بنەماکانی بازاڕو هاندانی وەبەرهێنان.

کەواتە ڕوونە مەبەستەکە ئەوەبوو نەوت و غاز ببێتە خاڵی هاوبەش و هاوکاری لە نێوان دەسەڵاتی فیدراڵی و هەرێمدا. هەرچۆنێك بێت، بەرپرسەکانی وەزارەتی نەوت، ڕایان وایە دەبێت دوا بڕیار بۆ ئەوان بێت لە پێوەندیدا بە پێدانی گرێبەستەکان و ئیدارەکردنی بەرهەمی نەوت لە هەر شوێنێکی وڵاتەکەدا بێت. بە پشبەستن

**ئێکسۆن مۆبیل یەکەم گەورەترین کۆمپانیای نەوتە کە دێتە کوردستان. ئەمەش بێگوێدانە وەزارەتی نەوتی بەغدا، کە گرێبەستەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە نایاسایی دادەنێت**

بەتەفسیرە نائاساییەکەیان، بەغدا هەر کۆمپانیایەك دەخاتە لیستی ڕەشەوە کە ئامادەی ئیمزاکردنی گرێبەستێکی جیا بێت لەگەڵ دەسەڵاتەکانی هەولێردا.

هەرچۆنێك بێت، ڕەنگە هاتنی ئێکسۆن مۆبیل بۆ کوردستان تێکرای ئەم سیاسەتە دوچاری پشێوی بکات، لەبەرچاوگرتنی قەبارەی کۆمپانیاکەو پشکی مەزندەی وەبەرهێنانی ئەم کۆمپانیایە لە کێڵگە نەوتیەکانی باشووری عێراقدا- وا دەکات بەغدا بە دەگمەن بتوانێت هەڵیبوەشێنێتەوە.

گرێبەستەکە بەرجستەی سەرکەوتنێکی گەورەیە بۆ سەرکردە کوردەکان، هەروەها بوونی ئێکسۆن مۆبیل پشك و بەرژەوەندەی گشتی ئەمەریکا زیاد دەکات لە سەقامگیری و ئاسایشی هەرێمی کوردستاندا. هەروەها، بەم دواییە، وەزیری سەرچاوە سروشتیەکانی کوردستان، ئاشتی هەورامی گرنگی و پێداویستی بە پەلەیی سووربوونی کوردەکانی شرۆڤەکرد بۆ ئەوەی لە بواری بەرهەمهێنانی نەوتدا هەنگاو بەرەوپێشەوە بنێن و وتی:«چاوەڕێکردنی بەغدا بۆ تەبەنی کردنی سیاسەتێکی مەرکەزی نەوت و گاز بەیەکێك نەبوو لە بژاردەکانی کوردستان» ئێمە بە تەنیا دوو سەعات کارەبا لە تاریکیدا دەماینەوە. ئێمە بێ وزە بۆ سەیارەو کارگەکانمان دەماینەوە. تا ئێستاش بێ ئاوی پاکی خواردنەوەی

**بوونی ئێکسۆن مۆبیل پشك و بەرژەوەندەی گشتی ئەمەریکا زیاد دەکات لە سەقامگیری و ئاسایشی هەرێمی کوردستاندا**

دەبووین ...تاد.

ئەمە ئاکامی زۆر گەورەتری لێدەکەوێتەوە ئەگەر ئەم شتانەمان بۆ خەڵکەکەمان دابین نەکردایە. هەموو ئەوانە بە مانای لاوازکردن و لە ناوبردن سەقامگیری هەرێمەکە دەهات بە تەواوەتی»

سەرەڕای ئەو ڕاستییەش، باجی ناکۆکی لەسەر یاسای نەوت لە نێوان هەولێرو بەغدا، لەو داهاتەی لەم نەوتە بەدەست دەهێنرێت لەسەر تێکرای عێراقییەکان، زۆر گەورە گران کەوتووە. ئەگەر بیانتوانیایە چەند ساڵێك پێش ئێستا لەسەر یاسای نەوت و گاز ڕێککەوتنایە، ئەوا عێراق بەرەوتێکی خێرا وەبەرهێنانی زیاتری کێشدەکرد بۆ کەرتی نەوت و هەموو ئەو گرێبەستە نەوتیانەشی ئیمزادەکرد کەپێویستی پێیان بوو- جا لە باشوور بوایە، یان لە باکوور یان لە کێڵگەکانی مەزندە دەکرێت لە پارێزگای ئەنبارا بوونیان هەبێت. لە ڕۆژێکیشدا بە ملیۆنەها بەرمیل نەوتی دەردەهێنا. بە ئومێدی ئەوەی گرێبەستەکەی ئێکسۆن مۆبیل بەغدا ناچار بکات دەست لە بانگەشەکەی هەڵگرێت کە دەسەڵاتی حەسری هەیە بەسەر ئەم مەسەلەیەدا، کە بانگەشەکەشی پاساوێکی لاوازی هەیە.

بەڵام بۆچی ڕێککەوتنەکە ئەوەندە درێژەی کێشا، لە کاتێکدا کە دەسەڵاتەکانی هەولێرو بەغدا لەسەر دابەشکردنی داهات کۆکن؟ وەڵامە سەرەکیەکە لە پرسی متمانەدایە- ڕێککەوتن لەسەر کاغەز شتێکە، لەکاتێکدا کۆنترۆڵ و ئیدارەکردنی ڕاستەقینەی بەرهەمهێنان زەمانەتێکی زیاترە بۆ ئەوەی داهاتی نەوت بەدەست بهێنێت. هیچ لایەك وەك پێویست متمانەی بە لایەنەکەی دیکە نییە بۆ ئەوەی ئیدارەی تەواوی پرۆسەکە بکات. ڕەنگە وەڵامی کەمتر گشتی بێت: هەر لایەنێك گرێبەست بکات لە پێگەیەکدا دەبێت بۆ داواکردنی بەرتیل لەو کۆمپانیا نەوتیانەی ململانێ لەسەر بەدەستهێنانیان دەکەن. کاتێك ئەو جۆرە پارەیە لە ئارادایە هەبێت، ئەوا زەحمەتە دەست لە هیچ دەسەڵاتێك هەڵگرێت.

*** ئوستادی سیاسەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی میزووری**

# دوزخورماتوو..

## یەکە ئیدارییەکانی دوزخورماتوو داوا دەکەن هێزی پێشمەرگەی کوردستان و دەزگاکانی ئاسایشی هەرێم بە فەرمی رۆڵیان لە پاراستنی ناوچەکەدا هەبێت



دوزخورماتوو یەکێکە لەو شـــارۆچکانەی کە دەکەوێتە باشـــووری کوردســـتان، لە ساڵی ١٩٥١ قەزایەکی سەر بە لیوای کەرکوك بووەو لە ســـاڵی ١٩٧٦ بەپێی بڕیارێکی کۆماریی (ژمارە٤١) لەسەر پارێزگاری کەرکوك هەڵگیراوەو خراوەتە ســـەر پارێزگای سەڵاحەدین، حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق هەموو کاتێك هەوڵیانداوە دیمۆگرافیای ئەو شـــارۆچکەیە بگۆڕن، چونکە زۆربەی دانیشـــتووانەکەی کوردو نیشـــتمانپەروەرن، هەربۆیە جگە لەوەی خەڵکی شـــارۆچکەکەو ســـنوورەکەی ڕاگوازراونەتەوەو ناوچەکە بەر پرۆســـەی کاولکاری کەوتووە، هەوڵیش دراوە ناسنامەی کوردی شارۆچکەکەو ســـەرلەبەری سنوورەکەی بگۆڕن، ئەویش بەناوی پڕۆسەی ڕاستکردنەوەی نەتەوایەتی (تصحیح القومیە)، دوزخورماتوو لەساڵانی پەنجاکانی سەدەی رابردوو ٥ ناحیەی لە خۆ دەگرت لە پاشاندا ناحیەی داقوق خرایە ســـەر کەرکوك و لە ســـاڵانی ١٩٨٧ و ١٩٨٨ لە کاتی پرۆسەی بەناو ئەنفال ناحیەی قادر کەرەم خرایە سەر پارێزگای ســـەڵاحەدین و ناحیەی نەوجوڵیش پەیکەربەندە کارگێڕییەکەیان هەڵوەشـــاندەوە بوو بە گوندو هەردوو ناحیەکەی قادر کەرەم و نەوجوڵ و ١٤٤ گوندی سنوورەکەیان کە لە ١٠٠٪ ی دانیشتووانەکانیان کوردبوون و گوندەکانی ئەو سنوورەش هـــەر هەموویـــان تێکدران و لەگەڵ زەوی کران بەیەك و تەخت بوون، ئێســـتاکە تەنیـــا ناحیەکانی (ئامرلی کەزۆربەی دانیشـــتووانەکەی تورکمانەو ســـلێمان بەگ کە ئەویش ئێستاکە لە٩٠٪ی عەرەبن و چەند گوندێك لە سنووری قەزای دوزخورماتوو ماون) ژمارەی دانیشـــتووانەکەی ١٨٠ هەزار کەســـەو ســـەنتەری قەزاکە نیوەی زیاتری کوردن، بەڵام دانیشتووانی سنوورەکە بەگشتی لە٣٧٪ی کوردە.

وەکو تیمی (گۆڤاری گوڵان)ســـەردانی قەزای دوزخورماتوومان کردو لەنزیکەوە چەند هاووڵاتییەکمان دواند، یەکێك لە هاووڵاتییەکان گلەیی لە ئاوی خواردنەوە هەبوو وتی: ئاوی خواردنەوەمان تامی ناخۆشەو سوێرەو بەناچاری نەبێت بەکەڵکـــی خواردنەوە نایـــەت، هاووڵاتییەکی تر گلەیی لە خوێندنی کوردی ســـنوورەکە هەبوو کە قوتابخانەو مامۆســـتایان کەمە، بە گشـــتی گلەییەکی زۆر لەسەر کەموکوڕییەکانی بواری تەندروســـتی و کۆکردنەوەو فڕێدانی زبڵوخاشـــاك و نەبوونی پڕۆژەی ئاوەڕۆ هەبوو، ئەو گلەیی و داواکارییانەی هاووڵاتیان و چەند پرســـیارێکی ترمان ئاڕاســـتەی (شـــەلال عەبدل ئەحمەد) قایمقامی قەزای دوزخورماتوو کرد، کە لە دوو تویێ ئەم ڕاپۆرتەدا بڵاوی دەکەینەوە.



شەلال عەبدل ئەحمەد قایمقامی قەزای دوزخورماتوو بۆ(گوڵان):

# ئەو بودجەیەی لەلایەن پارێزگای سەڵاحەدینەوە بۆمان تەرخان دەکرێت، زۆر کەمە و بەشی تاکە یەک پرۆژەش ناکات

### چەند ماڵە فەڵەستینیەکیش هاتوونەتە دوزخورماتوو

سەبارەت بەوەی کە عەرەبی هاوردە هاتوونەتە قـــەزای دوزو ســـنوورەکەو ئێســـتاکە کوردی رەسەنی ئەو شارۆچکەیە بەرەو شارەکانی تری هەرێم و شـــوێنی تر کـــۆچ دەکەن، قایمقامی قەزای دوزخورماتوو وتی: ئەم شـــارۆچکەیە تەنیـــا عەرەبی هاوردەی بـــۆ نەهاتووە، بەڵکو چەند خێـــزان و ماڵێکی فەڵەستینیشـــی بۆ هاتـــووە، لەدوای پرۆســـەی ئـــازادی عێراق بارودۆخی ئەمنی ئـــەم ناوچەیە زۆر تۆکمەو بەهێـــز نەبووە، هەر بۆیـــە ژمارەیەکی زۆر لە عەرەبی پارێزگای دیالەو بەغداو شوێنانی تر کـــە نزیکەی دە هەزار مـــاڵ دەبن، هاتوونەتە شـــارۆچکەی دوزو لـــە ڕاستیشـــدا ئەوانـــە بوونەتـــە هۆکاری کێشـــەو گرفت بۆ ئێمە چ لـــە ڕووی ئەمنییەوە چ لە ڕووی کارو پرۆژە خزمەتگوزاریەکانەوە بارێکی قورسن، هەروەها لەبەر خراپی بارودۆخی ئەمنی شارۆچکەکەو بەردەوامـــی کـــردەوەی تیرۆرســـتی لەلایەن گرووپە تیرۆرســـتییەکانەوە خەڵکی ڕەســـەنی شارۆچکەکە بەتایبەتی کوردەکان ڕۆژانە چەند ماڵێك بۆ شاری کەرکوك و شوێنانی تری ناو هەرێمی کوردستان کۆچ دەکەن و لەم ماوەیەدا ئەم کۆچکردنـــە زیادیکـــردووە، لەبەر ئەوەی تیرۆرستان خەڵکی سیڤیلٚ و کوردەکانی قەزاکە دەکەنە ئامانج و تیرۆریان دەکەن.

**لە کاتی شاڵاوی بەدناوی ئەنفال ناحیەی قادر کەرەم و نەوجوڵ و نزیکەی ١٤٤گوندی سنووری دوز خورماتوو تێکدران و لەگەڵ زەوی کران بەیەك**

**ئەو فەوج و دوو دەزگای ئاسایشەی هەرێم کە لەناوچەکەدا هەن، ناتوانن بە فەرمی لە دوزخورماتوو ڕۆڵی خۆیان ببینن**

### پێویستە شارۆچکەکەمان بخرێتەوە سەر پارێزگای کەرکوك

ســـەبارەت بـــەوەی کە جێبەجـــێ نەکردنی مـــادەی ١٤٠ هۆ کارێکە بـــۆ هاتنی عەرەبی هـــاوردە یا هـــۆکاری تر لـــە پشـــت ئەوەدایە قایمقامی قـــەزای دوزخورماتـــوو وتی: نەخێر هۆکاری هاتنی ئەو عەرەبە هاوردانە بۆ جێبەجێ نەکردنی مادەی ١٤٠ ناگەڕێتەوە، بەڵکو عەرەب و تورکمانی شارۆچکەکە زۆر ناڕازین لەو فشارو مامەڵانـــەی کە حکومەتی ناوەندی دەرهەق بەو شارۆچکەیەی دەکات و بە تێکڕای دانیشتووانی شارۆچکەو سنوورەکە حەز دەکەن زیاتر پێوەندی و مامەڵەکانیان لە هەمـــوو ڕوویەکەوە(ئابووری و کۆمەڵایەتی و کارگێڕی) لەگەڵ پارێزگای کەرکوك بێت نەك پارێزگای سەڵاحەدین، چونکە خەڵکەکـــە باوەڕێکی واقیع بینانـــەی هەیە کە کەرکوك لە ســـەڵاحەدین باشـــترە، تا ڕادەیەکی وا کە حزبـــە تورکمانەکانی ئەو شـــارۆچکەیەو هەندێکـــی عەرەبیش پێیان باشـــە دوزخورماتوو بۆ ســـەر پارێزگای کەرکوك بگوازرێتەوە لەوەی ئێستاکە کە ســـەر بە پارێزگای سەڵاحەدینە یا سەر بە هەرێم بوونی سەڵاحەدین بن.

### لەگەڵ کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا بارودۆخی ئاسایشی ناوچەکەمان تێکچووە

سەبارەت بوون بە هەرێمی پارێزگای سەڵاحەدین و چەند کاریگەری لەسەر قەزای دوزخورماتووهەیە بەتایبەتـــی لەگـــەڵ ئەو باســـکردنی هەرێمی سەڵاحەدینەدا کردەوەی تیرۆریستی لە سنوورەکە زیادی کـــردووەو قایمقامی قەزای دوزخورماتوو وتی: کێشـــەکانی ئێمە تەنیا ئەوە نییە بڵێین بە هەرێم بوونی پارێزگاری ســـەڵاحەدین وایکردووە کردەوەی تیرۆرستی لە دوزو سنوورەکەی زیادی کـــردووە، ئێمە وەکو کورد نەك وەکو ئیدارەی دوز پێمان باشە هەر پارێزگایەك یا چەند پارێزگایەك لە عێراقدا ببـــن بە هەرێم و جێبەجێکردنی ئەمە یەکێکە لە بڕگەکانی دەســـتووری عێراق و ئێمە بە هەرێم بوونی ســـەڵاحەدینمان پێ باشە، بەڵام مەترســـییەکمان لەم بەهەرێـــم بوونە هەیە کە تا ئێستاکە ئایندەی قەزای دوزخورماتوومان لە بە هەرێم بوونی سەڵاحەدین لێوە دیار نییە، بەتایبەتی لەو کاتەدا کـــە چووینە ناو ئەو هەرێمەوەو دواتر نەتوانین بگەڕێینەوە ســـەر پارێزگای کەرکوك، هۆکاری ئەو کردەوە تیرۆرستیانەی کە بەم دواییە لـــە قەزای دوز ڕوویداوە کـــە بەداخێکی زۆرەوە چەند کەسێکی ســـیڤیلٚ بوونەتە ئامانجی ئەو کـــردەوە قێزەونانە، بەتایبەتی شـــەهیدبوونی ئەو دوو ئاسایشەی لەو ڕۆژانەدا کە دوو کەسی زۆر دڵسۆزو لەخۆبوردووبوون بۆ پاراستنی ئاسایشی قەزاکە، هۆکارەکـــەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ١٦هەزار ســـەرباز لە هێزەکانی ئەمەریکا هەبوون و ڕۆژانـــە بە دەوریە لە قەزای دوزو ســـنوورەکە دەســـووڕانەوە و پارێزگارییان لە ناوچەکە دەکرد، بەڵام ئێســـتا ئەو هێزە پاشەکشەیان لە سنوورەکە کردووەو پاراستنی سنوورەکەیان لە ئەستۆدا نەماوەو فەوجی ٤ی ســـەر بە لیـــوای ١٦ی فیرقەی٤

**گرێبەستەکانی بەعس بۆ داگیرکردنی زەویەزاری کوردەکان هەڵنەوەشێنراونەتەوەو زەوییەکانیش بۆ خەڵکی ڕەسەنی ناوچەکە نەگەڕێنراونەتەوە**



سـوپای عێراق هەبـوو و ژمارەیەکی باشـی سەربازی کورد لەو فەوجەدا هەبوون و ماوەیەکە بە بڕیارێکی وەزارەتـی بەرگری ئەو فەوجەی پاشەکشەی پێ کراوە بۆ دەوروبەر و ناو پارێزگای سەڵاحەدین، بە کشانەوەی ئەو دوو هێزە بۆشاییی و کەلێنێکـی گەورە لە ڕووی ئەمنی لە قەزای دوزو سنوورەکە دروست بووە، بەمەش دەرفەتێکی بـاش بۆ ئەو گرووپە تیرۆریسـتانە هاتە پێش و توانییان چەند کردەوەیەکی تیرۆریسـتی قێزەوەن ئەنجـام بدەن، لەلایەکی تـرەوە وەکو حکومەتی هەرێم فەوجێکـی فریاکەوتـن و دوو دەزگای ئاسایشی لە شارۆچکەی دوزخورماتوودا هەیە، بەڵام لەمبارەوە کێشـەمان لەگـەڵ حکومەتی ناوەندو پارێزگای سـەڵاحەدین هەیە، کە ئەویش ئەوەیـە کە ئەو فەوج و دوو دەزگای ئاسایشـە ناتوانن بە فەرمی لە دوزخورماتوو ڕۆڵی خۆیان ببینن، چەنـد جارێك هەوڵمداوە کە ڕەزامەندی وەربگـرم بۆ ئەوەی ئەو فـەوج و دوو دەزگای ئاسایشە بە فەرمی ڕۆڵی خۆیان لە دوزخورماتوو ببینن، بەڵام هەوڵەکانمان بێ سوود و بێ ئەنجام بووە، پاش ئەو کردەوە تیرۆرسـتانەی لەم چەند ڕۆژەی دوایی لە شارۆچکەکە ڕوویداوە داوام لە پارێزگاری سەڵاحەدین کردووە کە کۆنگرەیەکی ئەمنی بۆ پاراستنی باری ئەمنی دوزخورماتوو ببەسـترێت و هەمـوو دەزگاکانـی ئەمنـی پارێزگاری ئەمنی سـەڵاحەدین و دوزخورماتوو تێیدا بەشداربن و بۆ بەسـتنی ئەم کۆنگرەیەش ڕۆژی ٢٠١١/١٢/٥ دیاریکراوە، لەم کۆنگرەیەدا داوا دەکەم کە هێزی پێشـمەرگەی کوردستان و دەزگاکانی ئاسایشـی هەرێم بە فەرمی ڕۆڵیان لـە پاراسـتنی شـارۆچکەی دوزخورماتوو و سنوورەکەیدا هەبێت، چونکە ئێستاکە ژمارەیەکی زۆر لە گرووپە تیرۆرسـتیەکانی وەکو( ئەنسارو ئیسلام و ئەنسارو سوننە و گرووپی نەقشبەندی و قاعیدە و پاشماوەی بەعسـییەکان) کردەوەی جۆراوجۆری تیرۆریسـتی لە سـەنتەری قەزاو سنوورەکە ئەنجام دەدەن، لەلایەکی ترەوە پێویستە لێرەدا ئاماژە بەوەش بکەین کە هەموو لایەن و حزبە کوردستانییەکان بەیەکەوە بۆ بەرژەوەندی گشتی و کوردسـتانییەتی شارەکە کار دەکەن و پێوەندی نێوانیان زۆر باشـەو زۆر بەکەمی بیر لە کاری حزبایەتی تەسـك دەکرێتەوە. هاوکات ئێسـتاکە زۆربەی ئـەو حزبە عەرەبی و تورکمانەکانی لەو شارۆچکەو سـنوورە هەیە بە تایبەتی ئەوانەی دڵسـۆزو خەمخۆری میللەتن ئەوە هەوڵدەدەن و پێیان باشە لەگەڵ حزبە کوردیەکان و هەر هەموو لایەکمان بۆ بەرژەوەندی ناوچەکەو هاووڵاتیانی سـنوورەکە بەیەکەوە کار بکەین، چونکە ئێستاکە بـە بەردەوامی زانیاریمان لـە لایەن هێزو دەزگا ئەمنییەکانی خۆمان و کەرکوکیشەوە پێ دەگات کـە گرووپە تیرۆریسـتەکان و پاشـماوەو کۆنە بەعسـییەکان لە دەوروبـەری دوزو لە چیاکانی حەمریـن و لە چەند ڕێگاو لای ترەوە هەوڵدەدەن لە پاش کشـانەوەی هێزەکانی ئەمریکاوە هێرش بکەنە سەر شارۆچکەکەو و کردەوەی تیرۆریستی گـەورەی تێدا ئەنجام بدەن، شـارۆچکەی دوز کەوتۆتە شـوێنێکەوە کـە کۆنترۆڵکردنی زۆر ئاسان نییە، چونکە هاوسنووره لەگەڵ عەرەب و تورکمان و کەرکوك و چەند پێکهاتەیەکی تێدایەو شارۆچکەکە ٨ حزبی کوردی و ٧حزبی تورکمانی و ٦حزبی عەرەبی و پاشـماوەو کۆنە بەعسی و خەڵکانی سوننەو شیعەشـی تێدایە، بۆیە وەکو باسم کرد ئێسـتا زۆربەی حزبەکان گەیشتونەتە ئەو باوەڕەی کە بەیەکەوە کار بکەن.

**گرووپە تیرۆریستەکان و پاشماوەو کۆنە بەعسیەکان لە دەوروبەری دوز و لە چیاکانی حەمرین هەوڵدەدەن هێرش بکەنە سەر شارۆچکەکە**

### بودجەی ٧ ساڵ کۆبکەینەوە بەشی یەك پرۆژەی ئاوەڕۆ دەکات

سـەبارەت بـە پێوەندیان لەگـەڵ پارێزگای سـەڵاحەدین چۆنـەو لـە چ ئاسـتێکەو ئەو بودجەیەی بۆ دوز تەرخان دەکرێت چەندەو بەشی کارو پڕۆژەکانیان دەکات یان نا قایمقامی قەزای دوزخورماتوو وتـی: ئێمە لەگـەڵ پارێزگای سەڵاحەدین لەسەر خودی پارێزگا پێوەندیەکانمان باشە، ئەوەش سیاسەت و پلانەکە وای نەکردووە، بەڵکو پێوەندییە کەسـایەتییەکان فەرزی کردووە کە پێوەندییەکانمـان باش بێت، بەڵام بودجەکەی لەلایەن پارێزگای سـەڵاحەدینەوە بۆمان تەرخان دەکرێت زۆر کەمەو بەشـی تاکە یەك پڕۆژەش ناکات، هەر بۆ نموونە داوامان کردووە کە پڕۆژەی ئاوەڕۆی سەرتاسەری شارۆچکەکە دروست بکەین کە بڕی ١٠٣ملیار دیناری تێدەچێت، بەڵام ئەوان ئەمساڵ لە بودجەی پەرەپێدانی هەرێمەکان کەمتر لە١٥ملیار دیناریان بۆ تەرخانکردوین،

**شەهیدکردنی دوو ئاسایش زەنگێکی مەترسیدارەو سەرەتای فراوانبوونی کردەوە تیرۆریستیەکانە لەدوزخورماتوو**

**دەستەی موڵکداری لە دوزخورماتوو بۆتە کۆسپ و گرفت بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەی زەویو زارو جێبەجێکردنی پرۆژەکان دوادەخەن**

ئەگەر بودجەی ٧ ساڵ بەیەكەوە كۆبكەینەوە ئینجا بەشـــی پرۆژەی ئـــاوەڕۆ دەكات، یا تەنیا بەشی نەخۆشخانەیەك یا قوتابخانەیەك دەكات.

**پۆستە ئیدارییەكان**

**بە شێوەیەكی دادپەروەرانە دابەشكراوە**

سەبارەت بەشێوە و جۆری پێكهاتەی ئەنجومەنی شارەوانی قەزاكە، قایمقامی قەزای دوزخورماتوو وتی: ئـــەو ئەنجومەنە لە كاتـــی خۆیدا بەپێی بڕیارو فەرمانی دەسەڵاتی هێزی هاوپەیمانەكان پێكهاتووە كە لە هەر نەتەوەیەك لە كورد و عەرەب و توركمـــان ٧ ئەندامیان لەو ئەنجومەنە هەبێت و قایمقام كوردبێت و سەرۆكی ئەنجومەنەكە عەرەب و بەرپرسی پۆلیسی شارەكە توركمان بێت، بەڵام ئەو كەسەی كە دانرابوو بكرێتە بەرپرسی پۆلیس كەسێكی شارەزاو باش و پاك نەبوو بۆیە دانەنراو عەرەبێكی ســـوننە كرا بە بەرپرسی پۆلیس و لە دابەشكردنی پۆســـتە ئیدارییەكانی ناو قەزاكەدا لە نێوان هەر سێ پێكهاتەكە بەشێوەیەكی باش و دادپەروەرانە دابەشكراوە.

**زبڵوخاشاك**
**هۆكارێكی سەرەكی**
**پیسبوونی ژینگەی**
**قەزای دوزخورماتووە**

**ماستەرپلانی شارۆچكەكەمان نییە**

وەكو دەزانین كە ماستەرپلان بۆ هەموو شارو شـــارۆچكەیەك زۆر پێویســـتەو نەخشە ڕێگای سەركەوتنی پڕۆژەكان و بەرفراوانبوونە، لەمبارەوە قایمقامی قەزای دوزخورماتوو وتی: تا ئێستاكە ئێمە ماستەرپلانی شارۆچكەكەمان نییە، بەڵكو چەند ســـاڵە لەسەر نەخشـــەیەكی سادەو ساكار كار دەكەین، بـــەڵام ماوەیەكـــە كۆمپانیایەكی ئیتاڵی بەنـــاوی (SGI)ی خەریكە بەكاركردن بۆ دروستكردنی ماستەرپلانی شارۆچكەی دوز، یەكێك لەو كێشە گەورانەی كە لە ڕژێمی بەعسەوە بۆ ناوچەكەو خەڵكەكە تا ئێستا ماوەتەوە كێشەی زەویوزارە بەتایبەتی ئەو زەوییە كشـــتوكاڵیانەی كە كاتی خۆی بە گرێبەست درابوونە بەعسی و پیاوەكانی خۆیان و ئەو گرێبەســـتانە تا ئێستاش كاریـــان پێ دەكرێـــت و هەڵنەوەشـــاندراینەوە و زەوییەكان بۆ خاوەن و خەڵكی ڕەسەنی ناوچەكە نەگەڕاوەتەوە، هەروەها ئەو كێشانەی زەوی تەنیا كاریگەری لەســـەر دابەشـــكردنی زەوی بەسەر هاووڵاتیان نییە، بەڵكو كاریگەری و بەربەستێكی گەورەیە لەبەردەم جێبەجێكردنی چەندین پڕۆژەوە و دەســـتەی موڵكداری لـــە دوزخورماتوو هەیە كـــە بۆتە كۆســـپ و گرفت و كێشەشـــمان بۆ دروســـت دەكات و بە تایبەتی لە جێبەجێكردنی پڕۆژەكاندا، هەروەها زۆر كێشەی تری زەویوزار لـــە قـــەزای دوز هەیە، لەوانە بـــە دەیان هەزار دۆنم زەوی خەڵكی ڕەســـەنی ئەو شارۆچكەیەو ســـنوورە لەبەر دەســـتی هەندێ عەرەبە كە لە كاتی ڕژێمی بەعس لێی سوودمەندبووینە و تا ئێستاش كێشـــەی ئەو زەوییانە یەكلانەكراینەوەو هەر لەژێر دەستی عەرەبەكانە، لەلایەكی ترەوە لە سەنتەری شارۆچكەكە ژمارەیەكی زۆر خانووی زێدەڕۆیی هەیە كە كاریگەری خراپیان لەســـەر جوانی و دیزاینی شـــارۆچكەكەو ئەنجامدانی پڕۆژەكان هەیە، ئەو زێدەڕۆیانەش زیاتر لەدوای پڕۆسەی ئازادی عێراق دەستی پێكردووە، بەڵام لەســـەرەتای زێدەڕۆیەكانەوە هەوڵمانداوە پێشی لێ بگرین و بنەبڕی بكەین، هەر بۆیە لەســـاڵی ٢٠١٠ تـــا ئێســـتا زێدەڕۆیی كەمـــی كردووەو دابەزیوە بۆ لە٣٪.

**گرفتی زۆرمان لە خوێندنی كوردی هەیە**

ســـەبارەت بە بـــواری پەروەردە بـــە تایبەتی خوێندنی كوردی لە قەزای دوزخورماتوو لە چ ئاستێكەو كێشەو گرفتەكان لەو لایەنەوە چییە؟ قایمقامی قەزای دوزخورماتوو وتی: من لێرەدا تەنیا باســـی خوێندنی كوردی دەكەم كە كێشەو گرفتی زۆرە، بینایەی قوتابخانەو مامۆســـتاو پەرتوكمان كەمەو پۆلەكانی خوێندن زۆر قەرەباڵغەو كاریگەری خراپی لەســـەر ئاستی تێگەیشتنی قوتابیان دروستكردووە بۆ چارەسەری ئەو بوارەش بەردەوام سەردانی حكومەتی هەرێمی كوردستان و وەزارەتی پەروەردەو لایەنی پێوەندارمان كردووە، بەڵام تا ئێســـتا چارەســـەری كێشەو گرفتەكان نەكراوەو لەدوا سەردانی جەنابی سەرۆك بارزانی سەرۆكی هەرێمی كوردســـتان بۆ شاری كەلار ئەو كێشـــەو گرفتانەی بواری خوێندنی كوردیم بە نووســـراوو دیكۆمێنت بە بەڕێزیان گەیاندووە، هەروەهـــا لە ڕێگای ئەو گۆڤارە ئازیزەوە بانگەوازی ئێمـــە بگەیەننە حكومەت و لایەنی پێوەندار كە بەهانای كێشەو چارەسەری خوێندنی كوردییەوە بێن لە سنووری قەزای دوزخورماتوو. لەلایەكی تر مامۆســـتایانی خوێندنی كوردی چەندین كێشـــەو گرفتیان بۆ دروست دەكرێت كە دەبێتە هـــۆی بێزاربوون و ماندووبوونێكی زۆر و زەحمەتی بۆیان.

**كێشەو گرفتمان لەبواری تەندروستی هەیە**

ســـەبارەت بە كەرتی تەندروســـتی و كێشەو پێداویستییەكانیان قایمقامی قەزای دوزخورماتوو وتی: لە بواری تەندروستی بەتایبەتی لە ڕووی نەخۆشـــخانەوە كێشـــەو گرفتمان هەبوو، بەڵام ئێســـتاكە نەخۆشـــخانەیەكی ١٠٠قەرەوێڵـــەی بۆ ســـەنتەری قـــەزای دوزخورماتـــوو لە ژێر ئەنجامدانـــە كە بـــڕی ٤٢ملیـــار دیناری بۆ تەرخانكراوە و لە ماوەی دوو ساڵدا تەواو دەبێت، بەڵام هەر كێشەو كەموكوڕیی و گرفت لە بواری تەندروستی هەیە بەتایبەتی لە كەمی پزیشكی پســـپۆڕ و نەشتەرگەری و داودەرمان، لەلایەكی تر سیستەمی تەندروستی تا ئێستا گۆڕانكاری بەســـەردا نەهاتووە و پێش نەكەوتووە و دەتوانین بڵێین سەقەتە.

**زۆر بەكەمی حكومەتی**
**هەرێمی كوردستان**
**هاوكاری ئەم قەزاو**
**ناوچەیەی كردووە**

**ئەو كوردانەی گەڕاونەتەوە هیچی وایان بۆ نەكراوە**

ســـەبارەت بەو خێزانە كوردانەی گەڕاونەتەوە بۆ ناو شارۆچكەی دوزخورماتوو و سنوورەكەی بەپێی مـــادەی ١٤٠ چییان بۆ كراوە قایمقامی قـــەزای دوزخورماتـــوو وتی: ئـــەو كوردانەی گەڕاونەتەوە تا ئێستا شتێكی وایان بۆ نەكراوە، تەنیا ئـــەو قەرەبووەیە كە بەپێی مادەی ١٤٠ی دەســـتوورە و ســـوودمەندەكانیش تەنیا كوردی نەگرتۆتـــەوە، بەڵكو توركمانیشـــی گرتۆتەوەو سوودمەندبوونەكەش تەنیا لەو بڕگەیەو هیچی تریان تا ئێســـتا بۆ نەكراوە، بەڵام چەند ڕۆژێك پێش ئێستا بڕیاڕدرا كە هەزار پارچە زەوی بەسەر خەڵكی دابەش بكەین و هەندێ



لەم پارچە زەویانە دەدەین بە ئاوارە گەڕاوەکان و زیندانیانی سیاسی قەزای دوزخورماتوو.

**بەشێوەیەکی زۆر کۆن و تەقلیدی زبڵ و خاشاك کۆدەکەینەوەو فڕێی دەدەین**

سەبارەت بە کۆکردنەوەو فڕێدانی زبڵوخاشاك لە سەنتەری قەزاکە قایمقامی قەزای دوزخورماتوو وتی: ئەو سیستەمەی لەم کارە خزمەتگوزارییە بەکاردێــت زۆر کــۆن و تەقلیدییە و ئەو ئامێرو ئۆتۆمبێلانەی بۆ ئەو کارە بەکاردەهێنرێن کەم و کۆنن و ژمارەی کرێکارەکان بەپێی پێویست نییەو ئەوانەی بە گرێبەستیش کار دەکەن مووچەکانیان کەمــە و کارەکەشــیان قورس و مەترســیدارە. هەروەها ئەو زبڵوخاشــاکە هۆکارێکی سەرەکی پیســبوونی ژینگەی قــەزای دوزخورماتووە،

## ئاوی خواردنەوە لەڕووی تەندروستییەوە بەهیچ جۆرێك شیاوی بەکارهێنان و خواردنەوە نییە

بۆیە پێویســتە حکومەتی ناوەندی و پارێزگای ســەلاحەدین هەوڵدەن کارو سیستەمی هاوچەرخ لەمبوارە بەکاربێنن.

**ئاوی خواردنەوەکەمان سوێرە و بەناچاری بەکاری دەهێنین**

ســەبارەت بە ئاوی خواردنەوە کە گلەیەکی زۆری لەســەرە لە لایــەن هاووڵاتیانــی شــارۆچکەکەوە قایمقامی قەزای دوزخورماتوو وتی: ئەو قســەو گلەییانەی خەڵك کە سەبارەت بە ئاوی خواردنەوە دەیکەن هەر هەمووی ڕاستەو ئاوی خواردنەوەکەمان سوێرەو بەناچاری بەکاری دەهێنیــن و لــەبەر کــەمی بودجە تا ئێســتا نەتوانراوە ئەو کێشەیە چارەسەر بکەین و تۆڕی دابەشــکردنی ئاوەکــەش لــە زۆربەی گــەڕەك و شــوێنەکان کۆنن و پێویســت بــە تازەکردنەوەو نۆژەنکردنــەوە هەیە، زۆرجار و کات تووشــی کەمئاوی و بێئاوی دەبینەوەو ئەمساڵ ئەگەری کەوتنەوەی مەترســی گەورەی بێئاوی دەکرێت بەتایبەتی ئەگەر وشکەســاڵی بێت و پرۆژەی ئــاوی خواردنەوەمــان لەســەر ئــەو پرۆژەی ئاودێرییەیە کە دەکەوێتە ســەر ڕێگای کەرکوك و ئــەو پرۆژەیە دەســتکاریکردنی زۆر ئاســان نییە بۆ ئەوەی چارەســەری گرفتەکانی ئاوی خواردنەوەکــە بکەین و ئــاوی خواردنەوەکەش لەڕووی تەندروستییەوە بە هیچ جۆرێك شیاوی بەکارهێنان و خواردنەوە نییە.

**لەکارەباو ڕێگاوبان و ئاوەڕۆ کێشەو گرفتی زۆرمان هەیە**

لە کۆتاییدا قایمقامی قــەزای دوزخورماتوو وتــی: ئێمــە لــە هەمــوو بوارەکانــی تری خزمەتگــوزاری وەکو ( کارەبــا و ڕێگاوبان و شــەقام و کۆڵانەکانی ناو ســەنتەری دوز و ء ئاوەڕۆ و . . . ) کەموکوڕی و کێشەو گرفتی زۆرمان هەیە، بۆیە بە پێویستی دەزانین گرووپی کوردو کوردســتانی لە حکومەت و پەرلەمانی عێراق ڕۆڵ و فشــاری خۆیان بخەنەسەریان و کاریگەرییان لەسەر دروست بکەن بۆ ئەوەی بتوانن بەپێی پێویست و کاولکاری سنوورەکە ئاوەڕمان لێ بدەنەوە و بودجەیەکی باش و تایبەت تەرخان بکەن بۆ چارەسەری گرفتە خزمەتگوزارییەکان و بەرەنگاربوونەوەی گرووپە تیرۆرســتییەکانی سنوورەکە بۆ ئەوەی هاووڵاتیانمان بتوانن درێژە بــە ژیان و گــوزەران و کاری ڕۆژانەیان بدەن و ڕۆڵ و فشــاریان دیار بێت لەســەر دامەزراندن تاوەکو خەڵکی سنوورەکە ســوودمەند بێت نەك دامەزراندن و پڕکردنەوەی میلاکات بە ئارەزووی کەســانێك و لە بەرژەوەنــدی حکومەتی عێراق بێت و خەڵکی دەرەوەی ســنوورەکە دامەزرێنن و بە زۆریش بەســەر ئێمەیان بیسەپێنن، چونکە تا ئێســتا حکومەتی عێراقی لــە هەموو بابەت و کارە گرنگــەکان پرس بە ئێمەو ئیدارەی قەزاکە ناکات کە ئەمەش ئایندەیەکی خراپ و ناڕۆشن بۆ ئێمەو بۆ قەزاکە دروست دەکات .

**داوا لە جەنابی سەرۆکی کوردستان دەکەین لەنزیکەوە گوێبیستی داواکارییەکانی دوز بێت**

هاوکات سەبارەت بەحکومەتی هەرێمی کوردســتانیش قایمقامی دوزخورماتوو وتی: تا ئێستا زۆر بەکەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان هاوکاری ئەو قەزاو ناوچەیەی کردووە و ئەرکە لەســەریان کارو پرۆژەی خزمەتگوزاری جیاجیا لەم سنوورە ئەنجام بدەن و حیســابی ئەوە نەکەن ئێمە لەسەر شاری سەلاحەدینین، بەڵکو دەبێت وەکو هەموو قەزاو ناحیەو ســنوورەکانی تری کوردســتان و زیاتریش تەماشای دوزخورماتوو بکەن.

داواکاریــن لــە جەنابی ســەرۆك بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردســتان کە بەنووسراوی فەرمیش داوامانکردووە کە دیدارو دەرفەتێکمان بۆ بڕەخســێنێت بۆ ئەوەی لــە نزیکەوە هەندێ کێشەو گرفتی بەردەوام و هەمیشەیمان هەیە کە جەنابیانی لێ ئاگادار بکەینەوە بۆ ئەوەی کلیل و ڕێگای چارەسەرکردنی ئەو کێشە و گرفتانەمان بــۆ بدۆزێتەوەو چارەســەری بنەڕەتییان بکات،

## حکومەتی عێراقی لە هەموو بابەت و کارە گرنگەکان پرس بە ئیدارەی قەزاکە ناکات

چونکە ئێمە دەزانین ئێســتا هەرێمی کوردستان لــە هەموو بوارەکان پێشــکەوتنی بەرچاوی بە خۆیەوە دیوە، ئەمەش دیارە بە کارو ئیشــکردن و بەدواداچوونی حکیمانەی جەنابی و دەسەڵاتی سیاســی کوردو کوردستانەو ئێمەش وەکو خاك و سنوورو خەڵك و تێکۆشان و خۆبەختکردن بەشێکی دانەبڕاوین لە نەخشــەی کوردســتان و ئاوات و ئومێدی هەمــوو کوردێکی ئەم دنیایەیەو مێژوو شــایەدە بۆ کوردو کوردســتانییەتی ســنوورەکە و تەعریــب و تەرحیل و شاڵاوی بەدناوی ئەنفــال و خاپوورکردنــی گوندو ســنوورەکە لە لایەن بەعســی گۆڕ بەگۆڕچوو بەڵگــەی حاشــاهەڵنەگرە لەســەر کوردســتانییەتی قــەزای دوزخورماتــوو و سنوورەکەی.



# بواری تەندروستی لەکوردستاندا..
# دوورە لە ستاندەری جیهانییەوە




یەکێك لە پێوەرەکانی حوکمڕانی سەرکەوتوو لە دنیادا بەرزکردنەوەی ئاستی کەرتی تەندروستییە، بەڵام تا ئەمڕۆ هەرێمی کوردستان خاوەنی سیستەمێکی تەندروستی باش نییە، ئەوەتا کەمی و لاوازی ئاستی نەخۆشخانەکان و گرانی نرخەکانی نەخۆشخانە تایبەتەکان و هەبوونی دەرمانی ئێکسپایەرو کوالێتی نزم و کەمبوونەوەی متمانەی نێوان نەخۆش و پزیشك، لەپاڵ نەبوونی بیمە و چاودێری تەندروستیی، لە گرنگترین خاڵە لاوازەکانی ئەم کەرتەن، بەرادەیەك ئەمە کەموکورتیانە وایان کردووە ببنە فاکتەرێك بۆ هەژاربوونیی هاووڵاتیان. چونکە زۆربەی جار هاووڵاتیانی کوردستان کە نەخۆش دەکەون لەبەر بەرزی تێچووی چارەسەرییەکان، ئاستی داراییان دادەبەزێت و دێنە سەر هێڵی هەژار بوون، هاووڵاتیان باش ئەو راستییە دەزانن گەر بێتوو هەرکاتێك تووشی نەخۆشییەکی قورس ببنەوە و بیانەوێت خۆیان چارەسەر بکەن و یەك دوو نەشتەرگەرییان پێویست بێت، ئەوا لەماوەی ٢٠ ساڵی رابردوودا هەرچییان کۆکردۆتەوە لە ماوەیەکی کورتی چارەسەریی نەخۆشییەکەیاندا هەمووی خەرج دەکەن؟! سەیرو سەمەرەکە لەوەدایە زۆرجار پێمان دەوترێت کە نرخەکانی چارەسەریی و تێچووی داوودەرمان بەرز نین و دکتۆرەکانی هەندەران زۆر زیاتریان لەمەی ئێرە دەست دەکەوێت. ئەم بەراوردکردنەی کوردستان بەوڵاتانێکی پێشکەوتوو هەڵەیەکی گەورەیە، چونکە هەندێك لەو وڵاتانەی کە بەراوردی پێ دەکرێت بێجگە لەوەی داهاتی تاکە کەسی ئەوان بەرزترە، تەنانەت لەو وڵاتە پێشکەوتووانەدا خاوەنی سیستەمی تەئمین، یان سیستەمی چاودێری تەندروستی پێشکەوتوویان هەیە.

گەرچی لەماوەی ٢١ ساڵی رابردوودا باروودۆخی تەندروستی تا رادەیەك گۆڕانکاری بەسەردا هات، بەڵام لە ئاستی خواست و پێداویستیەکانی خەڵکی نییە، بۆ نموونە لەساڵی ١٩٩١ تەنیا ١٢٨ بنکەی تەندروستی و ٢٠ نەخۆشخانەو ٩٠٠ پزیشك لەم هەرێمەدا هەبوون، ئێستاکە ژمارەکە بۆ زیاتر لە ٨٨٠ بنکەی تەندروستی و ٦٠ نەخۆشخانەو ٨هەزار پزیشك زیادی کردووە، بەڵام هێشتا ئەم گۆڕانکارییە وای نەکردووە ئاستی تەندروستی لەکوردستان بەپێی ستاندەری جیهانی بێت و بەشی پێداویستی ٥ ملیۆن و ٥٠٠ هەزار کەسی مەزندەکراوی دانیشتووانی کوردستان بکات.

بە مەبەستی دەرخستنی راستییەکان و وەڵامدانەوەی چەند پرسیارێکی لەم بوارەدا، گۆڤاری گوڵان، لەم راپۆرتەدا هەرسێ لایەنی (هاووڵاتیان، سەندیکای پزیشکان، وەزارەتی تەندروستی)بەسەر کردوە.



وەزیری تەندروستی:

**لە سەرەتای ساڵی٢٠١٢**
**دەست بە جێبەجێکردنی ڕیفۆرمی**
**تەندروستی دەکەین**



سەرۆکی سەندیکای پزیشکانی کوردستان  لقی هەولێر:

**قەرەباڵغی هەندێک نۆرینگەو**
**بردنە ژوورەوەی دوو سێ نەخۆش**
**بۆ ژووری دکتۆر لەیەک کاتدا**
**کارەساتێکی گەورەیە**



هاووڵاتییەک:

**نەشتەرگەریی و**
**داوودەرمان زۆر گرانن**



## ڕاوبۆچوونی ئێمە وەكو سەندیكای پزیشكان لەسەر عیادەی لاكۆڵانەكان ئەوەیە كە ١٠٠٪ دابخرێن




### چوونە لای پزیشك و كڕینی داوودەرمان پارەیەكی زۆری دەوێت

لەشـــەقامی پزیشـــكان لەهەولێر چەنـــد هاووڵاتیەك كە بۆ ســـەردانی پزیشـــك هاتبوون هێنامانە ئاخاوتن، حاجی ئەحمەد كـــە كچێكی خۆی بۆ چارەســـەری هێنابـــووە لای دكتۆرێك وتی((لەماوەی ئەم دوو ساڵەدا ئەرك و خەرجی نەخۆش گرانتر بووە، ئێســـتا جگە لەگرانی نرخی نۆرینگەكان، دەبێت جۆرەها پشكنینی وەكو سۆنارو تیشـــك و خوێن بۆ نەخۆشەكە بكەین و داوودەرمانەكانیـــش زۆر گرانن، ئەو برە دەرمانەی ئێســـتا كڕیومانە زیاتر لە ٧٠هەزار دیناری پێدراوە، سەرەڕای ئەوەی ئەو برە دەرمانەی بۆ كچە نەخۆشـــەكەم نووسراوە هەموویمان نەكڕیوە، ئەگەر بێتوو هەمـــوو دەرمانەكەمان بكڕیبایە پارەكەی دەبێـــكردە ١٥٠ هـــەزار دینار، بۆیە دەڵێم هاتنە لای پزیشـــك و پشكنین و داوودەرمانەكان برە پارەیەكی زۆری دەوێت)).

غوربەت محەممەدیش كە لە شـــاری ڕانیـــە هاتبووە هەولێر بەقســـەی خـــۆی چەندین نەشـــتەرگەری بێ ســـوودیان بۆ ئەنجام داوە بەمجۆرە بەســـەرهاتەكەی خـــۆی بۆ گێڕاینەوە: تووشی نەخۆشـــییەك بووم هاتم، ســـەردانی چەندین پزیشكم كرد بـــێ سوودبوو،پاشـــان پزیشـــكێكی ئافـــرەت پێی وتم نەخۆشـــییەكەت شـــێرپەنجەیەو پێویســـتت بە نەشـــتەرگەری هەیە، منیش لە خێزانێكی هەژارو كەمدەرامەتم، هەوڵمدا لە نەخۆشـــخانەی حكومی بۆم ئەنجام بدرێت، بەڵام بۆ ئەو مەبەســـتە دەبوایە نۆرە بگـــرم، بۆیە بـــە ناچـــاری بڕیارماندا كە نەشـــتەرگەریەكە لە نەخۆشخانەی ئەهلی بكەم و لە دوای ئەو نەشتەرگەریەش تەندروستیم هەر وەكو جاران خراپە، بۆیە چەندین جاری تر سەردانی هەمان پزیشكم كردۆتەوەو ئێستا دەڵێت شێرپەنجەت نییە، گەرچی تا ئێســـتا زیاتر لە ٤ هەزار دۆلارم خەرجكردووەو هیچ ســـوودم وەرنەگرتووەو لەم ڕۆژانـــەدا جارێكی تر هاتمەوە عیادەو پزیشكەكەم دەڵێت پێویســـتیت بە نەشتەرگەرییەكی تر دەبێت، پێویستە بە پەلەش ئەنجامی بدەیت و ئەم كارەش هەر لە نەخۆشخانەی تایبەت دەكرێت، من زۆر لەم پزیشكە پاڕامەوە كە ناتوانم لە نەخۆشـــخانەی تایبەت دیسانەوە نەشتەرگەری بكەم، چونكە پارەمان لە دەســـت نەماوە، سەرەڕای ئەمەش پزیشكە پێی لەســـەر ئەوە داگرتووە كە نەشتەرگەریەكەم لە نەخۆشخانەی ئەهلی بۆ بكات و ئەوەتا ئەمڕۆ ئەو برایەم لە ڕانیەوە هاتووە كە داوا لە پزیشكەكە بكەین نەشتەرگەریەكەم لە نەخۆشـــخانەی حكومی بۆ بكات، پاش پاڕانەوەیەكی زۆر هەر ڕازی نەبوو، هەر بۆیە لێرە ڕاوەستاوین و سەرمان ســـوڕماوە نازانین چی بكەین، ئەگەر چارەسەری خۆشم نەكەم بۆی هەیە ژیانم بەرەو دۆخێكی خراپتر بچێت.

### كێشەكانی تەندروستی بە ریفۆرم چارەسەر دەبێت

بۆ زیاتر بەدواداچوونی كێشەی تەندروستی و پرسیاری ئەوەی بۆچی تا ئێســـتا بیمە و چاودێری تەندروســـتی لە هەرێمی كوردستان بوونی نییە؛ سەردانی بەڕێز تاهیر هەورامی وەزیری

تەندروستیمان کرد و ئەویش لەوەڵامی ئەو پرسیارانەو چەندین پرسیاری تردا وتی:

ئێمە بۆ دانانی بیمەی تەندروستی لە بنەڕەتدا دوو پلانمان هەیە، یەکێك ئەو کۆنفرانسە بوو کە لە مانگی شوباتی ساڵی ٢٠١٠ سازکراو تێیدا توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی وردو زانستی ئەنجامدرا، ئەمەش هەر لەگەڵ سیستەمی عێراقدا دەبێت و هەر لەسەرەتاوە لە حکومەتی عێراقی فیدراڵیداو لە بودجەی سیادیی ٥٤ملیۆن دۆلار بۆ تازەکردنەوەی سیستەمی تەندروستی هەموو عێراق(ISPM)تەرخانکراوەو ئێمەش وەکو هەرێمی کوردستان بەشێکین لەم تازەکردنەوەیەداو ئەمەش نەخشە ڕێگایەکی بۆ دانراوەو بەشی یەکەمی ئەو نەخشە ڕێگایەش تەواوبووەو بەشی دووەمی کە دەستکردنە بە گۆڕینی سیستەمەکە، لەسەرەتای ساڵی ٢٠١٢ دەست پێ دەکات. ڕیفۆڕمی تەندروستی هەرێمی کوردستان لەگەڵ عێراقدایەو لە ٢٠١٢/١/١ بە فاملی مێدیسن دەست پێ دەکات تا دەگاتە بیمەی تەندروستی کە دەبێت لە هەموو عێراق بێتەدی، بێگومان بە هاتنەدی بیمەو چاودێری تەندروستی زۆر لە کێشەکانمان لەبواری تەندروستیدا بە تایبەتی

## تا ئێستا لە هەوڵەکانمان بۆ هێنانی پزیشك چ لە بەنگلادیش چ هیندستان چ لە میسر بۆ هەرێمی کوردستان سەرکەوتوو نەبووین

لەڕووی چارەسەری نەخۆش و گرانی و قورسی داوودەرمانەوەو تێچوونی بەرزی نەشتەرگەری لەسەر نەخۆش کۆتایی پێ دێت.

### گرانی نرخەکانی چارەسەرکردن

سەبارەت بە گرانی و بەرزی نرخی نەشتەرگەرییەکان و داودەرمان و سۆنارو تیشك کە لەلایەن هاووڵاتیانەوە گلەییەکی زۆری لەسەرە، وەزیری تەندروستی وتی: ئێمە هەموو جۆرە نەشتەرگەری و پشکنین و داودەرمانێکمان لە نەخۆشخانەکان هەیەو نرخەکانیشیان ڕەمزییە لەچاو نەخۆشخانەکانی ئەهلی و نۆرینگە تایبەتەکان و دەرمانخانەکانی کەرتی تایبەت، ئێمە لە نەخۆشخانەکانی حکومی کێبڕکێی نەخۆشخانەکانی کەرتی تایبەت دەکەین و بنکەی تەندروستی و نەخۆشخانەمان هەیە ٢٤ کاتژمێر ئیش دەکەن و بنکەی تەندروستی میللیمان هەیە کە ئەمساڵ بودجەی زیاتری بۆ دانراوەو پلانیشمان هەیە لەسەرەتای ساڵی داهاتوو نۆرینگەی ڕاوێژکاریی لە هەموو عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە دابنێین و ئێستا لە شاری سلێمانی نۆرینگەی ڕاوێژکاریی هەیە و پزیشکی تایبەت و پسپۆڕ و خاوەن ئەزموون کاری تێدا دەکەن و لەم نۆرینگانەدا خەڵکی کەمدەرامەت سوودیان لێوەردەگرن.

سەبارەت بەوەی کە هەندێ پزیشك هەیە ڕۆژانە زیاتر لە ٤٠ نەخۆش دەبینن و ئەو پزیشکەش هەمان ئەو کەسەیە کە لە نەخۆشخانە حکومییەکان کار دەکەن، بۆچی تا ئێستا ئەو پزیشکانەی لە حکومەت کار دەکەن جیانەکراونەتەوە لەوانەی نۆرینگەی تایبەتیان هەیە یا لە کەرتی تایبەت کار دەکەن وەزیری تەندروستی وتی: ئێمە بە نیازین ئەوانەی لە نەخۆشخانەکانی حکومی کار دەکەن لەوانەی نۆرینگەیان هەیە جیابکرێنەوەو بۆ ئەو مەبەستەش پلانێکمان هەیە کە لە ساڵی ٢٠١٢ دەستی پێ دەکەین، ئەوانەی کە خوێندنی باڵا تەواو دەکەن دەبێت بەڵێننامەیەکمان پێ بدەن کە بۆ ماوەی سێ ساڵ لە نۆرینگە ڕاوێژکارییەکانی ئێمە کار بکەن و پاش ئەو سێ ساڵە ئەگەر ویستیان لە دەرەوەی سیستەمی ئێمە کار بکەن، ئەوە پشتگیریان دەکەین.

### ئامێری پێشکەوتوومان نییە تا کۆنترۆڵی کوالێتی دەرمان بکەین

سەبارەت بە کوالێتی داودەرمان وەکو لای هەموو لایەکمان ئاشکرایە کە ئێمە لە کوردستان ئامێرو دەزگای پێشکەوتوومان نییە کە بتوانین بەتەواوی کۆنترۆڵی جۆری دەرمان بکەین و ئەو هەموو جۆرە دەرمانە خراپە چۆن دێت و چۆن هەوڵدراوە کۆنترۆڵ بکرێت، وەزیری تەندروستی وتی: ئێمە وەکو وەزارەتی تەندروستی دوو سەرچاوەی دابینکردن و هاتنی دەرمانمان هەیە، یەکێك لە سەرچاوەکان ئەوەیە کە دەرمان لە بەغداوە بۆ هەرێمی کوردستان دێت کە لە ١٧٪ ی عێراقە و ئەم جۆرە دەرمانانە باشن و بەکۆنترۆڵی جۆریی حکومەتی عێراقیدا ڕۆیشتووە، سەرچاوەی دووەمی دەرمانی ئێمە ئەوەیە کە خۆمان هەڵدەستین بە کڕینی دەرمانی باش لە بازاڕ، بەڵام هەندێ لەو داوودەرمانانەی کە لە بازاڕ و دەرمانخانەکانن باش نییەو هەندێکیان ماوە بەسەرچوون، ئەوە دوو سەرچاوەی هەیە، یەکێکیان ئەوەیە کە لە ڕێگای قاچاغەوە دەگاتە عێراق و هەرێمیش لێی بەدەر نییەو سەرچاوەی دووەم ئەو دەرمانەی نافرۆشرێت و دەمێنێتەوەو لە پاشان ماوەی بەسەر دەچێت و خاوەنەکانیشیان فڕێی نادەن، بەڵام لەو کاتەدا دەبێت کابرا خۆی ویژدانی هەبێت و بە نەخۆشی نەفرۆشێت. بۆیە لێرەدا داواکارین لە هاووڵاتییان کە هاوکاری ئێمەو لایەنی بەرپرس بکەن و لە هەر شوێنێك دەرمانی ماوە بەسەرچوویان بینی ئاگادارمان بکەنەوە. هاوکات بوونی نۆرینگەی بێ مۆڵەت و لاکۆڵانەکانیش سەرچاوەی دەرمانی خراپ و ماوە بەسەرچوون و بۆ ئەمانەش داوامان لە وەزارەتی ناوخۆو سەندیکای دەرمانسازان کردووە کە هاوکارمان بن لە لابردنی دوکانی لا کۆڵانی دەرمانفرۆشتن و دەستبەسەرداگرتنی دەرمانی ماوە بەسەرچوو کە لە بەرژەوەندی

## لەسەری ساڵی نوێوە ئەو پزیشکانەی لەنەخۆشخانەی حکومی کار دەکەن، لەو پزیشکانەیان جیا دەکەینەوە کە نۆرینگەیان هەیە

هەموو لایەکماندایە.

### بوونی جۆرێك لە تێنەگەیشتن لەنێوان سەندیکا و وەزارەتدا

سەبارەت بە پێوەندی نێوان سەندیکای پزیشکانی کوردستان و وەزارەت کە هەندێ جار کێشەو گرفت لەنێوانیان دروست دەبێت یا تێکەڵییەك لە کارەکان هەیە، وەزیری تەندروستی وتی: ئەو کێشانەی کە هەندێ جار دێتە پێشمان، ئەوە ئێمە بەکێشەو گرفتی نازانین، بۆی هەیە جۆرە تێنەگەیشتنێك لەلایەن سەندیکای پزیشکانی کوردستان هەبێت، بەڵام بەپێی یاسایی وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئێمە بۆمان هەیە لەهەموو کارو ئیشێکی پزیشکی و تەندروستی هەرێمی کوردستان تەدەخول بکەین و ئێمە مۆنیتەری ئیشی سەندیکاش دەکەین، بەڵام بۆ ساخکردنەوەی هەموو ئەو ئیشانە ئێستا ئێمە خەریکی دامەزراندنی ئەنجومەنێکی پزیشکی کوردستانین بۆ ئەوەی هەموو ئەو کەس و کارمەندو لایەنانەی لە بواری پزیشکی کار دەکەن و خەڵکیش کە نوێنەرایەتی نەخۆش بکات لەم ئەنجومەنەدا هەبن بۆ سەرپەرشتی و بەدواداچوونی هەموو بوارەکانی پزیشکی لە کوردستاندا.

### هانی هاتنی پزیشکی بیانی دەدەین

سەبارەت بەو سەنتەرو نەخۆشخانە ئەهلیانەی کە پزیشکی بیانی دەهێنن و ئەوانەش نرخیان گرانەو هەندێ حاڵەتی نەشتەرگەریش دەرکەوتووە کە هەڵەی پزیشکی تێدا ڕوویداوەو سەرکەوتوو نەبووە، چۆن دەتوانرێت ئەو پزیشکە بیانیانە و ئەو حاڵەتانە کۆنترۆڵ بکرێن دکتۆر تاهیر هەورامی وەزیری تەندروستی وتی: ئێمە لە کوردستان هانی ئەوە دەدەین کە پزیشکی بیانی ئەو پسپۆڕایاتییەی کە لە کوردستان نیمانە یا کەمە بێنە هەرێمی کوردستان، ئەمەش بۆ هاوکاری نەخۆش و هاووڵاتیانە، چونکە لە کاتێکدا نەخۆشێك بۆ چارەسەر دەچێتە دەرەوەی وڵات ئەوە خەرجی زۆری دەوێت، هەروەها ڕێنمایی تایبەتیش بۆ

## ئەو پزیشکانەی بۆ ماوەیەك هاتوونەتە هەرێم ئەوە دەبێت لە ژێرچاودێری پزیشکی پسپۆڕی خۆمان بن

## ڕیفۆرمی تەندروستی هەرێمی کوردستان لەگەڵ عێراقدایە لە ٢٠١٢/١/١ بە فاملی میدیسن دەست پێ دەکات تا دەگاتە بیمەی تەندروستی

هاتنی پزیشــکی بیانی دیاریکــراوە دەبێت هەر پزیشــکێك کە دێت بۆ هەرێمی کوردســتان ســێ مانگ پێش هاتنەکەی ســیڤی خۆی بۆ وەزارەتی تەندروستی بنێرێت و ئێمەش بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵاو سەندیکای پزیشکانی کوردستانی دەنێرین بۆ هەڵســەنگاندن و وردبوونەوە لەسەری، ئەگەر ســیڤی و بڕوانامەکە هەڵسەنگاندنەکەی بۆکراو پەســەند بوو ئەوە نەخۆش ١٠٠دۆلاریش بەو پزیشــکە بیانیيە بدات هەر هەرزانە، هەڵەی پزیشــکی ئەوە بەپێی یاســا مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و دەبێت لیژنەیەکی پزیشــکی پســپۆڕ بڕیــار بدات کە ئەمە هەڵەی پزیشــکییە، بەڵام موزاعەفات لە نەخــۆش ڕوودەدات و لێرەدا ئەوە گوناهی پزیشــك نییە، چونکە کاری پزیشــك چاودێری و سەرپەرشــتی کردنی نەخۆشە نەك چاککردنەوەی لە ١٠٠٪.

### پزیشکی نەخۆشییەکانی ئافرەتان کەمە

ســەبارەت بــە نەبوونی پزیشــکی ئافرەت و نەبوونی نەخۆشــخانەی قەرەوێڵەیی لە قەزاکانی هەرێمی کوردســتان وەزیری تەندروســتی وتی: لەبارەی نەبوونی پزیشکی پسپۆڕی ئافرەت، ئێمە ئێستاکە ڕەزامەندی هێنانی کۆمەڵێك پزیشکمان لــە وڵاتانــی دەرەوە هەیە، بەڵام تا ئێســتا لە هەوڵەکانمان بۆ هێنانی پزیشك چ لە بەنگلادیش چ هیندســتان چ لەمیسر بۆ هەرێمی کوردستان ســەرکەوتوو نەبووین، لەبەرئەوەی ناســنامەی هەرێمی کوردســتان لە دەرەوە هەر بە ناسنامەی عێراقەوەیــە و لە عێراقیش ئاســایش لەبار نییە، بۆیە پزیشکی هیچ وڵاتێك بۆ کوردستان نایەت، لەلایەکی ترەوە خۆی پزیشکی ئافرەت لە کوردستان زۆر کەمــە، لەبەر ئەوەی هەمــوو قوتابییەك بە نمرە لە کۆلیژ وەردەگیرێت، لەمبارەشــەوە ڕێژەی کوڕ لە کــچ زۆر زیاتر لە کۆلیژی پزیشــکی وەردەگیرێن و ئەو کچانەی وەریشــدەگیرێن زیاتر لە پسپۆڕایەتی گشتی و پێست و سۆنار و تیشك و . تاد. کار دەکەن لەوەی بێن لە پســپۆڕایەتی ئافرەتان یــا لە نەشــتەرگەری کار بکەن، هەر بۆیە نەمانتوانیوە ئەو بوارە لە قەزاکان چارەســەر بکەین، هەروەها ڕاگەیاندنەکانیش ڕۆڵی خراپیان لەبەرانبەر پزیشــکان دیتووە بەتایبەتی لە بواری نەشــتەرگەری باســی چەندین لایەن و هەڵەی پزیشــکی یا موزاعەفات خرایــەڕوو کە وایکرد پزیشك بەتایبەتی پزیشکی ئافرەت لەنەشتەرگەری بترســێن و دووربکەونەوە، بەڵام بۆ نەخۆشخانەی قەرەوێڵەیی هەر شوێنێك ژمارەی دانیشتووانەکەی لە ١٠هەزار کەس زیاتر بێت ئینجا پێویســتی بە نەخۆشــخانەی قەرەوێڵەیی هەیە، بەڵام ئێســتا ئێمە سیســتەمێکی ترمان داناوە کە ئەو کێشەیە چارەسەر دەکات، ئەویش سیستەمی (EMS)ی پێ دەوترێت، واتە فریاگوزارییەکی تەندروســتی خێرایە بۆ ئەو مەبەستەش ئۆتۆمبێلی فریاکەوتن لە زۆربەی شوێنەکان دادەنێین کەئامێرو پێداویستی پزیشکی گونجاوو باشی تێدایە لەگەڵ کارمەندی تەندروستی ڕاهێنراوو شوفێری ئۆتۆمبێلەکانیش لەرووی کاری فریاکەوتنی سەرەتایی خوولی بۆ کراوەتەوەو ڕاهێنراوە ئەمەش لە کۆتایی مانگی ســێی ساڵی ٢٠١٢ تەواو دەبێت، خەڵك ئەو کاتە دەتوانێت تەلیفۆن بــۆ ١٢٢ یا ١١١بکات و لەو کاتــەدا تیمەکان بەفریــای هاووڵاتیان دەکەون و لەشــاری ســلێمانی تەنیا لەماوەی ٧ خولەك و کەمتریشدا دەگەنە شوێنی مەبەست.

### ڕێگا نادەین دەستێوەردانی سیاسی لەناو کاروباری تەندروستیدا بکرێت

سەبارەت بەوەی کەسێك یا بەرپرسێك دەتوانێت دەســت لە کاری پزیشــکی وەربــدات وەزیری تەندروســتی وتی: ئێمە لە بنەڕەتــدا لە کاری پزیشکیدا دیکتاتۆریەتمان هەیە، بۆیە هیچ کەسێك ناتوانێت دەســت لەکارو ئیشمان وەربدات و کاری پزیشك وەکو کاری سەربازی وایە، بەڵکو پزیشك دەبێت کاری پزیشــکی بکات و ئێمە پێوەندیمان بە کارو لێپرساوی سیاسی نییەو ڕێگاش نادەین بە هیچ جۆرێك دەســتێوەردانی سیاســی لەناو کاروباری تەندروستی دا بکرێت.

### نابێ بێڕێزی بە نەخۆش بکرێت. تا هەندێك لە پزیشکەکان ئەو هەموو نەخۆشە لە ڕۆژێکدا یا دوو سێ نەخۆش لەیەك کاتدا بباتە ژوورەوەو بیانپشکنێت

### نرخی نۆرینگەی پزیشکە بیانییەکان بەرزن

هەر بۆ زیاتر ئاگاداربوون لە کێشــەو گرفتی نۆرینە گــە تایبەتیەکانــی پزیشــکان و نرخ و گرانی پشــکنین وداودەرمان و زۆری داودەرمان نووســین و نــۆرەی نەخۆشــێکی زۆر لە لای هەندێ لە پزیشــکان و عیــادەی لاکۆڵانەکان و چەند پرســێکی تر دکتۆر کامەران ڕەسول قادر سەرۆکی ســەندیکای پزیشکانی کوردستان لقی هەولێر وتی: ئێمە نرخمان بۆ نۆرینگەی پزیشکان داناوە، نرخەکان لە ئاستێکی مەعقوڵدایە، نرخی چوونە لای دکتۆر لە کوردستان لە هەموو شتێك هەرزانترە، بەپێی ئەو بارودۆخەی لە کوردستاندا هەیــە، هەر بۆ نموونە نرخی فیتەرو کرێی خانوو و خواردەمەنی و . . .تاد بەیەکجار بەرزن، هەروەها نرخی نۆرینگەی پزیشــك بە بــەراورد بەهەموو وڵاتانــی دنیا بەتایبەتی بە وڵاتانی ئەورووپا زۆر هەرزانــەو مووچەو هەقی پزیشــك لە وڵاتانی ئەورووپــا بۆ نموونە لە وڵاتێکــی وەکو بەریتانیا لەمووچەی ســەرۆك وەزیران زیاتــرە، بەڵام لەو وڵاتانەدا بیمەو چاودێری پزیشکی هەیەو ئەگەر بیمــەی تەندروســتی نەبێت کەس لــەو وڵاتانە ناتوانێت لە لای پزیشــکی تایبەت چارەســەری خــۆی بــکات، ئەگــەر پارەیەکی زۆریشــت کۆبکردبوایەوە، هەر نەتدەتوانی نەشــتەرگەری ڕیخۆڵەکوێرەکیش بکەیت، بەڵام لەلای خۆمان ئاوا نییەو ســەرەڕای گرانی بازاڕیش هێشــتا ئامادەیمان هەیە بەو نرخەی داناوە پشــکنین و چارەسەری نەخۆش بکەین بۆ ئەوەی بەشداربین لە خزمەتکردنی میللەتەکەمــان، هەروەها لەبەر نەبوونی بیمەو چاودێری پزیشکی دەبێت ئێمەی پزیشــکان هاوکاری و یارمەتی نەخۆش بدەین، هەرچەندە پێویســتە حکومەتی هەرێم و لایەنی پێوەندیدار بیر لە سیســتەمێکی گونجاوترو دانانی بیمەو چاودێری تەندروســتی بکەنەوە بۆ ئەوەی هــاوکاری تــەواوی نەخۆش بکرێت و ئاســتی بژێوی پزیشــکانیش لەبەرچاو بگیرێت و باشترو بەرزتــر بکرێتەوە، هەروەها لە کاتێکدا کە بیمەی تەندروستی هەبێت ئەوە پزیشکیش هەقی خۆیانە زیاتر وەربگرن بە قــەدەر ئەوەی کە خوێندویەتی و هیچی لــە ئەندام پەرلەمانێــك کەمتر نییەو پێویســتە وەك ئەوان موچەیان بۆ دابین بکرێت. بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو پزیشــکە بیانیانەی دێنە کوردستان دوو شتمان هەیە، یەکەمیان ئەوەیە ئەو پزیشــکانەی کە لە هەرێمی کوردستان دەمێننەوە ئەوە دەبێــت بڕوانامەکانیان لــە خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانســتی هەرێم یەکسان و پشتراست بکەنــەوە، دووەمیان بۆ ئەو پزیشــکانەی کە بۆ ماوەیەك هاتوون و لە هەرێم نامێننەوە ئەوە دەبێت لە ژێرچاودێری پزیشــکێکی پســپۆڕی خۆمان دابن و لەوکاتەی ئەو پزیشــکە هەر چارەســەرو نەشــتەرگەرییەکی ئەنجامدا تێیدا ســەرکەوتوو نەبوو، ئەوە پزیشکەکەی خۆمان و نەخۆشخانەکەی کاری لــێ دەکات لێی بەرپرســیارە، هەروەها لە هاتنی هەر پزیشــکێك بۆ ناو هەرێم دەبێت پرس بە ســەندیکا بکەن، ئەگەر لە کاتێکدا لە هاتنی

### لە ڕاگەیاندنەکانەوە باسی چەندین لایەن و هەڵەی پزیشکی یا موزاعەفات خرایەڕوو ئەمە وایکرد پزیشك و بەتایبەتی پزیشکی ئافرەت لەنەشتەرگەری بترسێن و دووربکەونەوە

پزیشکێك پرس بە ئێمە نەکرێت ئەوە هاتن و کاری پزیشکەکە قاچاخە دوور لە ڕێنمایی و یاسایە. لە کاتێکــدا ئەو حاڵەتانەی بە قاچەخ دەردەکەون ئەوە ڕووبەڕووی دادگا و یاسا دەبنەوە تا ئێستا حاڵەتی نایاســایی لە هەرێمی کوردستان ڕووی نەداوە، بەڵام ئێمەش ئەو نرخانەی کە پزیشکەکانی بیانی وەریدەگرن پێمان زۆرەو هاووڵاتیانی خۆمان بەداخەوە بە ئاسانی پارەیەکی زۆر بە پزیشکانی بیانی دەدات، گەرچی بە پێچەوانەوە بە زەحمەت پارە بە پزیشــکانی خۆمان دەدات، کەچی نرخی نۆرینگەی پزیشــکانی ئێمە چەنــد بەرانبەر لە نرخی بیانییەکان کەمترە، ئەو جیاوازییەی کە لە نێوان پزیشــکی خۆمان و بیانیی باس دەکرێت و پزیشکی بیانیی بە باشتر دادەنرێت زۆر دوورە لە ڕاستی و کارەکە بەم شێوەیە نییە، بەڵکو هەندێ پزیشکی بیانی هەیە زۆر ناشارەزایەو ئەزموونی نییــە، بــەڵام خەڵکــی خۆمــان فەقیرحاڵن و وافێرکراون کە پزیشکی بیانی لە پزیشکی وڵاتی خۆمان باشــترە، هەر بۆ نموونــە نەخۆش هەیە هاتۆتە لای من لە پاشــان باوەڕی بە پشــکنین و داودەرمانەکانــی من نەهێنــاوە چۆتە ئێران لە وێ ڕاجێتەکــەی منی پیشــانداوەو پێیان وتووە هەر ئەو داودەرمانانە چارەسەری تۆیە. لەلایەکی تــرەوە هەندێ جار و حاڵــەت هەیە گوناهەکەی بۆ نەخــۆش و خەڵکەکە دەگەڕێتەوە، ئەوەش لەو کاتانەدا کە پزیشك تووشی هەڵەیەکی تەندروستی دەبێت یا دەرمان بە هەڵە دەداتە نەخۆشــێك ئەوە نەخۆشــەکە یا خزم و کەســی نایەن لە سەندیکا سکاڵا لەسەر ئەو پزیشکە تۆمار بکەن و هەندێ هەڵەی پزیشــکی هەیە دەبێتە هۆی مردن، لەو کاتەدا هەڵەکە زۆر گەورەیە و پێویست بەوە دەکات بەدواداچوونی جدی لەسەر هەڵەی پزیشکییەکەو لێپێچینەوەش لەگەڵ پزیشکەکە بکرێت، ئێمە وەکو سەندیکای پزیشکان گەرلە هەر پزیشکێك هەڵەی پزیشــکی ڕوویدابێت ئەوە لیژنەی پسپۆڕمان لە بوارە پزیشکییەکە پێکهێناوە، بۆ زانین و دەرخستنی ئاستی زانســتی پزیشــکەکە، ئەگەر دەرکەوت هەڵەی پزیشــکییەکە هەیە، ئــەوە لێپێچینەوەمان لەگەڵ پزیشــکەکە کردووەو چەندین نۆرینگەی پزیشکیشمان هەر لەسەر ئەم حاڵەتانە داخستووە. هەروەها بۆ باشتر کارکردنی پزیشك پێویستە ئەو پزیشکەی لە نەخۆشخانە کار دەکات مووچەکەی زۆر باش بکرێت هەروەکو ئەنــدام پەرلەمانێك و دادوەرێك بێت بۆ ئەوانــەی نۆرینگەی نەبێت و ئەوەی نۆرینگەشی هەبێت ئەوە لە نەخۆشخانەکان نابێت کار بکات واتە پزیشــکی نەخۆشخانەکان جیا بکرێنەوە لەوانەی نۆرینگەیان هەیە لەوکاتەدا پزیشــك زۆر بە جوانی و باشتر کار دەکات و ئەو حاڵەتەش ڕوونادات کە خەڵك دەڵێن لە کاتی چوونە نەخۆشخانەکان ئەوە پزیشکەکان پێمان دەڵێن ئێوارە وەرە عیادەکەمان، هەرچەندە ئەو حاڵەتانە کەشف نەبووەو تەنیا بە قســە دەیبیســتینەوە و لە هەر کاتێك ئــەو حاڵەتە هەبێت ئەوە دوور لە ڕێنمایی سەندیکای پزیشکانی هەرێمی کوردستانە. بەڵام تا برایم ســێکتەر و پۆلی سێکتەر لە یەکتر جیا نەکرێنەوە ئــەوە ڕەنگە ئــەو حاڵەتانە ڕووبدات، چونکە پزیشك ڕۆژانە پێیەکی لە نەخۆشخانەیەو پێیەکیشــی لە نۆرینگەکەیەتــی، ئەگەر بێت و ئەو پزیشــکە میلاك بێت دەنا هەر کێشەمان لەم لایەنەوە بۆ دروست دەبێت.

لەبــارەی پاکوخاوێنی نۆرینگــەکان لەلایەن سەندیکای پزیشــکان چەندین ڕێنمایی و مەرج دانــراوەو هەر بەهۆی ئەو مــەرج و ڕێنماییانەوە ئێســتاکە زۆربەی نۆرینگەکانی پزیشــکان زۆر پاکوخاوێــن و ســەردەمیانەن و جیاوازییەکــی باش لەگەڵ ٤ســاڵ پێش ئێســتاکە هەیە. بەڵام نۆرینگــەش هەیە بەپێی مــەرج و ڕێنماییەکان نییە.

لەلایەکی ترەوە بۆ چارەســەرکردنی کێشەکان و ڕێکخســتنی کارەکانمــان لەگــەڵ وەزارەتی تەندروستی بەگشــتی و بە هەماهەنگی پێکەوە کار دەکەین و پەیوەندی نێوانمان باشە، گەرچی لە هەندێ کاردا ئەوان دەست دەخەنە ناو کارەکانمان و هەنــدێ جاریــش ئێمە لــە هەنــدێ کاردا دەســت دەخەینە ناو کارەکانی وەزارەت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ناڕوونی لە هەندێ ئیشــوکارداو ئەو دەســت تێوەردانانەش هەندێ کێشەو گرفت لە نێوانمان دروست دەکات.

هەروەهــا ئــەو پزیشــکانەی خەڵکێکــی زۆر نۆریــان بــۆ دەگرێت و دوو یان سێ نەخۆش بەیەکەوە دەبنە ژوورەوە ئەوە دوورە لە ڕێنمایی پزیشــکی و تەندروستیی و نازانین ئەو پزیشکانە چۆن دەتوانن ئەو هەموو نەخۆشــە لە ڕۆژێکدا یا لە چەند کاتژمێرێکدا بپشکنێت، یا دوو و سێ نەخۆش بەیەکەوە دەبنە ژووری پشکنین، خۆ نەخۆشیش مرۆڤە و مافی هەیــە بۆیە ماقــوڵ نییە بەمجــۆرە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. بۆیە لێرەدا داوا دەکەین و پێویستە ئەو پزیشــکانە ڕۆژانە نۆرە بۆ ئەو هەموو کەسە دانەنێــن و تاك تاك نەخۆشــیش ببەنە ژوورەوە، چونکــە نەخۆش هەیە شــەرم دەکات یا نایەوێت جگە لە پزیشك کەسی تر بە نەخۆشیەکەی بزانێت و لە ڕووی دەروونیشــەوە گونجاو نییە پشکنین بەمجۆرە ئەنجام بدرێت. لەلایەکی ترەوە قەرەباڵغی عیادەکان بەو جۆرەی هەیەو چوونە ژوورەوەی دوو کەس و ســێ کەس بەیەکجارو لە یەك کاتدا ئەوە کارەســاتێکی گەورەیە، ئەو حاڵەتانە لە هەموو دنیاو لە سیستەمی تەندروستی و پزیشکیدا نییە، بەڵام لــە لای خۆمان ئــەو حاڵەتانە بۆ هەڵپەو نۆرەبری خەڵکەکەو دابونەریت و کەلتوورو چەندین لایەنی تر دەگەڕێنەوە.

هەروەها ڕاوبۆچوونی ئێمە وەکو ســەندیکای پزیشــکان لەســەر عیادەی لاکۆڵانەکان ئەوەیە کە لە ١٠٠٪ دابخرێــن، چونکە ئەوانە زۆربەیان مومارەسەی کاری پزیشکی دەکەن و داوودەرمانیش دەفرۆشن کە ئەمەش لە دەرەوەی هەموو ڕێنمایی و یاســاکانەدایە. بەڵکو کاری ئــەو یاریدەدەری پزیشکانە فریاگوزاری ســەرتایی و برینپێچی و دەرزی لێدانــەو ئــەم کارانەش پاش وەرگرتنی مۆڵەتی فەرمی ئەنجام دەدرێت، نەك وەکو ئەوانەی ئێستاکە هەیە کە زۆربەیان بەبێ ئاگاداری لایەنــی پەیوەندیدار کراونەتەوەو دوورن لە ڕێنمایی کارکردنەوە.

